

یەکێتیی نەتەوەیی و قۆناغەکانی
ل6

# ئاڵای ئازادی

www.estanews.com | هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (939) چوارشەممە 2012/2/22



دەبێت ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەتمان هەبێت
5



داوای بەشداریکردنی ژنان دەکرێت لە کابینەی نوێدا
7



ڕێژەی خوێنەرانی کتێب لە هەندێک قەزا و ناحیەدا 1% کەمترە
11



باشترین (10) یاریزان لەمێژووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیای خاوەن (4) جامی جیهانی
15

لیوا هەڵۆ نەجات:

## حکومەتی عێراق داوا دەکات هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک لەژێر فەرمانی فیرقەی( 12 )دا بێت

**لیوا هەڵۆ (نەجات هەمزە) بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوک، لەدیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئاڵای ئازادی باس لە ڕەوشی ئەمنی ئێستا و دوو هێزی ئاسایشی کوردی لەکەرکوک دەکات و رایدەگەیەنێت نووسراوێکی حکومەتی عێراقی داوای کردووە هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک لەژێر فەرمانی فیرقەی 12 دا بێت.**

لە 3-1-2012 نووسراوێک هاتووە بەڵام وردەکاریەکانی تەواوم لانییە وبڕیارە لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی پارێزگا باسی بکەین و هەر بڕیارێک لەگەڵ واقعی کار کردن لەشاری کەرکوک نە گونجێت بێگومان شکست دەهێنێت وئەم نووسراوە زیاتر پەیوەندی بەپۆلیس هەیە.

سەبارەت بە ڕەوشی ئەمنی کەرکوک لەم دیمانەیەدا لیوا هەڵۆ ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێ" بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو وپارێزگاکانی خواروی عێراق باشە، بەڵام هەندێک کات بەهۆی تەقینەوەوکردەوەی تیرۆریستی بچووک بارودۆخەکە تێک دەچێت کە ئەویش هۆکاری تایبەتی هەیە وەک بوونی شارۆچکەکانی حەویجەو ریازو رەشاد لەنزیک کەرکوک کە بوونەتە مۆڵگەی تیرۆریستان وهاتنی بە لێشاوی عەرەبی دیالە بۆ کەرکوک"....ل4



ئەحمەد تورک :

## کورد 50 ساڵە بەهاری کوردی راگەیاندووە

هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) رایگەیاند، 100 ساڵە کورد لە باکووری کوردستاندا دەچەوسێنرێتەوە و 50 ساڵیشە بەهاری کوردی راگەیاندووە.

(ئەحمەد تورک) هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) کە ئێستا بە یاوەری شاندێک لە هەرێمی کوردستانە، ئاماژەی بەوە داوە، گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خوازیاری ژیانی ئازادە و بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە مافی خۆی، 50 ساڵە بەهاری کوردی دەستپێکردووە. هاوکات ئەوەشی گوت کە گەلی کورد دوژمنی عەرەب و فارس نییە، بەڵام مافی خۆی دەوێت و بە پێویستیشی دەزانێت برایەتی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتەوتر بکات. (ئەحمەد تورک) جەختیشی لەوە کردەوە کە بە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆشحاڵە و دەبێت کوردیش خۆی بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە بکات

## قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی دەستی رژێم دەکەوێتە ساڵی داهاتووەوە

ئەندامێکی لیژنەی باڵای مادەی 140 رایدەگەیەنێت کە لەبودجەی ئەمساڵدا قەرەبووی زیانلێکەوتوانی دەستی رژێمی بەعس دانەنراوە، بۆیە دەکەوێتە ساڵی داهاتووەوە. محەمەد ئیحسان ئەندامی لیژنەی باڵای مادەی 140 لە لێدوانێکدا هۆکاری دواکەوتنی ئەو قەرەبووە بۆ ساڵی داهاتوو دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم ساڵدا ئامادەکاری تەواو بۆ مامەڵەی زیانلێکەوتووان نەکراوە، دەستکاری هەندێک لە رێنماییەکانیش کراوە، بۆیە ناتوانن داوای بودجەی تایبەت بکەن بۆیە ئەو قەرەبووە دەکەوێتە ساڵی داهاتوو. ئیحسان ئاماژەی بەوە کردوە، قەرەبووکردنەوەی هەموو زیان لێکەوتووان نزیکەی دووملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلار خەمڵێندراوە.

سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێر:

## لەهەولێر 30 هەزار بازرگان هەیە

لەدیمانەیەکدا لەگەڵ ئاڵای ئازادی سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێر دەڵێت: لەئێستادا لەهەولێر 30 هەزار بازرگانمان هەیەو ئەو ژمارەیەش زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتان، بۆیە داوادەکات پشتگیری کەرتی تایبەت بکرێت. سەرۆکی ژووری بازرگانی ئەو قسانەش رەتدەکاتەوە کە دەڵێن بەرپرسانی ژووری بازرگانی لەهەولێر خۆیان قۆرخی بازاڕیان کردووەو لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان رێکدەکەون و کاری بازرگانی دەکەن.

ئێمە هەمووجار ئەوەمان گوتووە کە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا نزیکە 12 ملیۆن کەسن، بەڵام 800 هەزار کۆمپانیایان هەیە، ئەوەی ئێمەش لە هەرێمی کوردستان بەکۆمپانیاو بازرگانەکانەوە تائێستا ژمارەی هەموویان نەگەیشتۆتە 100 هەزار کەس، ئینجا ئەگەر کەرتی تایبەت ئیش و کار وەربگرێ ئاساییە، چونکە ئێستاش رێژەی بازرگان و کۆمپانیاکان زۆر کەمە، ئێمە پێشتر فێربووینە وڵات ئیش و کارەکان بسوڕێنی، بەڵام ئێستا وڵات کاروباری بازرگانی داوەتەوە کەرتی تایبەت، بۆیە ئەو کەرتەش پێویستی بەپشتگیری هەیە و هیوادارین دوو ئەوەندە زیادبکرێت. ..بۆ ل4

## لەهەولێر بەشکۆوە یادی 66 ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان کرایەوە




بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم و نوێنەری پارت و لایەنە سیاسەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، 19_20_2_2012 لە مەراسیمێکدا یادکردنەوەی شەست و شەشەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو کەتیایدا وێڕای وتاری سەرۆکی هەرێم چەندین وتاری دیکە لەلایەن حزب و لایەنە بەشداربووەکان لە مەراسیمەکە خوێندرایەوەو ئەمەی خوارەوەش پوختەیەکە لەو وتارانەی کەلە مەراسیمەکەدا پێشکەش کران.

(مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوتارێکدا گوتی: (ئێمە قۆناغی شەڕوشۆڕمان بەسەرکەوتوویی دەرباز کرد، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی خەبات زیانی زۆرمان بەرکەوت و خوێنی ئێمەو دۆستانمان لەنەتەوەکانی دیکە رژا، بەڵام ئیسپاتبوونی خۆمانمان کرد، هەروەها ناسنامەی خۆشمان پاراست، ئێستای کاتی ئەوەهاتووە بڕیار لەسەر مافی خۆمان بدەین و پێویستە ئەو ئەزموونە بپارێزین، چونکە ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، ئەوە سەلماوە کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە نەک کێشەیەکی دیکە، بۆیە دەکرێت ئەو کێشانەی هەمانە بەدیالۆگ چارە بکرێن نەک بەتوندو تیژی، لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا سەرۆکی هەرێم ئاماژەیدا "هەرچی دوژمنان هەوڵیاندا ئیرادەی گەل لاواز بکەن و دەست بخەنە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازییەوە نەیانتوانی، ئێستا تەباین و ئەو سەردەمە رۆیشت کەس بیر لەوە بکاتەوە خوێنی کورد بەدەستی کورد بڕژێت".

دواتر وتاری (جەلال تاڵەبانی) سەرۆککۆماری عێراق، لەلایەن (نەوزاد هادیەوە) خوێندرایەوە، وێڕای پیرۆز راگرتنی یادی کۆماری کوردستان وتاری سەرۆککۆماری عێراق جەختی لەسەر پتەوکردنی رێزەکانو یەکڕیزی نێوماڵی کورد کردەوە.

هەروەها لەڕێورەسمەکەدا دکتۆر (بەرهەم ئەحمەد ساڵح) وتارێکی پێشکەشکرد و تیشکی خستەسەر گرنگی ئەو کۆمارە و ئەو دەستکەوتانەی کە کۆماری کوردستان لەمەهاباد بەدەستیهێناوە.

پاشان (سەلاحەددین دەمیرتاش) هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، وتەیەکی پێشکەشکرد و رایگەیاند: (چارەنووسی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەیەکەوە گرێدراوە و گوتیشی: لەئێستا هەلێک بۆ گەلی کورد هاتۆتە پێش پێویستە کورد بڕیاری خۆیبدات بۆ دەربازبوون لەمەینەتییەکانی.

دەمیرتاش لەوتەیەکدا گوتیشی: تائێستا کورد کیمیابارانکراوە و هەزارەها شەهیدیشی داوە بەدەستی رژێمە جیاوازەکان، بەڵام ئێستا دەرگای ئازادی بەڕووی کورددا کراوەتەوە و کورد بڕیاری خۆیداوەو دەبێ لەو دەرگایە دەربازی بێت.

دەمیرتاش، بەپێویستی زانی پەیوەندی نێوان لایەنە کوردییەکان بەهێز بکرێت، ئەگەر لەهەر تاکێکی کوردیش بپرسین کە بۆچی گەلی کورد تاکو ئێستا بندەستە، وەڵامەکەی بریتی دەبێت لەوەی کە بەهۆی رێکنەکەوتنی خۆمانەوەیە.

هەروەها گوتی: ئێمە وەکو (بەدەپە) لەپێناو یەکێتیی نەتەوەیی ئامادەی هەموو فیداکارییێکین. هەروەها (عەبدولحەکیم یەشار) وتاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لەسوریا پێشکەشکرد. پاشان (حەسەن شەرەفی) وتاری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەشکرد، هەروەها وتاری حزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن (خالید عەزیزی) پێشکەشکرا، پاشان (حوسێن یەزدانپەناه) وتاری پارتی ئازادی کوردستانی پێشکەشکرد، پاشان (عەلی قازی) کوڕی پێشەوا قازی محەمەد وتارێکی پێشکەشکرد.

لەکۆی وتارەکاندا ئاماژە بەکۆماری کوردستان و گرنگی و دەستکەوتەکانی ئەو کۆمارە کرا و هەروەها جەخت لە پتەوکردنی پەیوەندیی نەتەوەیی و یەکڕیزی و یەکخەباتی کورد کرایەوە.

کۆماری کوردستان لە (22)ی کانوونی دووەمی ساڵی "1946" لەشاری مەهاباد لەرۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و (قازی محەمەد) وەک یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان لەمەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد سوێندی یاسایی خوارد.

تەمەنی کۆماری کوردستان کەمتر لەساڵێک بوو و دوای هێرشی سوپای پاشایەتی ئێران بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی مەهاباد لە (15)ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا ئەم ئەزموونەی کورد سەرکوتکرا.

دواتر لە (31)ی ئازاری ساڵی "1947" قازی محەمەد یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان لەمەیدانی چوارچرا لەشاری مەهاباد هاوکات لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەبەرپرسانی کۆمار لەسێدارە دران.

مەراسیمەکە 2/20 لەهۆڵی رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین یادکرایەوە.

جێی باسە شاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە پێکهاتبوولە (بەڵێن عەبدوڵڵا)سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، (هیوا سەید سەلیم) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و (دڵزار عەبدوڵڵا)ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەشداربوون لەم مەراسیمەدا.

# مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی کۆسرەت رەسوڵ عەلی دەکات



ئێوارەی 2012/2/20 مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتی (بەڵێن عەبدوڵلا سکرتێری حزب و( بەهمەن حوسێن جێگری سکرتێر و سەعد خالید و گۆران جەلال و بێکەس قادر و هیوا سەید سەلیم) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەردانی (کۆسرەت رەسوڵ) جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانییان لە بارەگای تایبەتی خۆی کرد لە شاری هەولێر .

لە دیدارێکی دۆستانەدا رەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکە گفتوگۆی لەبارەوە کراو و شاندی حزب پیرۆزبایی خۆیان گەیاندە بەڕێز کۆسرەت رەسوڵ بە بۆنەی کاندیدکردنەوەی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم، لای خۆشیەوە کۆسرەت رەسوڵ باسی لە گیانی تەبایی و برایەتی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و پرۆسە سیاسیەکە.

# مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکات



شاندێکی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بۆنەی دەستبەکار بوونیەوە وەک سەرۆکی پەرلەمان سەردانی (د.ئەرسەلان بایز)دەکەن.

کاتژمێر (6:30)ی ئێوارەی 2/18 /2012شاندێکی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەبۆنەی دەستبەکار بوونی وەک سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردان د.ئەرسەلان بایز دەکات.

لەو دیدارەدا (بەڵێن عەبدوڵلا) سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایی کردن لە د.ئەرسەلان بایز هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە بەئەستۆگرتنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

لەلایەن خۆیەوە د.ئەرسەلان بایز سوپاسی، مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەت کێشانی کوردستانی کرد بۆ ئەو سەردانە.

هاوکات مەکتەبی سیاسی لە دوو بروسکەدا پیرۆزبایی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی دەکات کە ئەمەی خوارەوە دەقی هەردوو بروسکەکانە:

**بۆ/بەڕێز دکتۆر ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**سڵاوێکی گەرم....**

بەبۆنەی دەست بەکاربوونی بەڕێزتان لەپۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خۆمانو هاوڕێیانمان لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستەدەکەین، لەو بڕوایەداین کە بەڕێزتان دەتوانن رۆڵێکی بەرچاو لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بگێڕن، دیارە بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی کوردستان بەتایبەتی پێویستی بەکارو کرداری جدیتر هەیە، هەروەک لەهەمووان دەخوازێ بەرژەوەندییە باڵاکان لەسەرووی هەموو شتێک دابنێن.

ئێمە لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ هەموو هەنگاوێک کەلەخزمەت دۆزی گەلی کوردستان بێتو سوود بەپرۆسەی سیاسی بگەیەنێ، هاوکارتان دەبینو پاڵپشتو پشتیوانیتان لێدەکەین. دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەینو سەرکەوتنتان بەئاوات دەخوازین.

لەگەڵ رێزماندا

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**بۆ/بەڕێز دکتۆر حەسەن محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**سڵاوێکی گەرم....**

بەبۆنەی دەست بەکاربوونی بەرێزتان لەپۆستی جیگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خۆمانو هاوڕێیانمان لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاڕاستەدەکەین، هیوادارین بەڕێزتان لەتەک سەرۆکو ئەندامە بەرێزەکانی پەرلەمان رۆڵی بەرچاو لەو پۆستەدا ببینن، بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخی ناوچەکەو عێراقو کوردستان بەگشتیو بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو نیشتمان بەتایبەتی رۆڵی زیاتر لەکاراکردنی پەرلەمان بگێڕن.

ئێمە لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ هەموو هەنگاوێک کەلەخزمەت دۆزی گەلی کوردستان بێتو سوود بەپرۆسەی سیاسی بگەیەنێ، هاوکارتان دەبینو پاڵپشتو پشتیوانیتان لێدەکەین. دووبارە پیرۆزباییمان پەسەند بفەرموونو سەرکەوتنتان بەئاوات دەخوازین.

لەگەڵ رێزماندا

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

مەحمود عوسمان:

# پێویستە پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی کۆنگرەی نیشتمانی ببەسترێت

**ئا:باوەڕ نەریمان:** ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەپێویستی دەزانێت پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی، کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی ببەسترێت.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ئاڵای ئازادی راگەیاند: ئەنجام نەدانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی پێش کۆبونەوەی لوتکەی عەرەبی دەبێتە هۆی شکست بۆ لایەنەکان. عوسمان، بەپێویستی زانی کۆنگرەی نیشتمانی پێش کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی ببەسترێت، چونکە لایەنەکان بە یەکگرتوویی و باشتر دەتوانن بەشداری کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی بکەن. ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەی بەوەشدا، تاکو ئێستا کات وشوێنی ئەنجامدانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی دیار نییە.

# کامپینێکی 34 رۆژی بۆ بیرهێنانی 34 قوربانیی رۆبۆسکی



ئاڕاستەی میدیا و دەزگا راگەیاندنەکانی تورکیش کرد سەبارەت بە بێدەنگی و کەمتەرخەمیان لە باسی کۆمەڵکوژیەکە.

رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە گردبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە گەڕەکی تەقسیمی ناوجەرگەی شاری ئەستەنبوڵ لە ژێر دروشمی "داوای دادوەری دەکەن بۆ رۆبۆسکی" کامپینێکیان راگەیاند.

رۆژی دوشەممە،2/20 پلاتفۆرمی داد کە پێکدێ لە چەندین رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، کامپینێکی 34 رۆژییان راگەیاند. شەوی 2011/12/29 (34) کورد کە زۆرینەیان گەنجبوون، لە لایەن فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە بۆردومانکران و کوژران. سەرەڕای ئەوەی 50 رۆژ بە سەر ئەو کۆمە ڵکوژیەدا تێپەڕیوە، بەرپرسان تاوەکو ئێستاش رادەستی دادگا نەکراون.

پلاتفۆرمی داد، بە مەبەستی ئاشکراکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیەکە لە لایەن حکومەتەوە و رادەستکردنی بەرپرسەکان بۆ دادگا کامپینێکی 34 رۆژی راگەیاند و بانگهێشت لە کۆمەڵانی خەڵکی تورکیا و کوردستانیش دەکەن بەردەوامبن لە سەر فشارەکانیان بۆ سەر حکومەت تا بەرپرسان رادەستی دادگا دەکرێن. نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە گردبوونەوەکەدا ئاشکرایان کرد 34 رۆژ، هەموو رۆژێک هەر لەو شوێنە (لە بەر دەم گالاتاسارای لسەس) کۆدەبنەوە و رۆژێ چیرۆکی یەکێک لە قوربانیەکان دەخوێنن و دواتریش ئەو چیرۆکە لەگە ڵ نامەیێکدا دەنێرن بۆ هەرییێک لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوخۆ و وەزیری دادی تورکی. لە یەکەم رۆژی کامپینەکەدا چیرۆکی سەرحەت ئەنجو، یەکێک لە قوربانیەکان، خوێندرا و دواتریش بە پۆست رەوانە کرا بۆ بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و حکومەت.

دەستپێشخەرانی کامپینەکە هەروەها رایەنگەیاند" ئەوان بەردەوام دەبن لەسەر بەدواداچوون و لێپرسی و واز ناهێنن تا دەوڵەت و حکومەت بەدەنگیاندا دێت و تا دادوەری جێی خۆی دەگرێتەوە. دەستپێشخەران رەخنە و ناڕەزاییی خۆیان ئاڕاستەی میدیا و دەزگا راگەیاندنەکانی تورکیش کرد سەبارەت بە بێدەنگی و کەمتەرخەمیان لە باسی کۆمەڵکوژیەکە.

# ئامادەکاری بۆ هێنانەوەی (730) روفات لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی مەهاری دەکرێت

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم ئاشکرای دەکات کە (730) روفات لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوچەی (مەهاری )سەر بەپارێزگای دیوانیە دۆزراونەتەوە کە سەرجەمیان کوردن و لە ئێستاشدا ئامادەکاری بۆ گەرانەوەیان دەکرێت. لە لێدوانێکدا بۆ ئاڵای ئازادی (فوئاد عوسمان) وتەبێژی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی هەرێم رایگەیاند" بەئاگاداری وەزارەتی کاروباری شەهیدانی هەرێم لەکۆی ئەو روفاتانە 200 یان لەهەولێر و (530) روفاتی دیکەشیان لەپەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدا نموونەیان وەرگرتوون. وتەبێژەکەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە پەیمانگەی پزیشکی بەغدا (350) روفاتی دیکەیان ئامادەکردووە، تاوەکو وەزارەتی شەهیدانی هەرێم بیگەڕێنەوە، لە ئێستاشدا وەزارەت کار بۆ ئەوە دەکات کە لەمۆنۆمێنتی چەمچەماڵ گۆڕ بۆ ئەو روفاتانە هەڵبکەندرێت.

# لەبەر ئەوەی بەڵێنیداوە بگەڕێتەوە دەوام، پارێزگاری دیالە لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە

هەرچەندە بڕیاربوو (عەبدولناسر مەهداوی) پارێزگاری دیالە لەبەر دەوامنەکردنی لە پۆستەکەی دەربکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوبراو بەڵێنیداوە دەگەڕێتەوە بۆ دەوام لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە.

لەمبارەیەوە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە (جەلیل ئیبراهیم) بە ئاڵای ئازادی راگەیاند؛ لە دوای راگەیاندنی بەهەرێمبوونی پارێزگای دیالەوە، ماوەی سێ مانگە پارێزگاری دیالە دکتۆر عەبدولناسر مەهداوی دەوام ناکات و ئەمەش گرفت و کێشەی زۆری ئیداری ناوەتەوە، بۆیە لەلایەن هاوڵاتیان و ئەنجومەنی پارێزگا و لایەنەکانی دیکەوە داواکراو ناوبراو لە پۆستەکەی دەربکرێت. جەلیل ئاماژەشیدا، لیستی عێراقییە کە پارێزگار کاندیدی لیستەکەیانە، بڕیاریدا لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا لە پارێزگای سلێمانی بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی پارێزگا، عەبدولناسر دەربکات و بۆ ئەم مەبەستەش سێ کەسی دیکەیان کاندید کرد بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنەوە هەڵبژێردرێن، بەڵام لە بەر ئەوەی مەهداوی بەڵێنیداوە لەم رۆژانەدا دەگەڕێتەوە دەوام، بۆیە دوا دەرفەتی دراوەتێ و بەمهۆیەشەوە بڕیادرا لە پۆستەکەی بهێڵدرێتەوە. ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، روونیشیکردەوە، دەوام نەکردنی پارێزگار و ئەندامانی لیستی عێراقیە و حزبیی ئیسلامی عێراق لە ئەنجومەنەکەیان گرفتی زۆری ئیداری دروستکردووە و بۆتە هۆی نیگەرانی هاوڵاتیانی ناوچەکە.

# پەرلەمانی عێراق شرۆڤەی قەرزی فەرمانبەران دەکات

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت بۆ خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ حەوت پرۆژە یاساو گفتوگۆش لەبارەی بابەتی قەرزی فەرمانبەران دەکات.

(ئەشواق جاف) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی کوردستانی رایگەیاند: رۆژی دووشەممە دانیشتی پەرلەمان تایبەت بوو بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەندێ پرۆژە یاسا، یەک لەو پرۆژانە گفتوگۆکردن بوو لەسەر بابەتی قەرزی فەرمانبەران کە لە لایەن 52 پەرلەمانتارەوە پێشکەشکراوە.

# خاچی سووری نێودەوڵەتی کار بۆ ئاگربەست لە سوریا دەکات



کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی رایگەیاند: لە ئێستادا کار بۆ ئاگربەستێک لە نێوان هێزەکانی حکومەتی سوریا و چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەکی مرۆییە بۆ خەڵکی سڤیل لەو ناوچانەی کە زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە.

(کارلا حەداد) گوتەبێژی خاچی سووری نێودەوڵەتی بە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکای راگەیاندووە" رێکخراوەکەیان لەگەڵ کاربەدەستانی سوریا و کۆمەڵەکانی ئۆپۆزسیۆن لە گفتوگۆدایە، تاکو ئاگربەستێک لە نێوانیاندا واژۆ بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هێزێکی زۆری حکومەتی سوریا دەوری شاری (حمس)یداوە و مەترسی ئەنجامدانی هێرشێکی تازە لە ئارادایە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ماوەی چەند وەرزی رابردووی خۆپیشاندانەکانی سوریادا، زیاتر لە 8 هەزار هاوڵاتی سوریا کوژراون و هەزارانی دیکەش بریندارن و بەشێکیشیان بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

# کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستیەکی مێژوویی‌وهەنوکەییە بۆئەمڕۆی کوردستان‌وهاتنەپێشەوەی ئەو گۆڕانکاریی وئاڵوگۆڕانەی ناوچەکە

کۆنگرەی نەتەوەیی وەکو پرسێکی نەتەوەیی لەئێستادا بەبایەخەوە تێڕوانین‌وهەڵوەستەی جیاجیای لەسەردەکرێت‌و هەموولەسەرئەوە کۆکوتەبان، بۆئەمڕۆی کوردو دۆزینەوەی نەخشە ڕێگاو کەناڵێکی تازە، لەنێوان کۆی هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان چێبکرێت کەبتوانێت لەئاست گەورەیی‌و هەستیاریی دۆزی کورد بێت لەکوردستاندا ئەمەش بەو لەخۆبوردوویی‌وخەمخۆرێکی زیاتری دەوێت. لەوبارەیەوە د.فەرهادقادرکەریم مامۆستای زانکۆ لەکەلار دەڵێت:

نووسینگەی گەرمیان

لەڕاستیدا گۆڕانکارییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روویانداو ئەوانەش کە پێشبینی دەکرێت رووبدەن، دەبێت لای ئێمەی کورد بە گرنگ تەماشا بکرێن و ببنە دەروازە بۆ دانانی نەخشە ڕێگایەک لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەمان، کە بەپێی هەموو پێوەرەکان بە گەورەترین گەلی بێ وڵاتی سەر زەمین ئەژمار دەکرێت. جا ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی

**ئێستا هەرێمی کوردستان (باشور) لە رووی شوێنەوە تاڕادەیەکی باش گونجاوەو دەکرێ بەبێ هیچ کێشەیەک ببێتە شوێنی بەستنی ئەو کۆنگرەیە، لەرووی کاتیشەوە پێمۆایە دیسان گونجاوە چونکە وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد کۆمەڵێ گۆڕانکاری گشتیی و تایبەت لە سەر ئاستی جیهان و ناوچەکە هاتوونەتە پێش، کۆی ئەو گۆڕاناکاریانە بە ئاراستەی نیگەتیڤ و پۆزەتیڤ گفتوو گۆو قسەی جیدی هەڵدەگرن، ئێستاش کاتی ئەوەیە ئێمە وەک کورد قسەیەکی یەکگرتوو یان پەیامێکی یەکگرتووی نەتەوەیمان هەبێ سەبارەت بەو گۆڕانکاریانە**



د. دلشاد



م. جەبار



تەها سلێمان

کوردی لەمڕۆدا کارێکی ئاسان نەبێت و خەون بێت، ئەوا کارکردن و زەمینە سازیکردن بۆی کارێکی ئاسان و زۆر پێویستە، ئەم کارەش سەرەتا بە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتگیر دەست پێدەکات، کە تیایدا دەرکەوتووترین کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیر و ئەکادیمییەکانی کوردانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەشدار بن، و ئاکامەکەی گەڵاڵە کردنی بەرنامە و ئەجێندای نەتەوەییمان بێت، ئەجێندایەک لەگەڵ واقیعی سەردەمەکەدا بگونجێت و لەلایەکەوە ڕەچاوی دۆخە سیاسییەکەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدادەژیت بکات و لەلایەکی ترەوە هەنگاونان بێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لەبەرامبەر چارەسەرکردنی شارستانییانەی کێشەی نەتەوەییماندا.

ئەوەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکاتە پێویستی ئەمڕۆمان، سەرباری لەباری دۆخە سیاسییەکە و ئەو تەکانەی ئەزموونی سیاسی کورد لە باشووری کوردستاندا بەخۆیەوە بینیویەتی و هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی،کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەدا لە سوریا و ئێران و تورکیادا روویدەن، پێویستیمانە بە یەکخستنی ماڵی کوردیی و گوتاری نەتەوەییمان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان و گەش کردنەوەی هێڵە سوورەکانی گەلەکەمان، ئەو هێڵانەی کورد بە درێژایی مێژوو خەباتی لەپێناو پاراستنیاندا کردووە، ئەمەش کۆدەنگی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێت هەموویان وەکو ئەجێندایەکی پیرۆز تەماشای بکەن و کار لە پێناو بەدیهێنانیدا بکەن، بێگومان ئەم پرۆژەیەش بۆ ئەوەی لەسەر کاغەزەوە بچێتە سەر ئەرزی واقیع، وزە و کارکردنێکی زۆر و هیمەتی دڵسۆزانەی هەموو کوردێکی دەوێت.

م.جەبارمحەمەدعەلی وەکو رۆشنبیروچاودێرێکی سیاسی پێیوایە کە کورد وەکو هەموو نەتەوە سەردەستوبن دەستەکانی ئەم جیهانە خاوەنی بنەماوپرەنسیپە نەتەوەییەکانەو مافی خۆیەتی ئازادوخاوەنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆبێت مێژووی ئەم نەتەوەیە پڕە لەتراجیدیاو چەرمەسەریی، تژییە لەهەرەس‌وژێرکەوتن، سیخناخە لەخیانەت ونەبانی و نابەرپرسیارێتی،خاوەنی چەندین سەرکردەی ئازاوتێکۆشەر، لەهەمان کاتدا پڕلە سیاسەتمەداری لەرزۆکوئۆپۆرتۆنیست. کەبەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان وبنەماڵەکانییان دەجوڵێنەوە. م.جەبارگوتیشی" گەر ئاوڕێکی خێرا لەمێژووی گەلەکەمان بدەینەوە و شەنوکەوێکی بۆبکەین جگە لەنائومێدی هیچی تری لێ هەڵناهێنجێت. هەرلەدوای شەڕی چاڵدێرانی 1514زایینی لەنێوان عوسمانیەکان‌وسەفەویەکان، کەبۆیەکەم جارخاکی کوردستان بەسەردوو زهێزەکە دا دابەشدەکرێت، چەندین میرنشینی لۆکاڵی دروست بوون هەریەکەیان سەربەسەفەوی یان عوسمانی بوون‌و بەپێی سیاسەتی ئەو زلهێزانە دەجوڵانەوە. هیچ هەوڵێکی یەکگرتن‌وئازادیی‌وسەربەخۆیی نەدرا جگە لە جوڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری‌وبەدرخان پاشا. لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم چەند هەوڵ‌وکۆششێک کرا لەلایەن کەمالیەکانەوە سەرکوت دەکران‌و کارەساتی نامرۆڤانەی گەورە بەرامبەر بەکورد ئەنجامدەدرا،وەکوخەباتی دبلۆماسیش بەشداریی شەریف پاشابوو لەکۆنگرەی پاریس لەساڵی 1919،هەروەها پەیماننامەی سیڤەر کەمافی چارەی خۆنووسینی بۆکورد دیاریکرد، بەڵام لەبەرنەبوونی دەزگایەکی نەتەوەیی گشتی کەهەمووکوردستان وکوکۆنگرەیی نەتەوەیی کورد کەنوێنەری راستەقینەی میللەت بێت. ئەو هەلە زێڕینە لەدەستچوو وجارێکی ترکوردستان بۆچوارپارچە دابەشکرا. نەبوونی کۆدەنگیی کورد زەمینەیەکی لەباری رەخساند بۆرووخانی حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید، هەرلەبەرهەمان فاکتەر حکومەتی مهابادیش بەڕێبەرایەتی نەمرقازی محەمەد هەربەساوایی سەرینایەوە ولەناوبرا، لەبەر پەرتەوازەیی ویەکدەنگ نەبوونمان کورد هەمیشە پاشەکشەیکردووە ودروشمەکانی لەسەربەخۆییەوە بەرەو ئۆتۆنۆمیی گەڕاندۆتەوە ودروشمەکانیش وەکو پێویست ئیشی پێنەکراوە. دوای هەرەسی 1975وپاشان راگواستن‌و دەربەدەرکردن‌و بەعەرەبکردن نەبوون بەفاکتەری یەکگرتن، کورد هەر پەرتەوازەبوو وهەرلایەک لەبەزمێک دەیخوێندو شەڕی خۆکوژیش درێژەی هەبوو، کیمیاباران‌وئەنفالیش کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەرسەرکردەو سیاسەتمەدارەکان نەبوو، بەردەوام لەبیری خۆسەپاندن‌و فراوانخوازی هەژموونی حزبی خۆیاندابوون، راپەڕینی بەهاری 1991وکۆڕەو پاشان دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی ودواتر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی پەنجابەپەنجا نەک ئاوێکی بەئاگری شەڕی ناوخۆدا نەکرد، بەڵکو گڕوتینی زیاتر کراوهەزاران رۆڵەی بەش مەینەتی ئەم میللەتەی کردە قوربانی. دوای رووخانی رژێمی بەعسیش لە2003 هەلێکی لەبارتری بۆکوردستانی باشوورهاتەپێشەوە. دوای ئەو باسکردنی مێژوو، بەبیرهێنانەوەی رۆژە تاڵ‌وشومەکان دەبێت کورد پەندو وانەی گرنگ لە رووداني وەربگرێت. تراژیدیاو جینۆساید بکرێت بەهەوێنی بەرقەراربوونی ئاشتیی‌و کۆدەنگیی و یەکدەنگیی کورد. بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەکوردستان، لەئێستادا زۆردرەنگە، بەڵام ئەنجامدانیشی بایەخ‌و گرنگی خۆی هەیە، دەکرێت بڵێین:کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستیەکی مێژوویی‌وهەنوکەییە بۆئەمڕۆی کوردستان‌وهاتنەپێشەوەی ئەو گۆڕانکاریی وئاڵوگۆڕانەی جیهان لەزیادبووندان،لەلایەکی ترەوە کۆنگرە دەتوانێت کاربکات بۆنەهێشتنی دوبەرەکیی وئامانجی سەرەکی تەنها بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بێت لەپێناوبەدیهێنانی سەربەخۆیی سەرتاسەریی لەهەرچ وارپارچەداگیرکراوەکەیدا .لێرەوە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆئەم قۆناغەی ئێستا ئەکێکی قورس‌وگرنگیی هەیە چونکەنێو ماڵی کوردیش پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیەوکۆی لایەن‌وحزب وسیاسیەکانی کوردستان‌وکەسایەتیە سیاسی‌وسەربەخۆکان لەنێوخۆیاندا واژۆکردنی پەیمانی ئاکار( میساقی شەرەف ) وپەیمانی نیشتیمانی بەئامانجی بردنەپێشەوەی کێشەی رەوای چل ملیۆن کوردی بێ نیشتیمان‌و بێ ناسنامە .هاوکات ئەو پەیمانە بەزاندنی پرەنسیپەکان هێڵی سووربێت‌وبەخیانەت‌وتاوانی نیشتیمانی‌ونەتەوەیی دابندرێت .ئەگەرئەو کۆنگرە،وەکو ئاماژەمان پێدا ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دوورلەهەژموونی حزبی وناوچەیی‌وشەخسی کۆنگرەیەک بێت نوێنەرایەتی هەموو گەلی کوردبکات‌وببێتە دەنگیی راستەقینە وببێتە داڕێژەری ستراتیژودروستکردنی پەیوەندیە دەرەکییەکان‌وئەنجامدانی کارە دبلۆماسی بۆزیاترپێشخستنی پرسی کورد لەسەرئاستی ناوچەکەو جیهان .

نووسەرورۆژنامەنووس تەهاسلێمان سەبارەت بەبەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی وبەستنی وەک زەرورەتێکی ئەمڕۆی نەتەوەیی دەڵێت: کۆنگرەی نەتەوەیی یان نیشتمانیی بۆ گەلی کورد کە هەر چوارپارچەی کوردستان لە خۆ بگرێ، بە بۆچوونی من یەکێکە لە کارو ئەرکە هەرە گرنگەکانی قۆناغی ئێستای تێکۆشانمان، چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە کۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ئاستی دنیا روو دەدەن و بە ڕێوەدەچن، کۆنگرەیەکی ئاوها بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، نەک تەنیا گرنگی و بایەخی دەبێ بۆ کورد بەڵکو لە پێویستییە بنەڕەتییەکانە و دوور کەوتنەوە یاخود خۆ بە دوور گرتن لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بەرپرسیارێتی مێژوویی بە دواوەیە. ئەوەشی کە تائێستا جێی سەرنج و تێبینی جیدیە، کار کردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە هەموو هێزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارچەکانی کوردستان لە خۆبگرێ و جگەلەوانیش نوێنەرایەتی بەشی هەرە زۆری چین و توێژەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی لێبێبەش نەکرێ، هەنگاو گەلێکی سست و خاون، یانی هەنگاوەکان لە ئاست گرنگی کۆنگرەیەکی لەو شێوە نییە، کە بتوانێ ئیحتوای هەموو پێداویستییەکانی بەستنی ئەو کۆنگرەیە بکات.

ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک بێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا زەمینە لەبارە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی؟ من راموایە لەڕووی کات و شوێنەوە بەڵێ، چونکە بەلایەنی کەم ئێستا هەرێمی کوردستان (باشور) لەڕووی شوێنەوە تاڕادەیەکی باش گونجاوەو دەکرێ بەبێ هیچ کێشەیەک ببێتە شوێنی بەستنی ئەو کۆنگرەیە، لە ڕووی کاتیشەوە پێم وایە دیسان گونجاوە چونکە وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد کۆمەڵێ گۆڕانکاری گشتیی و تایبەت لە سەر ئاستی جیهان و ناوچەکە هاتوونەتە پێش، کۆی ئەو گۆڕاناکارییانە بە ئاراستەی نیگەتیف و پۆزەتیف گفتوگۆو قسەی جیدی هەڵدەگرن، ئێستاش کاتی ئەوەیە ئێمە وەک کورد قسەیەکی یەکگرتوو یان پەیامێکی یەکگرتووی نەتەوەیمان هەبێ سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە، چونکە نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە بەشێک لەو گۆڕانکارییانە ئێمەش دەگرێتەوە، بەو پێیەی تا ئێستا هەریەک لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووەو مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەتەوەی کورد ناسەلمێنن و نادەن، لە بەردەم پریشک و جەوهەری ئەو گۆڕانکارییانەن، فراوانبوونی ئاراستەی ئەو گۆڕاتکارییانەش ئەوەندەی تر کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێمە بە هێزتر دەکات. دەبێ ئەوەش بزانین بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ نییە لە گەڵ هیچ یەکێک لەو حوکومەتانەی کە کوردستانیان داگیر کردوە، نا بەپێچەوانەوە لە ڕاستیدا دەبێ پەیامی ئەم کۆنگرەیە پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و قوڵکردنەوەی پرۆسەی دیوکراسی و سەلماندنی مافەکانی گەلی کوردبێ لەو چوار چێوەیەدا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە ئەوە کورد نییە ئارەزووی چەک و شەڕو ڕوو بە ڕوو بوونەوەی سەربازی بکات لەگەڵ ئەو ڕژێمانە، بەڵکو ئەوە خودی ڕژێمەکانن لایەنی کوردیان ناچار بە چەک هەڵگرتن کردوە، جەوهەری پەیام و گووتاری ئەم کۆنگرەیەش ئەوەیە کە جگەلە وەڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە هەموو ناوچەکە و جیهانیش بڵێین ئەوە ئێمەین ئاشتیخوازو دیموکراتی خوازو جەخت لە سەر پێکەوە ژیان و سەلماندنی مافەکانمان لەو چوار چێوەیە دەکەین.

دەمێنێتەوە ئەوەش بلێم تا ئێستا ئیشکالییەتێکی گەورە هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر هێزێکی سیاسی جا ئەگەر لە باکور یان باشوور یاخود ڕۆژهەڵات یان باشووری بچووک بیەوێ هەیمەنەی خۆی بە سەر هەنگاوەکان و بەستنی کۆنگرەیەکی وا بسەپێنێ، ئەمە وەک تەسەوریش دەکرێ وابێ، ئەگەر ڕووبا ئەوە کارێکی خراپە و کاریگەری خراپ لە سەر پەیام و گووتاری کۆنگرەکە جێدێڵێ، بۆیە ئەرکی هەموو هیزەسیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان و توێژی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانە روو بە ڕووی هەر ئەگەرێکی مەترسیداری لەو شێوەیە ببنەوە.

## بوار

# میدیای ئەمڕۆ و ژیانی گشتیمان

ئاوات محەمەد ئەمین



(1– 2)

رۆژگارێک کە ئەم گەلەی ئێمە لە ژێر دەسەڵاتی رەشی داگیرکەری بەعسدا بوو، زوڵم و ستەم و بێدادی لە ئەوپەڕی سامناکیدا بوو، بەڵام هۆشیاری نەتەوەیی و گیانی بەرەنگاری و شۆڕش لە ناخی زۆرینەماندا هەمیشە لە هەڵچووندا بوو. ئەوەی کۆیدەکردینەوە ئومێد بوو بە ئایندەی ئازادی و سەربەخۆیی. ئەوەی بە ژیانەوە دەیبەستین جوانییەکانی ناخمان بوو، ئەو دونیایە بوو کە لەسەر پەیوەندییە سادە و بێگرێکانی نێوان مرۆڤەکان دامەزرابوو. ئەوسا هەموومان دەمانزانی نەهامەتییەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرن و ترس و نیگەرانیمان لە چین. سنوورەکانی راگەیاندن و میدیای ئەو رۆژگارە بەرتەسک و دیاریکراوبوون. شەوانە لە چەند ئێزگەیەکی رادیۆیی کەمەوە ئاگامان لە دونیا دەبوو، بەهەمان شێوەش دەمانزانی چۆن ساتە کەمەکانی خۆشی و ئاسوودەیی بەسەربەرین بەدیار دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی و دوو ئێزگەی رادیۆوە. لە رادیۆی کوردی بەغدا و تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە گۆرانییە کوردییە رەسەنەکان و تەمسیل و زنجیرەی درامای کوردی و چەندین بەرنامەی رەنگاوڕەنگمان بەسەردەکردەوە و لەگەڵییاندا دەژییان. لە رۆژنامە و گۆڤارە تاک و تەراکانەوە چەندین وتاری رۆشنبیری و ئەدەبی و کلتووری بەپێزمان دەخوێندەوە کە بەژێر مقەستی سانسۆر و چاوی ناحەزەوە دەربازدەبوون.

ئەمڕۆ دوای بیست ساڵ لە ئازادی و کۆتایی رۆژگاری رەشی دەسەڵاتی دوژمن و لە هەرێمێکی فیدراڵ و لە سایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانیدا، لەتەک پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکاندا، هۆیەکانی راگەیاندن و پەیوەندی و میدیای ناوخۆیی ئەوەندە بەفراوان و جۆراوجۆرن کە هەندێک جار لەگەڵ وڵاتانی چەندین جار لە هەرێمی کوردستان گەورەتر و دامەزراوتر و بەئەزموونتر بەراورد دەکرێن. بەڵام پرسیار و مەبەستی سەرەکی بریتییە لە زانینی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی راگەیاندنی ئەمڕۆمان لەسەر کۆی ژیانی گشتیمان لە رێگەی ناسینی خەسڵەتە گشتییەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان و هەڵسەنگاندنی رۆڵ و ئەرکەکانی لە دیدی یاسایی و سیاسیدا. چەندین پرسیاری گرنگ هەن کە وەڵامدانەوەیان پێویست بە هەوڵی جیددی و لێکۆڵینەوەی زانستی دەکەن بەتایبەتی ئەگەر بمانەوێت بزانین ئایا راگەیاندنی کوردی تا چەند کاری بە پرنسیپە پەیڕەولێکراوە جیهانییەکان کردووە و تاچەند کارامەیی و بێلایەنی و راستگۆییان کردووە بە رێنمای خۆیان لە گەیاندنی راستییەکان بەخەڵک و بەشدارییکردن لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست؟.

بەشێوەیەکی سەرەتایی راگەیاندنی هەرێم دابەشکراوە بەسەر سێ بەرەدا، دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و میدیای ئەهلی (ئازاد)، بەڵام سیمای جیاکەرەوەی سەرەکی لەنێوانیاندا بریتییە لە زاڵبوونی گوتاری سیاسی و هەڵوێستی دژ بەیەک. لەکاتێکا کەناڵەکانی دەسەڵات بەردەوام باس لە پێشکەوتنەکانی هەرێم دەکەن لە بوارە جیاجیاکاندا و لێدوانی بەرپرسان و ناودارانی جیهان بە نموونە دەهێننەوە بۆ نیشاندانی رووی گەشی هەرێم، لەبەرامبەردا کەناڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام رەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت دەگرن و هەرێمی کوردستان وەک مۆدێلێکی بەسەرچووی سیاسی و ئەزموونێکی شکستخواردوو نیشاندەدەن. ئەو چەند کەناڵی راگەیاندنەش، لە تەلەفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤار، کە خۆیان بە ئەهلی و ئازاد دەناسێنن زۆرجار لە ئۆپۆزیسیۆن توندترن بەرامبەر بە دەسەڵات و هەندێک جاریش بەبێ رەچاوکردنی هیچ سنوور و بەهایەک دەست بۆ هەموو بابەت و پرسێک دەبەن.

راستییەکی تری دیاردەی راگەیاندنی ئێمە پەیوەستە بە لایەنی داراییەوە. ئاشکرایە کە راگەیاندنی سەر بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن وحزبەکانی تر راستەوخۆ لەلایەن حکومەت و بودجەی حزبەکانەوە کۆمەک دەکرێن، بەڵام ئەوەی جێی رامان و پرسیارە بریتییە لە سەرچاوەی دارایی راگەیاندنە ئەهلییەکان یان سەربەخۆکان، ئەگەر لەوەش دڵنیا بین کە لە هەرێمی کوردستاندا تاکە کەناڵێکی راگەیاندن نییە، بە رۆژنامە و گۆڤارەوە، کە لە باشترین حاڵەتدا بتوانێت بە پشتبەستن بە داهاتی خۆی بتوانێت تەنانەت مووچەی بەڕێوەبەر یا دەستەی نووسەرانی دابین بکات؟!.

لیوا هەڵۆ نەجات:

# نوسراوێکی حکومەتی عێراق داوا دەکا هێزە ئەمنیەکانی کەرکوک لەژێر فەرمانی فیرقەی( 12 )دا بێت



**لیوا هەلۆ (نەجات هەمزە) بەرێوەبەری ئاسایشی کەرکوک، لەدیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئاڵای ئازادی باس لە رەوشی ئەمنی ئێستا و دوو هێزی ئاسایشی کوردی لەکەرکوک دەکات، هاوکات ئاماژە بە بوونی چەندین گروپ و شانەی نهێنی تیرۆرستی لە کەرکوکدا دەکاتو گوتیشی تیرۆرستان بەردەوام لە دژی هاوڵاتیان و دەزگا ئەمنیەکان کاردەکەن.**

ئا: سەلاحەدین ساڵەیی

ئاڵای ئازادی: رەوشی ئەمنی کەرکوک لەئێستادا چۆن دەبینن؟

لیوا هەلۆ: رەوشی ئەمنی کەرکوک بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو وپارێزگاکانی خوارووی عێراق باشە، بەڵام هەندێک کات بەهۆی تەقینەوەوکردەوەی تیروریستی بچووک بارودۆخەکە تێک دەچێت کە ئەویش هۆکاری تایبەتی هەیە وەک بوونی شارۆچکەکانی حەویجەو ریازو رەشاد لەنزیک کەرکوک کە بوونەتە مۆڵگەی تیروریستان وهاتنی بە لێشاوی عەرەبی دیالە بۆ کەرکوک.

ئاڵای ئازادی: بۆچی رفاندن و بۆمبی موگناتیسی لکێنراو بەئۆتۆمبیلی هاوڵاتیان لە کەرکوک بەردەوامی هەیە؟

لیوا هەڵۆ: لەکەرکوک چەندین گروپی تیرۆریست و شانەی نهێنی هەیە کە بەردەوام لە دژی هاوڵاتیان و دەزگا ئەمنیەکان کاردەکەن وئێستا بەهۆی لاوازبوونی سیستەمی پاسەوانی وئەمنیەتی هەندێک لە ئەفسەران و هاوڵاتیان ئەم جۆرە هێرشە توانیویەتی زیان بگەیەنێت، بەداخەوە تائێستا سەرچاوەی ئەم جۆرە بۆمبە نەدۆزراوەتەوە هەرچەندە ئێمە تائێستا توانیومانە چەندینیانت پووچەڵ بکەینەوە کە هەندێکی زۆرپێشکەوتووە وهەندێکی بە شێوەی دەستکرد دروست کراوە.

ئاڵای ئازادی: دەسەڵات وکاریگەری ئاسایشی و ئیستخباراتی حکومەتی عێراقی لە کەرکوک چۆن دەبینن؟

لیوا هەڵۆ: هەموولایەک رۆڵیان هەیە لە کەرکوک هەندێک کەم و هەندیک زیاد تر کە هۆکارەکەی بۆ هەموولایەکمان لە بوونی توانای مادی و مەعنەوی دەگەڕێتەوە.

ئاڵای ئازادی: بۆچی تائێستا دوو ئاسایشی کورد لە کەرکوک هەیە؟

لیوا هەڵۆ:راستە، منیش نازانم بۆ؟ بەڵام ئینشائەڵا یەک دەگرێتەوە.

ئاڵای ئازادی: دەوترێت لە کەرکوک یەکێتی و پارتی کاری حزبایەتی دەکەن نەک کاری نەتەوایەتی، لەو بارەوە چی دەڵێیت؟

لیوا هەڵۆ: من پەیوەندیم بەکاری حزبییەوە نییە وپاراستنی هاوڵاتیان کەرکوک بەهەموو نەتەوەوجۆرو رەنگەکانەوە ئامانجی ئێمەیە.

ئاڵای ئازادی: بەشێک لەبەرپرسە عەرەبەکان دەڵێن، ئاسایشی کورد لەکەرکوک خەڵک دەرفێنن وسووکایەتی بەهاوڵاتیان دەکەن، بەڕێزت لەم بارەیەوە چیدەڵێن؟

لیوا هەڵۆ: بەرپرسەکان بەمانا کێ؟ بەرپرسە عەرەبەکان کە دەکاتە جێگری پارێزگاروئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ ئێمە پەیوەندیان باشە ولەکۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی پارێزگا لەگەڵ ئێمەدان،بەڵام ئەگەر مەبەستان عەرەبە شوڤێنیەکانی ناو ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی بێت ئەوە زۆر لەیەک دوورین، چونکە ئەوان نەک دژی ئاسایش بن دژی هەموو پێکهاتەی کوردن لەکەرکوک وەهەر وەک خۆتان دەزانن لەدژی مادەی (140) وبڕیارەکانی بەغداو لەسەرکەرکوک کار دەکەن.

ئاڵای ئازادی::بەیاننامەی ئەنجومەنی عەرەبی وهەندێ لەبەرپرسانی تورکمانی توندڕەو کاریگەری ولەمپەڕ بۆ سەر کارە ئەمنیەکانی ئاسایش دروست ناکات؟

لیوا هەڵۆ:هیچ بەیاننامەیەک ناتوانێت رێگر بێت لەبەردەم کاری ئێمە، چونکە سەد لەسەد بە شێوەی یاسایی کاردەکەین وسەبارەت بە وتەکانیان (لا قیمە لها).

ئاڵای ئازادی:: ئایا پێشتر وئێستاش نارەزایەتی وتۆمەتی لایەنی عەرەبی وتورکمانی لەلایەن ئەمریکاو حکومەتی عێراق خوێندنەوەی بۆکراوە؟

لیوا هەڵۆ: بەڵێ هەندێ جار سکالایان تۆمار کردووە ولیژنە لەلایەن نوری مالیکی رەوانەی کەرکوک کراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نەبووەو، سەبارەت بە ئەمریکا ئێستا تەنها رۆڵی چاودێری هەیە وئەوانیش فێری تاکتیک ودرۆی توندڕەوەکان بوون.

ئاڵای ئازادی: پەیوەندیتان لەگەڵ لایەنی ئاسایشی یەکێتی لەکەرکوک چۆنە ؟بۆچی یەک ناگرنەوە؟

لیوا هەڵۆ: زۆرباشەو بەیەکەوە کاردەکەین ودووبارەی دەکەمەوە یەک گرتنی ئاسایش بڕیارەکەی لەکەرکوک نیە و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.

ئاڵای ئازادی::هەماهەنگی نێوان پارێزگاو پۆلیسی کەرکوک وئاسایش لەچ ئاستێکدایە؟

لیوا هەڵۆ: هەماهەنگی زۆرباشە وهەمووومان لەژووری رووبەڕووی بوونەوەی تیرۆر بەیەکەوە کار دەکەین وباشترین هەماهەنگیمان هەیە.

ئاڵای ئازادی: دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆتەوە لە نووسراوێکی حکومەتی عێراق کە ئاڕاستەی پارێزگای کەرکوک کراوە کە هەموو هێزە ئەمنیەکان کەرکوک لەژێر فەرمانی فیرقەی 12 دا بێت و کۆبکرێتەوە؟

لیوا هەڵۆ: بەڵێ لە 3-1-2012 نووسراوێک هاتووە بەڵام وردەکاریەکانی تەواوم لانییە وبڕیارە لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی پارێزگا باسی بکەین و هەر بڕیارێک لەگەڵ واقعی کار کردن لەشاری کەرکوک نە گونجێت بێگومان شکست دەهێنێت وئەم نووسراوە زیاتر پەیوەندی بەپۆلیس هەیە.

# بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەرێم : پێویستە هەر حزبێک 550 ئەندامی هەبێت

**بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەنێت کە ئەوان وەکو وەزارەتی ناوخۆئامادەن مۆڵەت بەهەموو حزبێک بدەن، بەو مەرجەی دەستەی دامەزرێنەر 50 کەس و 500 کەسیش وەکو ئەندام لایەنگیری هەبێت.**

ئاڵای ئازادی

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ئاڵای ئازادی (فایەق تۆفیق) بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی رێنمایی دامەزراندنی حزبی تازە لەهەرێمی کوردستان گوتی" ئەگەر بێت و هەرلایەنێک داوای دامەزراندنی حزبی تازە بکات، ئامادەین مۆڵەتیان پێبدەین، چونکە لە هەرێمی کوردستان دیموکراتی و پێکەوە ژیانی حزبەکان هەیە، بۆیە بەپێی یاسا ئەگەر هەر لایەنێک داوابکات ئێمە مۆڵەتیان پێدەدەین بەو مەرجەی 50 کەس دەستەی دامەزرێنەرو 500 کەسیش وەک دەستەی گشتی و ئەندام و لایەنگری هەبێت و ئەوکاتیش داواکاری پێشکەش بکات و پاش دیراسەکردن ئێمەش دەینێرین بۆ ئاسایش لەسەر نەوعیەتی کەسەکان بۆئەوەی بزانن ئەو کەسانە پەسندن یان نا، ئینجا وەزارەتی ناوخۆ داواکەیان بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دواتر مۆڵەتیان پێدەدرێت".

سەبارەت بەو حزبانەش کە ئێستا ئەندام و لایەنگرانیان نییەو پێش ئەو بڕیارە مۆڵەتیان وەرگرتووە، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، گوتی "ئەوحزبانەی کە پێش ئەو بڕیارو یاسایە مۆڵەتیان وەرگرتووە هەڵناوەشێنەوە، چونکە هەموو یاسایەک کە دەردەچێ لەوکاتەوە جێبەجێ دەکرێ کە دەرچووەو ئەوەی پێش خۆی ناگرێتەوە".

لەبارەی لێکۆڵینەوەو تەداخول لەکاروباری حزبەکان بکات، بریکارەکەی وەزارەتی ناوخۆو گوتی" وەزارەتی ناوخۆو دەتوانێت تەداخول لەکاروباری حزبەکان بکات، بەڵام کاتێک حیزبێک لە پەیڕەو پڕۆگرام لایداو یان ئینشقاقی تێکەوت یان لەڕێگای یاسا لایدا ئەوکاتە وەزارەتی ناوخۆ مافی ئەوەی هەیە لێکۆڵینەوە لەو حزبانە بکات". لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر لەحزبەکانی هەرێم دواکەوتوون لە گرێدانی کۆنگرەی خۆیان و لایانداوە لە پەیڕەو وپڕۆگرامی حزبەکەی خۆیان کە ئەوەش لادانە لە یاساو پەیڕەو وپڕۆگرام، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لەمبارەیەوە دەڵێت "بەهەموو حزبێک گوتراوە کۆنگرە ئەنجامبدەن لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆشیان کاتی کۆنگرەیان دیاریکردوە، بەڵام هەندێ حاڵەت هەیە پرۆسەی کۆنگرە دوادەخات بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەندێ جار 10 ساڵ جارێک کۆنگرەی بەستووە ئەوەش حاڵەتێکە هاتۆتە پێش، هەشیانە 4 چوار ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەستێت".

# " لەهەولێر 30 هەزار بازرگان هەیە"

**لەدیمانەیەکدا لەگەڵ ئاڵای ئازادی سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێر دەڵێت لەئێستادا لەهەولێر 30 هەزار بازرگانمان هەیەو ئەو ژمارەیەش زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتان، بۆیە داوادەکات پشتگیری کەرتی تایبەت بکرێت. سەرۆکی ژووری بازرگانی ئەو قسانەش رەتدەکاتەوە کە دەڵێن بەرپرسانی ژووری بازرگانی لەهەولێر خۆیان قۆرخی بازاڕیان کردووەو لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان رێککدەکەون و کاری بازرگانی دەکەن.**

دیداری: هێمن مامەند



ئاڵای ئازادی: ژووری بازرگانی هەولێر لەگەڵ چەند وڵاتدا بەردەوام خەریکی کاری بازرگانییە؟

دارا جەلیل : ژووری بازرگانی هەولێر بەردەوام خزمەتی بازرگانان و خاوەن کارانی هەولێر دەکات، ئینجا چ وڵاتانی دراوسێ یان وڵاتانی دوور و ئەوروپا بێت، بەکورتی ئامانجەکەمان ئەوەیە خزمەت بکرێت و داوەتی شاندی بازرگانی وڵاتان بکەین و یان ئێمە سەردانیان بکەین ئەوەش رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ وەک دروستکردنی پەیوەندی و سەردان و پەرەپێدان بەئیش و کاری بازرگانەکان لە وڵات و شارەکەمان، هیواداریشین ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانمانە بەرێکوپێکی ئەنجامی بدەین.

ئاڵای ئازادی : باس لەوە دەکرێت، کە خەڵکێکی زۆر لەگەڵ ئەوەی کەبازرگانیش نین، ناسنامەی ژووری بازرگانیان بۆ کراوە؟

دارا جەلیل: ئێمە هەمووجار ئەوەمان گوتووە کە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا نزیکە 12 ملیۆن کەسن، بەڵام 800 هەزار کۆمپانیایان هەیە، ئەوەی ئێمەش لە هەرێمی کوردستان بەکۆمپانیاو بازرگانەکانەوە تائێستا ژمارەی هەموویان نەگەیشتۆتە 100 هەزار کەس، ئینجا ئەگەر کەرتی تایبەت ئیش و کار وەربگرێ ئاساییە، چونکە ئێستاش رێژەی بازرگان و کۆمپانیاکان زۆر کەمە، ئێمە پێشتر فێربووینە وڵات ئیش و کارەکان بسوڕێنی، بەڵام ئێستا وڵات کاروباری بازرگانی داوەتەوە کەرتی تایبەت، بۆیە ئەو کەرتەش پێویستی بەپشتگیری هەیە و هیوادارین دوو ئەوەندە زیادبکرێت.

ئاڵای ئازادی : لەئێستادا ژووری بازرگانی لەهەولێر چەند ئەندامی هەیە؟

دارا جەلیل: ئێمە تەنها لەشاری هەولێر 30 هەزار ئەندامامان هەیە.

ئاڵای ئازادی : زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە زۆربەی کاروبارە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتان، ژووری بازرگانی خۆی دەیکات نەک بازرگانەکانی دەرەوەی ئەو ژوورە؟

دارا جەلییل : ئێمە هیچ ئیش و کارێکی وامان نییە بۆ ژووری بازرگانی بڕواناکەم ئەو قسانە راست بێت، بەڵام وەک عادەتێک لەشاری ئێمە قسە هەر دەبێت.

ئاڵای ئازادی : بۆچی ئێوە کە خەڵکی وڵاتی دانیمارک نین، بەڵام کراونەتە کونسوڵی فەخری؟

دارا جەلیل : چونکە پۆستی کونسوڵی فەخری وەک پۆستی کونسوڵ نییە بۆیە دەکرێ کەسێکی غەیری ئەو وڵاتە ئەو پۆستەی پێبدرێت، دواتر کاروباری ئێمە زۆربەی ئیدارییە هەموو دەسەڵاتێکمان نییە.

ئاڵای ئازدی : دەوترێت ژووری بازرگانی ڤیزای شنگڵ بەهەندێ کەس دەدات،لەکاتێکدا ئەم کارە ئەرکی ئێوە نییە؟

دارا جەلیل: ڤیزای شنگل بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بەئێمەوە نییە، بەڵکو هەندێ جار داوەتی میواندری وڵاتانمان بۆ دێت بەمەبەستی بەشداریکردنمان لە پێشانگاکانی ئەو وڵاتانە، ئەوکاتە ئێمەش هەندێ بازرگانی هەولێر کاندید دەکەین بۆ سەردانیکردنی ئەو وڵاتانە.

ئاڵای ئازادی : زۆرجار بازرگانە کۆنەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەستەی دامەزرێنەری ژووری بازرگانی هەولێر بوون گلەیی لەوە دەکەن، کە تائێستا ئەوان پەراوێز خراون و لەلایەن ژووری بازرگانی ئێستاوە لەیاد کراون؟

دارا جەلیل : بەپێچەوانەوە ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا بەئامادەبوونی جەنابی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە خەڵکی ناسراوی شاری هەولێر مەراسیمێکی رێزلێنانمان بۆیان سازکرد و بڕوانامەی رێزلێنانمان بەخشیە هەموو ئەو بازرگانە کۆنانەی شاری هەولێر.

### دەوڵەتی کوردی لەنێوان خەون و پرۆژەدا

# دەبێت ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەتمان هەبێت

بەشێک لە رۆژنامەنووسان رانەگەیاندنی دەوڵەتی کوردی پەیوەست دەکەن بە نەبوونی پرۆژ ەیەکی جدیەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم مافە لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە وەکو پرۆژ ەیەک بۆ سەرکوتکردن بەکارهێنراوە، مامۆستایەکیش رایدەگەیێنێت کە ئیرادەیەک نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەت.

راپۆرتی: ئاودێر نەسرەدین



نەهرۆ ئیبراهیم رۆژنامەنووس رایدەگەیێنێت کەبەو سیستەمە سیاسییەی کە ئێستا هەیە نەک ناتوانرێت دەوڵەتی پێ بەڕێوە ببرێت، تەنانەت ناتوانێت کێشە ناوخۆییەکانیش چارەسەر بکرێت، ئەم سیستەمە سیاسییە بووەتە گەورەترین گرفت لە ئێستادا، هێزەکان ناتوانن چارەسەری ئەم گرفتانە بکەن، بۆیە ناتوانن دەوڵەت دروست بکەن، ئەوەی دەگوترێت لەبارەی دەوڵەتەوە تەنها هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە، چونکە لە ئێستادا ئێمە بەدەست کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆییەوە دەناڵێنین، دروستکردنی دەوڵەتی کوردی رەنگە بۆ گەنجان کە دونیایەک خەونیان هەیە و هەمووی لەلایەن دەسەڵاتەوە کوژراوە مانایەکی نییە. واتە بەم عەقڵیەتە سیاسییەی کە ئێستا هەیە دەوڵەت نەبێت باشترە. گوتیشی "ئێمە زۆر لاوازین لە هەموو رووەکانەوە،هەرچەندە هەموو بنەماکانمانی دروستکردنی دەوڵەتمان هەیە، بەڵام خۆمان ئەم بنەمایانەمان هەڵوەشاندووەتەوە و ناتوانین سودیان لێوەربگرین". ئەو رۆژنامەنووسە پێشیوایە نەبوونی دەوڵەتی کوردی بۆ بێ پلانی سیاسییەکانی کورد دەگەڕێتەوە، بۆ بوونی کیانێک کە گوزارشت بێت لە چوارچیوەیەک بۆ ئەم نیشتیمان و نەتەوەیە کە زیاد لەسەدەیەکە لەم پارچەیەی کوردستاندا داکۆکی لەبوون و مانەوەی خۆی دەکات.

لەلایەکی دیکەوە نووسەر و وەرگێڕ سیدرا عەلی، باس لەوەدەکات کە کورد لەرابردوودا پلانی نەبووە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵگەش بۆ ئەوە کۆمەڵێک دەرفەتی زۆری لەدەستداوە کە مێژوو زۆرجار ئەو دەرفەتانە دووبارە ناکاتەوە، لە راستیدا گەر بەچاوێکی وردو رەخنەییەوە لەمێژووی جوڵانەوە و شۆڕشی کورد بڕوانین سەردەمێک شک نابەین ئامادەکاریەک بەپلان وبەرنامە کرابێت بۆ راگەیاندنی دەوڵەتێک، بەڵکو ئەوەی لەرابردوودا بۆ دروستکردنی دەوڵەت هەبووە تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵێک دروشمدا ماوەتەوە و لەسەر ئەرزی واقیع کەمترین کاری بۆکراوە، هیچ کاتێک سەربەخۆیی و بوونی دەوڵەتیک نەبووەتە بابەتی گفتوگۆی نیوان شۆڕش و دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان، هاوکات لە ئێستاشدا پلانێکی هاوشێوەی نییە، بۆیە بە بۆچوونی من قسەکردن لەسەر دەوڵەتی کوردی، هێندەی خەریککردنی میللەتە لەلایەن سیاسییەکانەوە، هێندە پرۆژ ەیەک نییە بۆ راگەیاندن. سیدرا هێما بۆ ئەوەش دەکات کە لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا گەورەترین شکستە کە بەر ئەم نەتەوەیە کەوتبێت. گوتیشی "هەرچەندە هەستی نەتەوایەتی و خواستی خەڵک بۆ دەوڵەت وەک خواستێکی خۆرسک ماوەتەوە، بەڵام ئەم هەستە ئەگەر ئینتیمایەکی گەورەی لەگەڵدا نەبێت هیچی پێناکرێت". ئەوەشی خستە روو، ئەم پەتای کورتبینین و خۆبەکەم زانین و خود لاواز تەماشاکردنە،بۆ دوژمن و خاڵێکی لاوازە و رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە نەبوونی دەوڵەت و قەوارەیەکی بەهێز کە جێگەی باوەڕی ئەم گەلە بێت، تارۆژگاری ئەمڕۆ.

هەروەها مامۆستا محەمەد گەرمیانی باس لەوە دەکات کە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ئیشی هەموو کۆمەڵگایە و دەبێت هەموان کار بۆ وەدیهاتنی ئەوخەونە لە مێژینەیە بکەن، بەڵام کاری گەورەو ئەرکی قورسی راگەیاندن و دامەزراندنی دەوڵەت، کاری لەپیشینەی پارت و سەرکردەو رۆشنبیرەکانە. گوتیشی" بوونی هەڕەشەو دوژمنی دەرەکی شتێکی چاوەڕوانکراوە و هەر گەل و نەتەوەیەک بەهیوای نەمانی دوژمن بەهەڵەدا چووە، هیچ گەلێک نییە لەم جیهانەدا کەم و زۆر دوژمنی نەبیت و هەڕەشەی لەسەر نەبیت، هیچ کاتێک بوونی هەڕەشەو دوژمنی دەرەکی پاساوێکی لۆژیکی نییە بۆ دەستهەڵگرتن لەمافەکانی گەلێکی لە مێژینەی وەک کورد کە مێژووی ئەم ناوچەیە شاهیدی دێرینی و خاوەندارێتی ئەم گەلەیە بۆ ئەم خاک ونیشتیمانە. هێمای بۆ ئەوەشکرد لەم سەردمی کرانەوەو شۆڕشی تەکنەلوژایایەدا هەڕەشەو مەترسی دەرەکی کاریگەریەکانیان کەمترە لەچاو جاران، دەبێت هاوڵاتی کورد و بەتایبەت سیاسیەکانی کورد بەعەقڵی سەردەمەکە و لەئاستی بەرەو پێشچوون و داخوازیەکانی گەلانی خۆیاندا سیاسەت بکەن.تەنها بە دروشم خەڵک نەخەڵەتێنن.

لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەنووس دیلان شاوێس هۆکاری رانەگایاندنی دەوڵەتی کوردی بە کۆمەڵێک خاڵەوە پەیوەست دەکات، لەوانە نەڕەخساندنی هەلێکی گەورەی مێژوویی لەلایان وڵاتانی ئەورووپاوە، ئەو بارودۆخە سیاسییە تایبەتەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە و هەڵکەوتەی شێوە جوگرافیی. سەبارەت بە رۆڵی هۆکارە ناوخۆییەکان لە دروستنەکردنی دەوڵەتی کوردی ئەو رۆژنامەنووسە رایدەگەیێنێت کە هۆکاری ناخۆیی و بەردەوامی کێشەکان لە هەرێمی کوردستاندا رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە رانەگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و ئەمەش بەهۆی نەبوونی هۆشیارییەکی گەورەی نەتەوەییەوە بووە. رۆژنامەنووسەکە نەبوونی ئیرادەیەکی تەواو بۆ بابەتی دروستکردنی دەوڵەت بە هۆکارێکی دیکە ناودەبات و جەخت دەکاتەوە کە ئەو ئیرادەیە نەلای تاکی کورد ونەلای هێزە سیاسییەکان بوونی نییە و گوتیشی "گەورەترین گرفت یەکنەگرتوویی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمەیە، هێزە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تاکو ئێستاش هەریەکەیان بە ئاڕاستەیەک کار دەکەن، ئیرادەیەکی نەتەوەیی نییە بەرەو دروستکردنی دەوڵەت، لە هەموو کاتێکدا زەمینەسازی هەبووە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵام ئیرادەیەک بۆ ئەو بابەتە نەبووە". بۆچوونیشی وایە کەلە دڵی گەنجدا شتێک نییە ناوی دەوڵەتی کوردی بێت، چونکە ئەو ئیرادەیەمان نییە.

هەر لەمبارەوە د.کامەران مەنتک، مامۆستای زانکۆ ریدەگەیێنێت کە ئێمە هەمیشە واتێگەیشتووین کە پێویستە خەڵکێکی دیکە دەوڵەتی کوردیمان بۆ دامەزرێنێت، نەک خۆمان ئەو دەوڵەتە دروست بکەین، ئەوەندەی وا تێگەیشتوون کە ململانێ هەرێمی و دەرەکییەکان دەبنە هۆی دامەزراندنی دەوڵەت، هێندە وا تێنەگەیشتوین کە ئیرادەی کوردی رۆڵی خۆی لە دروستکردنی ئەو دەوڵەتەدا دەبینێت. گوتیشی" کورد زیاتر چاوەڕێی هێزێک دەکات، لە دەرەوەی بوونی خۆی دەوڵەتی کوردی بۆ دامەزرێنێت، ئەمەش تەنها لای تاکی کوردی نییە، بە پلەی سەرەکی ئەو حزب و سەرکردانەشی گرتووەتەوە کە سەرکردایەتی راپەڕین و جوولانەوەکانیان کردووە". ئەو مامۆستایە هێما بۆ ئەوەش دەکات ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێک دروست بکەین، دەبێت بەر لە هەموو کەسێک خۆمان بە شایستەی دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە بزانیت، دەبێت ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەتت هەبێت و دواتر دەوڵەت دامەزرێنیت، نەک داوا لە خەڵک بکەین بۆمان دامەزرێنن. نەبوونی ئیرادە پەیوەندی بەو پەراوێزخستنەوە هەیە، کورد پەراوێزخراوە و خۆشی پەراوێز خستووە، بەڵام پێمولیە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە کاریگەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، تاکو ئێستاش پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمە نەیتوانیوە لەگەڵ سەردەمەکەدا خۆی بگونجێنێت، یاخود خۆی بەرەوپێشەوە بەرێت. بە بەراورد بەو گۆڕانکاریانەی بەسەر میللەتەکانی دیکەدا هاتووە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا نەهاتووە، ئەگەریش گۆڕانکارییەک رویدابێت، ئێجگار کەم بووە.

# کۆمەڵکوژکردنی کورد پاساوی تەواون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆکورد

نووسینی :م.شەنگار
**بەشی شەشەم**

جینۆسایدکردنی کوردە بارزانییەکان تاوانێکی دیکەیە دەرهەق بەکورد ئەنجامدرا

لەبەرەبەیانی 31ی مانگی جولای ساڵی 1983 فاشیزمی عەرەبی سوننەی عێراق لەسەردەستی حزبی بەعسی عەرەبی دەستی بۆ تاوانێکی دیکەبرد،کە بووە پەڵەیەکی دیکەی رەش بەناوچەوانی مێژووی حزبی بەعسی فاشیست و کوردکوژو تاوانکاری مرۆڤایەتی،لەبەرەبەیانی ئەو رۆژەدا بەنەخشەو پلانێکی پێشوەخت سازکراو هێزە سەرکوتکەرەکانی بەعس گەمارۆی هەموو ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەیاندا کە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ودوای ساڵی 1975 ەوە بارزانییەکانی تیادا مۆڵدرا بوو وەک ئۆردوگاکانی (قودس،قادسیە،قوشتەپە، سور، حەریر،دیانا)

ئەم تراژیدیایە بەم چەشنە باسی لێوەکراوە لەلایەن یەکێ لەو پیاوە بارزانییەی ئەو رۆژە بەر رەشبگیری بەعسییەکان ناکەوێت و دەربازی دەبێت،کە لەساڵی 1985بۆ رۆژنامەنوسێکی ئاشکرا دەکات، دوای ساڵی 12003 راستی قسەکانی ئەو پیاوە ئاشکرا دەبێت،ناوبراو دەڵێت"لەبەرەبەیانێکی زوودا بوو،پیاوەکان وەک هەموو رۆژانی ئاسایی ئۆردوگاکەمان بەجێهێشت و بەنیازی چوونە سەرکار و فرمان رووەمان لەدەرەوەی ئۆردوگاکە کرد بەڵام دەرفەتی چوونە دەرەوەمان پێنەدرا چونکە ئۆردوگاکە لەهەموو لایەکەوە لەلایەن هێزێکی بێ شوماری دەزگای ئەمن و گاردی کۆماری و ژمارەیەکی زۆر سەربازەوە گەمارۆدرابوو .کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی لەهەمولایەکەوە چەکدارەکان بەرەو ناو ئۆردوگاکە هاتن و دەستیانکرد بەپشکنینی ماڵەکان و هەموو ئەو نێرینانەی تەمەنیان لەنێوان (10-70)ساڵ بوو کۆکرانەوەو گوتیان دەتانەبەین بۆکارکردن لەناو هەولێر،هەشت جار ماڵەکەی منیان پشکنی بەڵام نەیانتوانی بمدۆزنەوە،کاتژمێر (10:30)ی سەرلەبەیانی بوو،هەموو ئەوانەیان پێشخۆیاندا بەرەوشوێنێکی نادیاریان راپێچ کردن، تەنانەت کەم ئەندام و ئیفلیج و شێتەکانیشیان نەبوارد،هەموانیان لەپاشی ئۆتۆمبێلان هاویشتن و ئیدی ئەوان بۆ هەتاهەتایە نەگەڕانەوە .دوای ئەوەی سەربازەکان ئۆردوگاکەیان بەجێهێشت کارەبای ئۆردوگاکەیان بڕی،ئەوەش بووە مایەی وەستانی ترومپاکارەباییەکان و بەناچاری بۆ دەسکەوتنی ئاوی خواردنەوە رووکرایە گوندەکانی نزیک ئۆردوگاکە کەسەعاتەڕێیەک لێمانەوە دووربوو "

دوای ونکردنی چارەنووسی هەزاران بارزانی، ژن ومنداڵەکانیان بەبەدبەختی ژیانیان دەگوزەراند و تەنانەت هەموو دەرفەتێکی کاری فەرمی دەوڵەتیان لێسەندرابووەوە.

دوای چەند مانگێک لە ونبوونی چارەنووسیان، سەدام حوسێن لە تەلەفزیۆن دەرکەوت گوتی "بارزانییەکانمان نارد بۆ دۆزەخ " سەرەڕای ئەم لێدوانەی سەدام حوسێن بەڵام کەس وکاری گیراوەکان هەوڵیاندەدا زانیاریان بدرێتی لەمان و نەمانی کوڕو براو پیاوەکانیان،پیاوانی رژێم دەیانوت "پیاوەکانتان لەشەڕی نێوان ئێمەو ئێراندا تیاچوون "

یەکێک لەمەرجەکانی رازیبوون بەئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد،ئاشکراکردنی چارەنووسی بارزانییەکان بوو،بەڵام ئەوان پێیان لەسەرئەوە داگرت کە" چارەنووسی ئەوان لەجەنگی دژی ئێراندا تیاچووە، کێشە بنەڕەتییەکەی ئێمە و ئێوە زۆر بنچینەیی ترە لە کێشەی ئەو بارزانیانە "ئەم دوا وەڵامی ئەوان بوو بەو چەشنە راستییەکانیان پەنادابوو.

لەدوای رووخانی رژێم لە 9ی ئەپریلی ساڵی 2003 بەڵگەنامەی روون و ئاشکرا کەوتنە بەردەست کەدەیسەلمێنێت کوردە بارزانییەکان لەلایەن فاشیستەکانی بەغداوە لە ساڵی 1983 جینۆسایدکراون .

بابزانین یەکێک لەو بەڵگەنامانە چیدەڵێت :

"بەفەرمانی د.فازل بەراک بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ئەمن هێزێکی گەورەمان پێکهێنا کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەک ئەفسەرو کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی ئەمنی هەولێر وکارمەندانی بارەگای حوکمی زاتی و فەوجەکانی تەواری پارێزگاکان، بەفەرمانی لیوا عەبدولموحسین ولیوا خەیری سالح داود وە بەفەرمانی بەڕێوەبەری دەزگای حوکمی زاتی و بەڕێوەبەر ی ئەمنی هەولێر، پلانێک دانرا کەبەشێوەیەکی زۆر نهێنی بچینە نزیک ئۆردوگاکانی بارزانییەکان و بەهێزەکانی گاردی کۆماری گەمارۆیان بدرێت"

بەجێهێنانی ئەرکەکە بەدوو قۆناغ جێبەجێ کرا:

قۆناغی یەکەم :ئۆردوگاکانی قودس و قادسیەو قوشتەپە بەشەو گەمارۆ بدرێن کەئەو ئۆردوگایانە لەناوەندی پارێزگای هەولێرەوە نزیکن و بەیانیش زوو بەهاوکاری هێزە ئەمنییەکان هەڵبکوترێتە ناو ئۆردوگاکە .

قۆناغی دووەم:هەڵبکوترێتە سەر ئۆردوگای حەریر لەسنوری شەقڵاوە و ئۆردوگای دیانا لەناوچەی رواندز و هەروەها ئۆردوگای سور لە قەزای زێبار، هەموو ئەم ئۆردوگایانەش بەهێزەکانی گاردی کۆماری گەمارۆ بدرێن و هێزە ئەمنیەکانیش بەشێوەیەکی زۆر نهێنی لەناوچەکە بڵاو ببنەوە بۆ گرتنی ئەوانەی خۆیان دەشارنەوە"

بەری بەیان هەموو ئەوپیاوانەی لەناو ئۆردوگاکاندا بوون کۆکرانەوەو دەستگیرکران، ئەوانەی خۆشیان پەنادابوو لەوناوچانە دەستگیرکران و لە سەرەتای مانگی ئۆگستسی 1983 بەسەرپەرشتی چەندین ئەفسەری گاردی کۆماری و بەپاسەوانی هێزەکانی گاردی کۆماری بەهەزاران کوردی بارزانی بەرەو بەغداد لەهۆی ئۆتۆمبێلی سەربازی تایبەتەوە گوێزرانەوە .

بەڵگەنامەیەکی تر ئاماژە دەکات بە دەستگیرکراوەکان کە" هەموویان نێرینە بوون و تەمەنیان لە سەروو 15 ساڵەوە بووە "

"ئەوانەی گواستمانەوە بۆ بەغدا رادەستی هێزێکی ترمان کرد کەپێکهاتبوون لەپیاوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی ئەمن و بەڕێوەبەرێتی ئەمنی بەغدا، ژمارەی دەستگیرکراوەکان 2225 دووهەزار و دووسەدوو بیست و پێنج کەس بوو " دوای رادەستکردنیان بەو هێزە ئەوانیش گواستویانەتەوە بۆ ناوچەی (بسەیە) لەپارێزگای موسەنا بەمەبەستی لەناوبردنیان لەلایەن کەتیبەی ئیعدامەوە .

بەڵگەکە دەیسەلمێنێت : هەر ئەو کات سزای کوردبوونیان بەسەرداسەپێندراوە بەو باک گراوندەی بارزانییەکان هەیانبوو لەدژی فاشیزم لە عێراقدا، شایەنی گوتنە مێژووی خەباتگێڕی کوردە بارزانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1904 تا ساڵی1975،

بارزانییەکان لەناوبران بەبێ ئەوەی دادگای بکرێن و بەبێ ئەوەی ئەوان بەرگری لەخۆیان بکەن،لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ئەوە روون بۆتەوە کەدوای جینۆسایدکردنیان دادگایەکی هەڵبەستراو فەرمانی لەناوبردنیان دەردەکات کەدەقەکەی بەعەرەبی دەخەمە بەردەستی خوێنەر:

"ثم صدر توجيه من السيد مدير الامن العام الاسبق بتنظيم قضايا خاصة للمهمين منهم ، وفعلا تم تنظيم ١٦ قضية ل " ٦٦٧" منهم واحيلت الى محكمة الثورة واصدرت بحقهم حكم الشعب بالاعدام ولم تسلم شهادات وفاة لذويهم وعلى ضوء ذلك التوجيه انعقدت محكمة الثورة لتصدر حكم الاعدام باشخاص نفذ حكم الاعدام بهم قبل أن تعقد المحكمة جلستها وقبل أن يعرفوا تهمتهم أو يدافعوا عن أنفسهم ومثال على ذلك قرار رئاسة محكمة الثورة وعدد الدعوى /١٤٤٦/ج/١٩٨٣ بتاريخ ١٩٨٣/٨/٣٠ "تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ١٩٨٣/٨/٣٠ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت بأسم الشعب القرار الآتي :الحكم على كل من صابر مصطفى محمد عبد السلام البارزاني واسماعيل فقي عولا البارزاني ورمزي عبدالله سليم البارزاني وامين عثمان هميرة البارزاني ونور ألدين محمد صديق البارزاني ونوزاد لقمان مصطفى البارزاني وآزاد لقمان مصطفى البارزاني وصلاح لقمان مصطفى البارزاني وبيداد لقمان مصطفى البارزاني ورجب اسماعيل حسن البارزاني وقادر نعمان جهور البارزاني ومجيد عبدالله سليم البارزاني وحكيم سعيد حسن البارزاني وسبحان أسماعيل عبد السلام البارزاني وزبير عبدالله سليم البارزاني وحسين ذياب در البارزاني ودلدار علي محمد حاجي البارزاني واسماعيل مصطفى محمود البارزاني وعلي عمر أسعد البارزاني وعثمان أحمد محمد البارزاني وعبد الباري سليمان عبد السلام البارزاني وعماد عثمان أحمد محمد البارزاني ونذير أحمد محمد عبد السلام البارزاني بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و ١٦٢ و ٤٢/٢/٢٧٥ و ٥٠ و ٥٣ من ق. ع ومصادرة أموالهم المنقولة وغير المنقولة ". كمية المبالغ التي تمت مصادرتها ممن ألقي القبض عليه كانت حسب وثائق السلطة " ١٩٤،٦٤٨، ٤٤٠ " وقد "واودعت لدى حسابات هذه المديرية".

ئەفسوس ساڵی 2003 لەدووری 275 کم لەشاری بەغداوە لەنزیک شاری سەماوە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە کەکوردە بارزانییەکانی تیادا کۆمەڵکوژکرا بوو،دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بەدۆسییەی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان 7کەسی لەسەرانی فاشیستی بەعسیی پەلکێشی ناو دادگا کرد لە دیارترینیان (عەلی حەسەن مەجید و تارق عەزیز )بوون .

قازی رەئوف رەشید دەڵێت "دۆسییەی بارزانییەکان بریتیە لەکوشتنی بەکۆمەڵی هەزاران رۆڵەو پیاوی کوردەبارزانییەکان و تێکدانی گوندەکانیان و کۆچپێکردن و دەست بەسەرداگرتنی سەروماڵ و سامانیان و راپێچکردنیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان لەدوای ساڵی 1975" ەوە.

سەرچاوەکان:
http://www.alquds.com/news/article/view/id/79299
http://saddamscruelty.blogspot.blog-post_08.html/02/com/2010

# یەکێتیی نەتەوەیی و قۆناغەکانی

بەختیار مام حەمید

یەکێتیی و یەکبوونی گەلانی جیهان و بە تایبەت گەلە چەوساوەو بندەست و داگیرکراوەکان پێویستییەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ و هەر کاتیی و هەمیشەییە!، بەرهەم و تام و چێژی یەکبوونیی نەتەوەیی لە گەلێکی ستەمکارو سەردەست و داگیرکارەوە دەگۆڕێت بۆ گەلێکی ژێردەست و داگیرکراو، هەروەک چۆن لەشساغی لە کاتی نەخۆشیدا هەست بە گرنگیەکەی دەکرێت ئاوهاش یەکێتیی نەتەوەیی لە کاتی پەرتەوازەیی و ئاوارەیی و چەوساوەییدا هەست بە گرنگیی و پێویستیەکەی دەکرێت.!،گەلی کورد پێویستە ئەزموون لە ئازاری لەتلەتی و پەرتەوازەیی وەربگرێت دەست بەجێ بڕواتە قۆناغی بەرجەستەکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و (یەکبوون و یەکگرتوویی) شەرەفمەندانە راگەیەنێت و دۆستایەتی میللی بە جێ بکات و پێشی بخات و هەنگاوی گرنگ بنێت بۆ بە دەوڵەتبوونی هەموو پارچە دابڕێنراوەکانی کوردستانی گەورە و ئاواکردنی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی بۆ کورد لە سەر ئاستی کوردستانی گەورەو کوردە ئاوارەکانی جیهان، بە ئەرکی دووەم دوای بەرجەستەکردنی خودی یەکێتیی نەوەیی بزانێت، ئەم یەکێتییە بە چەند قۆناغێک دەشێت ئاوا بکرێت و پێشبخرێت و سودی لێ ببینرێت.

### قۆناغی بیرکردنەوە لە یەکێتی نەتەوەیی

ئەم قۆناغە سەرەتایی داڕشتنی یەکێتیی نەتەوەییە لە بیرو هزرداو بە کاراکردنی ئەم قۆناغە زامنی هاتنی قۆناغی دواترو پێشکەوتنی بیری یەکێتیی نەتەوەیی دەدات، مرۆڤ پێویستە بیر لە ستەمی داگیرکاران بکاتەوەو هزری خۆی چالاک بکات بە لێکدانەوەی ئەم پرسیارانە، بۆ دەبێت منی کورد بکوژرێم؟!من کە ژنی کوردم بۆ زیندان دەکرێم؟! مرۆڤەکانی دیکەی جیهان بە ئازادی دێن و دەچن و پێشکەوتن بەرجەستە دەکەن ئەی منی نەوەی کورد بۆ وام لێدەکەن؟!تاوانم چییە؟ چیم کردەوە؟!ئایا شایەنی ئەم چەوساندنەوەم؟!ئەگەر باپیرانم خراپ بوون کە دڵنیام نەبوون، بەڵام من خراپیم چیە؟بۆ تورک و فارس و عەرەب و ئەرمەن خاکی ئێمەیان داگیر کردوە؟!،بۆ گەلان خاوەنی دەوڵەتن و ئێمە نەک دەوڵەتمان نییە بەڵکو رۆڵەکانمان زیندانی دەکرێن و دەچەوسێنرێنەوە لەسەر خواستی بە دەوڵەتبوون؟!بۆچی وردە ئاشتیخوازەکانی جیهان خەڵات دەکرێن، بەڵام سەرکردەکانی ئێمە لەدار دەدرێن و دەکوژرێن و زیندانی دەکرێن نمونەی (پێشەوا قازی محەمەد،سمکۆی‌شکاک،شێخ‌سەعیدی پیران،د.قاسملۆو د.شەرەفکەندی،د. محەمەد مەعشوق خەزنەوی،مەزڵوم دۆغان،عەبدولسەلام بارزانی،رێبەر عەبدوللا ئۆجەلان)؟!،،دوای پێشکخستن و چالاککردنی ئەم پرسیارانە لە هزرو مێشکی خوددا قۆناغی سەرەتایی واتە (چەکەرەو چرۆ) ی بیری یەکێتی نەوەیی چێ دەبێت و بەم جۆرەو دوای لێکدانەوەیەکی هزریانەی خۆ بە خۆ، قۆناغی یەکەم و چەکەرەی ئەم بیرە دێتە ئاراوە.

### قۆناغی هەوڵدان و بەرنامەڕێژی بۆ یەکێتی نەتەوەیی

کاتێک مرۆڤ بەڕاستی بۆی ڕوون بوەوە کە بۆ دەبێت کێشەی کورد بەم جۆرە بێت و بۆ دەبێت کە ئێمە یەک گەلین یەک خەبات و یەک شۆڕشی سیاسی و مەدەنیمان نەبێت؟!پاشان قۆناغی دووەم و قۆناغی کارکردن و هەوڵدان و بەرنامەو رێکخستن دێتە ئاراوە، کە ئەویش بە بانگەوازو نووسین و کۆڕو سیمینارو ناساندن و پێناسەی یەکێتیی نەوەیی، پێشدەکەوێت ..بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە کامڵ و پڕو بە بەرنامە بێت پێویستە داوا لە هەموو لایەن و کەس و حزب و رێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامی و عەلمانی و چەپی کوردی بکرێت بە بێ جیاوازی..،دەبێت کەسگەلی باش و وریاو بە تواناو بە هیمەت دەستنیشان بکرێن بۆ رێکخستنی حزب، رێکخراو،کەسەکان،بۆ کامڵکردنی ئەم قۆناغەو هەنگاوهەڵگرتن بۆ قۆناغی دوواترو دەست کردن بە ئاواکردنی بەرنامەگەلی ڕێک و پێک بۆ بەرە ئارمانج بردنی بابەتی یەکێتیی نەتەوەیی،

### قۆناغی هەنگاونان بۆ یەکێتی نەتەوەیی

ئەم قۆناغە دەتوانیت ناویشی بنێین (قۆناغی دەرکەوتنی نیشانەی سەرکەوتن بەرەو ئاواکردنی یەکێتیی نەتەوەیی) چونکە هەنگاو نان بۆ بەرجەستەکردنی قۆناغی سێیەم خۆی دەبینێتەوە لە کۆبوونەوەی لایەنەکانی کوردی و کۆڕو سیمیناری هاوبەشی حزبە کوردیەکان و هەروەها بەرنامەدانان بۆ ئاواکردن و سازکردنی بەرنامەیەکی رێک و چڕو پڕ بۆ کۆبوونەوەی هەموو بیرو ئایدۆلۆژیا جوداکانی ناو کۆمەڵگای کوردی و دروستکردنی رێکخراوی هەمەلایەنەی هەمە ئایدۆلۆژی بۆ ژنان،لاوان،سیاسیەکان و پیاوانی دینی و تەواوی چینەکانی جڤاکی کوردەواری بۆ بیرو بۆچوون و راگۆڕینەوە لەسەر چۆنێتی بە ئەنجامگەیاندن و کامڵکردنی پرۆسەی یەکێتیی نەتەوەیی و نزیکبوونەوە لەڕاستیی گرنگیەکانی یەکێتیی نەتەوەیی بۆ گەلێکی بندەستی چەوساوەی وەکو کورد.

### قۆناغی کۆتایی و کامڵبوونی یەکێتیی نەتەوەیی

ئەم قۆناغە دەتوانرێت بە قۆناغی بەرجەسەتبوونی یەکێتیی نەتەوەیی و ئاواکردنی راستەقینەی یەکبوونی گەلیش ناو ببرێت..بە یارمەتی خودای مەزن، دوای تەواوکردنی پێداویستیەکانی قۆناغی هەنگاونان و کارکردنی جدییانە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو قۆناغەی کە بە کامڵبوونی رێخۆشکەرە بۆ چوونە ناو قۆناغی بەرجەستەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی،ئەو کات مرۆڤ هەست دەکات ئەوەی لەم کاتەدا پێویستە هێنانە ئارای یەکێتیی و یەکبوونی میللەتە و دروستکردنی ئەنجومەنی نەتەوەیی لە هەموو پێکهاتەکانی گەل دەبێتە پێویستیەکی بنەڕەتی و گەل لە کاتی مومارەسەکردنی یەکێتیی نەتەوەییدا هەست بە سەرکەوتن و ئاسودەیی و واتاکانی ژیان دەکات، بە مەرجێک ئەم یەکێتییە لە لایەن گەلەوە پێشبخرێت و گەشەی پێبدرێت و پەروەردەی هەمیشەی بۆ بەرەوپێشبردن و برەودان بە لایەنە گرنگەکانی یەکێتییەکە بە جێ بکرێت و ناوەندو سەنتەرو رێکخراوی تایبەت بە فراوانکردنی یەکێتییەکە ئاوا بکرێت،هەروەها راگەیاندن و تی ڤی و گۆڤارو رۆژنامە و ماڵپەڕی تایبەت بە پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی هەبن و بە بەردەوامی و بێ وچان لە چالاکیدا بن و سەرکەوتن و شکشتی یەکێتییەکە دیاری بکەن و چارەی گونجاوی کوردانەی بۆ دابنێن و تێکدەرانی ئەم یەکێتییەش بە توندی سزا بدرێن!

### ئەنجام و سەرکەوتنەکانی یەکێتیی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد

لە کاتی دروستبوون و ئاوابوونی یەکێتیی راستەقینەی نەتەوەیی کورد،بە دەستهێنانی ئارمانجەکانی گەل دەبنە داخوازیی و داواکاریی هەمووان و خەباتی گەریلاو پێشمەرگەو ژن و پیاو لاوان و باکورو رۆژهەڵات و رۆژئاڤاو باشورو باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان و تەواوی چینەکانی دیکە دەبنە یەک و بە یەک هاوار داوا دەکرێت،بەرخودانی باکور،سەرهەڵدانی رۆژئاڤا،خۆڕاگریی رۆژهەڵات،خەباتی مەدەنیانەی باشور،تێکۆشانی گەریلاو سیاسەتمەدارانی کورد پێکەوە پێش دەخرێن و دەست لە ناو دەست دەوترێت (کوردستان..کوردستان)، پاشان ئەوەی چێندراوە بەرهەمەکەی دروێنە دەکرێت و بەرهەمیش کە (سەربەخۆیی،رزگاری،ئازادی،ژیانە) بێجیاوازی و زۆر بە دادوەرانە دابەشی سەر تاکەکانی جڤاکی کوردەواری دەکرێت و هەمووان لە ژێر سێبەری چەتری مەزنی یەکێتیی نەتەوەیی کورددا دەحەوێنەوەو هەست بە تامو چێژی ژیان و هەواو خاک و ئاو و مرۆڤایەتی و ئازادی و تەبایی و پێکەوەیی میللی دەکەن!،ئەو کات ئێش و ئازاری (ئامەد) و (کەرکوک) و (قامیشلۆ) و (مەهاباد) و (یەریڤان) و (لاچین) و (کوردڤان) و (کوەیتا) و هتد..دەبنە یەک ئازارو پێکەوە هاوار دەکەن و یەک پزیشکیش چارەو دەرمانیان دەکات کە ئەویش ئەنجومەنی یەکێتیی نەتەوەیی کورد (eynk)ە،ئەو کات (سوریا ) بۆ چەوساندنەوەی (کورد) یێک،تورکیا بۆ شێواندنی تەرمی گەریلاو زیندانی کردنی ژنە (کورد) یێک،ئێران بۆ لە سێدارەدانی ئازادی و شیرینی (کورد) یێک،ئێراق بۆ کودەتای پەرلەمانی لەسەر (کورد) یێک،ئەرمەنستان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ( کورد) یێک،دەبێت لە 60 بۆ 65 ملیۆن کورد هۆشیاری بکەن و بزانن کە کوشتن و چەوساندنەوەی کوردێک واتە چەوساندنەوەی تەواوی کوردان لە کوردستانی گەورەو سوکایەتی کردن بە یەکێتیی نەتەوەیی کورد و ئەمەش کارەساتی مرۆی دەقەومێنێت بۆیە لە حاڵەتی یەکێتیی راستەقینەی نەتەوەیی کورددا چەوساندنەوەو زوڵم و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر ئاستەمە و گران دەبێت..چونکە لە زۆر کۆنەوە پێشینەی کوردان گوتوویانە: (شکاندن و چەماندنەوەی یەک شوڵ دار زۆر ئاسانە،وەلێ شکاندن و چەماندنەوەی پێنج دار مەحاڵەو ئەستەمە) هەروەها گوتراوە: (یەک پەنجە بۆ مستیلە جوانە،بەڵام کە بوو بە پێنج بۆ بەرگری گونجاوە) بە ئاکامگەیاندن و تەواو کردنی قۆناغەکانی یەکێتیی نەتەوەیی زامنی پاراستنی زمان،ناس نامە،کەسایەتی،فەرهەنگ،مێژوو،جلو بەرگ،داب و نەریت،دەستکەوتەکانی خەباتی گەلی کوردە.

### خواستی یەکێتی نەتەوەیی لای کورد

ئەگەر بە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کوردو بە کورتی تەماشای قۆناحەکانی بکەین..دەبینین خواستی یەکێتی و یەکبوون لای کورد هەمیشە بوونی هەبووە،بەڵام کەسگەلی ئاژاوەچی و هەلپەرست و بەکرێگیراو بە دۆستایەتی داگیرکارانی کوردستان ئەم خواستەیان بن پێکردوەو رێگەیان بەرووان و سەوزبوونی چەکەرەی یەکێتیی نەتەوایەتی نەداوە،زۆر دوور نەڕۆین لە سالانی 1915-1932 یەکێتییەکی زۆر جوان بەرووەمت بوونی هەبووە،بۆ وێنە لە یەک ماوەدا لە باکور شۆڕشێک بوونی هەبوو بە رابەرایەتی شێخ سەعیدی پیران،لە باشوور تێکۆشان و شۆڕش هەبوو بە سەرپەرشتی مەلیک مەحموودی قارەمان،لە رۆژهەڵات شۆڕێکی بوێرانەو نەتەوەییانە لە ئارادا بوو بە سەرکردایەتی تێکۆشەر سمکۆی شکاک،لە رۆژئاڤا کەڵە شاعیرو هۆزانڤانی نەتەوەیی کورد مامۆستا جگەرخوێن لە رێکخستن و تێکۆشانی میللیدا بوو و هەوڵی دەدا شۆڕشەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە رۆژئاڤاش ساز بدات،لە باکوری رۆژهەڵات و قەفقازیا شۆڕشی مەزنی نەتەوەیی مەدەنی بوونی هەبوو کە دواتر کۆماری کوردستانی سووری لێبەرهەم هات،لە هەمووی گرنگتر دروستبوونی (جڤاتا وڵاتێ کوردا) کۆمەڵەی خۆیبوون،،1927-1946،بوو کە ئەندامی زۆربەی پارچەکانی کوردستانی گەورەی لە خۆ گرتبوو،بەڵام وەکو پێشتر ووتم بێگانەپەرستی و بەکرێگیراویی دوژمن ئەم خواستە مەزن و گرنگەی ژێر پێ خست.،ئێستا ئاسۆی ڕوونی یەکێتیی نەتەوەیی کورد لە باکوری کوردستان و بە تایبەت شاری (ئامەد)ە،وەک دیتمان ژنانی کورد لەوێ بۆ یەکەم جار هەموو پێکەوە کۆنفرانسیان بەست، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان،لە رۆژئاڤاو رۆژهەڵات و باشوریش ئەم ئامانجە بوونی هەیە بەڵام تا ئێستا بە یەک نەکراوەو رێکنەخراوە لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا،بەو هیوایەی هەموو حزب و رێکخراوو لایەن و سەرکردەو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەست بە خەبات بکەن بۆ یەکێتیی نەتەوەیی کوردو یەکڕیزی هەموو هێزەکانی کوردستان و دروستکردنی ئابووری هاوبەش،هێزی هاوبەش،فشاری هاویەش،زانستی هاوبەش و پێکەوەژیانی هاوبەش و بڕیاری هاوبەشی کوردانە.

# تۆپبارانی شاری حومس، قۆناغێکی تر لەبەردەم شۆڕشی سوریادا

نوری بەشیر



لانی کەم سەدان کەس بەدرێژایی چەند رۆژی رابردوو، بەهۆی تۆپباران وپەلامارە سەربازیەکانی رژێمی ئەسەدەوە بۆسەر شاری حومس کوژراو وبریندارى لێکەوتۆتەوە. شاری حومس کەسێهەمین گەورە شاری سوریایە وئێستا بۆتە ناوەندێکی سەرەکی شۆڕش وخۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی دژ بە رژێم، بەردەوام وەک مەترسیدارترین نیشانەی سوپای بەشار ئەسەد خۆی دەنوێنێ ودەکەوێتە بەردەم پەلاماردانەوە. بەڵام ئەم تۆپباران وکوشتارانە وئەم توندوتیژیە خوێناویەی رژێمی سوریا لەکاتێکدایە کەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی جگەلە چین و روسیا، بەگشتی لەڕیگای بڕیارنامەیەکەوە ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم لەشکرکێشی وکوشتارو تۆپبارانەی شاری حومس دەربڕیوە.هەرلەم بارەیەوە وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی دوێنێ بەرەسمی داوایان لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کەهێزی پارێزگار ڕەوانەی سوریا بکا و بۆپاراستنی ژیانی خەڵک بکەوێتە نێوانەوە.

هێرشەکانی سوپای سوریە لەهەینی رۆژی 10 مانگەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش بەو بەهانەیەوەیە کەسوپای ئازادی سوریا چەند گەڕەکێکی ئەم شارەیان کۆنترۆڵ کردووە لەو نێوەدا شەڕی کۆڵانەو کۆڵان شوێنی خۆپیشاندانی جەماوەری گرتۆتەوە. سوپای سوریا بۆ پاساودانی کوشتارەکانی باس لەوە دەکات کەشەڕی ئەو لەگەڵ هاوڵاتیاندا نییە، بەڵکو شەڕێکە لەدژی ئەو چەکدارانەی کەبەپشتیوانی دەوڵەتانی بێگانە لەهەولّی تێکدانی بارودۆخی سوریادان. ئەمە لەکاتێکدایە کەلەنێو کوژراوەکانی حومسدا منداڵ و ژن هەیە. تەنانەت بەوتەی یەکێک لەرۆژنامەنووسەکان، پەلاماردانەکانی سوپای سوریا بۆسەر شاری حومس زیاتر بۆسەر گەڕەکی بابا عومرۆ خەست بۆتەوە ودانیشتوانی چەند گەڕەکێکی تری گرتۆتەوە. هەروەها لەزمانی چەند کارمەند وپزیشکێکەوە کەخۆیان لەرووداوەکانی شاری حومسدا بوون ئەوە ئاشکرا بووە کەسوپای سوریا بێڕەحمانە کەوتۆتە کوشتاری خەڵکی مەدەنی وتۆپباران کردنی کوێرانەی گەڕەک و سوکنای هاوڵاتیانی مەدەنی. ئەمانەش بەئاستێک بوون کەخەڵک نەیانتوانیوە بریندارەکانی خۆیان لەم شارە بۆ چارەسەرکردن بگوێزنەوە. سوپای سوریا لەهەمان رۆژدا، کوشتاری هاوشێوەی شاری حومسی لەشارەکانی وەک خواروی دەرعا، ئەدلیب، زبدانی بەبیانووی بوونی چەکدار بەڕێوەبردووە، کەتائێستاش درێژەی هەیە. لەبەرامبەر ئەم تاوانانەی رژێمی سوریادا، گەرچی لەلایەن لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکەوە هێرش کراوەتە سەر سەفارەت وباڵوێزخانەکانی سوریاو لەچەند وڵات سووتێندراون، هاوکات لیبیا وئەڵمانیا کارمەندی سەفارەتەکانی سوریایان دەرکردووە، بەڵام خودی رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی حومس شۆڕشی خستۆتە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغێک کەخوێن و کاولکاری لەلایەک ئەگەری سیناریۆی جەنگی لیبیای بەهاتنە ناوەوەی رۆژئاوا ودەخاڵەتی سەربازی ئەمریکای زیاتر کردووە و لەلایەکیتریشەوە هەردوو بەرەی شۆڕش ودژی شۆڕشی رووبەڕووی ئەرکی تازە کردۆتەوە. لەسیما وخاسیەتەکانی ئەم قۆناغەدا، دەکرێ ئاماژە بەچەند خاڵی سەرەکی بدەین:

1 - کوشتارگای حومس، نیشانیدا، کەرژێمەکەی بەشار ئەسەد بەبێ سڵ کردنەوە لەهیچ شتێک، ئامادەیە لەپێناو سەرکوتی شۆڕشدا، هەموو خەڵکی سوریا قەتڵوعام بکات. گێڕانەوەی رووداوەکان بۆ سەردەمانی پێش خۆپیشاندانەکان وئارام کردنەوەی وڵات لەبەردەم بازاڕی کارو سەرمایەدا، ئەمە ئەو ئامانجەیە کەبۆرژوازی سوریا ودەسەڵاتەکەی یەک سات خۆی دواناخات لەدەستبردن بۆ سەرکوتی خوێناوی وتامەرگی خۆی دەستی پێوەدەگرێت.

2 - بەڵام خودی ئەم پەلامارو سەرکێشیە خوێناویەی سوپای سوریا هەر بەتەنها لەخەسڵەتی سەرکوتگەریەکەیەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو هەڵبژاردنی تاکتیکی دەستبردن بۆ چەک وپێکهاتنی سوپای ئازاد، لەقۆناغێکدا کەهێشتا شۆڕش ئامادەیەکانی بۆئەنجامدانی سەرکەوتوانەی ئەم ئەرکە، نەچۆتە سەرەوە، بەهانەیەکی گونجاوی داوەتە دەست رژێم وسوپا تا دەست بۆ کوشتارێکی لەم جۆرە بەرێت. ئەمە وێرای ئەوەی کەئەم تاکتیکە، خۆپیشاندان ومانگرتنە سەراسەریەکان کەچەندین جار کاریگەری لەمانۆڕەکانی سوپای ئازاد زیاترە، دەپێچێتە کۆڵانی داخراوەوە وفەزای سروشتی بۆ رێکخراوبوون وهاتنە مەیدانی جەماوەری تائەوپەڕی خۆی بەرتەسک دەکاتەوە.

3- رووداوەکانی حومس یەکجاریتر ناکارامەیی رابەری شۆڕش و رۆڵی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان دەردەخات. ئەمە لەکاتێکدایە کەلەڕووی رابەریەوە شۆڕش خاوەنی حزبێکی شۆڕشگێڕ وخاوەن بەرنامەو سیاسەتی شۆڕشگێرانە نییە کەڕێبەری کردنی هاتنە مەیدانی جەماوەر لەئەستۆ بگرێ وەهەنگاوبەهەنگا وخەبات و شۆڕش لەسوریادا بەرەو سەرکەوتن بەرێت. بەپێچەوانەوە سروشتی سیاسی وچینایەتی ئۆپۆزسیۆنێک کەخۆی بەشۆڕشدا هەڵواسیوە، لە سیاسەتی چاوەڕوانیکردن بۆ دەخاڵەتی سەربازی ئەمریکاو رۆژئاوا وهەوڵەکانی وڵاتانی عەرەبی کەخۆیان لەبەردەم ترسی هەڵایسانی شۆڕشدان، تێناپەڕێ. ئۆپۆزسیۆنێکی بۆرژوازی کەلەسەر ئاڵتەرناتیڤی پەرلەمانتاری و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دوای رووخانی رژێمی ئەسەد راوەستاوە وبەرنامەیەکی شۆڕشگێرانەی بۆ بردنە پێشەوەی شۆڕش تا ئاستی رووخانی رژێم ودامەزراندنی حکومەتی کاتی شۆڕشگێڕانە لەدەستدا نییە، بەپێویست ئایندەی شۆڕشی سپاردوە بەتێکەوڵێکەی سیاسی وتاکتیکی ئانارشیستی و نادەربەستانە.

رووداوەکانی ئەم رۆژانەی حومس بەتایبەتی و شۆڕش لەسوریا بەگشتی، پێمان دەڵێت کەخەباتو ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار وزەحمەتکێش بۆئازادی و یەکسانی وئایندەیەکی باش، بەکۆبوونەوە لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاری و بەرنامەی سەرخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینە لەتوانادایە. ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی وحزبەکانی تەنانەت ئەگەر بەرووخاندنی رژێمیش شۆڕش بەرەوسەرکەوتن بەرن، بەڵام داهاتووی کۆمەڵگا لەدوای ئەم ئەرکەوە، هەر ئەوە بەنسیبی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەکات کەلەتونس ومیسر پێی گەیشتوون.

# داوای بەشداریکردنی ژنان دەکرێت لە کابینەی نوێدا

## "ئەو ڕێژە 25 % کە لە پەرلەماندا بۆ ژنان هەیە گرنگە لەناو حکومەتیشدا هەبێت"

چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان داوادەکەن کە لەکابینەی نوێدا حکومەتدا ڕەچاوی ڕێژەی ژنان بکرێت و پۆستی زیاتریان پێ بدرێت، هاوکات ئاماژە بۆ ئەوەش دەکان کە ژنان دەتوانن سەرکەوتووبن لە کارەکانیاندا. پێشیانوایە پێدانی بەرپرسیارییەتی بە ژنان نیشانەی مەدەنی بوونی کۆمەڵگە نیشان دەدات.

**ریپۆرتێر: ئاڵای ئازادی**

لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، ژنان داوای بەشداریکردن لەحکومەتدا دەکەن و لە بەیاننامەیەکیشدا کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی بواری ئافرەتان و ژنان داوایان کردووە کە ڕێژەی 25%ی پۆستەکانی کابینەی 7 بۆ ژنان بێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە لەکابینەی شەشدا تەنیا یەک وەزیریان لەکۆی 21وەزیر هەبووە، کە دەکاتە 5%. بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان دەبێت ڕێژەی ئەندام پەرلەمانەکانی ژنان لە 25% کەمتر نەبێت، لەو ڕێگەیەشەوە ئێستا چالاکوانانی ئەو بوارە داوادەکەن کە ئەو ڕێژەیە بگواسترێتەوە بۆ ناو حکومەتیش.

شلێر مەجید، چالاکوان لە بواری مافەکانی ژنان، رایگەیاند" ئەگەر ژنان بیانەوێت گۆڕانکاری بکەن پێویستە لە سیاسەتەوە دەست پێبکەن، گۆڕانکاری لەدەرەوەی بەشداری سیاسی کارێکی مەحاڵە، بۆیە پێویستە ژنان بەشدارییەکی جدی لە کاری سیاسەتدا بکەن، مەبەست لە بەشداری کاری سیاسش بریتی نییە لەپێکهێنانی حزبێکی تایبەت بە ژنان، بەڵکو مەبەستەکە بەشداریکردنی هۆشیارانەی ژنە لەناو حزبەکاندا، واتە حزب وەک ئامرازێکی کاری سیاسی ببینرێت نەک وەک ئامانج"ئەو چالاکوانە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە پێویستە ژنان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشدار بن، جا هەر هەڵبژاردێک بێت. شلێر باسی لەوەشکرد هەموو ئەو بەشداریانە پێویستە بخرێنە چوار چێوەی یاساوە. ئەو چالاکوانە ئەوەشی خستە روو کە هەموو ئەم بەشداریانەی ژنان لەپێناو بەشداربوونیان لە حکومەت حزب مەبەست لێی خزمەتکردنی ژنان و دواجار هەموو کۆمەڵگەیە، بۆیە زۆر گرنگە ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردا و لەناو حکومەتدا بەشداریان پێبکرێت.

لەلایەکی دیکەوە نیاز عەبدوڵڵا ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی باسی لەوەکرد کە لە هەموو کابینەکانی حکومەتی کوردستان بەشداری ژن وەک پێویست نەبووە و گوتی "لەکابینەی پێنج 42 وەزیر هەبوو، تەنیا دوو وەزیریان ژن بوو، لەکابینەی شەش لە 21 وەزارەت تەنیا یەک وەزیری ژن هەبوو، کێشە ئەوەیە کە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت لەکابینەی حەوتدا وەزیری زیاتر لەکابینەکانی دیکە بە ژنان بدرێت ". ئاماژەی بەوەشکرد کە لە کابینەکانی پێشوودا ژنان لەو پۆستانەدا کە پێیان سپێردراوە تاڕادەیەکی زۆرباش سەرکەوتوو بوون، گوتیشی "ئەوە روونیش بووەتەوە کە ئەو ژنانەی بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ، دەتوانن دڵسۆزتر و دەستپاکتر و چالاکتر لە پیاوان کارەکان ئەنجام بدەن ". هەر لەبەر ئەو هۆیەش پشتگیری خۆی لەداوای زیاترکردنی ڕێژەی بەشداری ژنان لەو پۆستانەدا دەربڕی.

ئەو ڕۆژنامەنووسە هێمای بۆ ئەوەشکرد ژنان دەتوانن لە کارەکانیاندا سەرکەوتنی باش بەدەستبهێنن و ئەزموونیش ئەوەی سەلماندووە.

لەلایەکی دیکەوە لەنجە عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری دەزگای وارڤین بۆ پرسەکانی ژن، سەبارەت بە هەمان پرس گوتی "بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندی بڕیارا یەکێکە لەو مافەکانی ژنان و هەروەها دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی عەقڵی باوکسالارانەی کۆمەڵگە لەناو نێوەندەکانی بڕیاردانداا، بێگومان کاتێک ژنان لەناوەندی بڕیارداندا بن، بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ پرسی ژنان جیاواز دەبێت لەگەڵ پیاودا". لەنجە عەبدوڵڵا پێیوایە کە ئەگەر دەرفەت بدرێت بە ژنان بەباشی دەتوانن کارەکانیان ئەنجامبدەن، ئەویش نموونەی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هێنایەوە و گوتی "ئەگەر نموونە بە ئاسۆس خان بهێنینەوە، دەبینی ئەو کار و چالاکیانەی کە لەماوەی دووساڵی وەزارەتەکەی خۆیدا کردوویەتی هەروەها ئەدای ئەو وەزیرە لە زۆربەی وەزیرە پیاوەکان باشتر بووە، ئەوەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە و بەڵگەی ئەوەیە کە ژنان ئەگەر بواریان پێبدرێت، دەتوانن بەسەرکەوتوویی کارەکانیان بکەن". ئەو چالاکوانە گوتیشی "ئەو ڕێژە 25% کە لە پەرلەماندا بۆ ژنان هەیە گرنگە لەناو حکومەتیشدا هەبێت".



**سەرگوڵ ئەحمەد:**

# ژنان تاکو ئێستاش نەیانتوانیوە خاوەنی بڕیاری سیاسی بن

لەم دیمانەیەدا سەرگوڵ ئەحمەد چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان باس لە کێشەکانی ژنان دەکات و تیشکدەخاتە سەر پەرلەمان و یاساکانی تایبەت بە ژنان. هاوکات باس لە کێشەی ڕێکخراوەکان دەکات و ئاماژە بە بەشداری سیاسیانەی ژنانیش دەکات.

**سازدانی: ئاڵای ئازادی**



سەرگوڵ ئەحمەد: پێموایە گرفتەکە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی

ئاڵای ئازادی: ئەو یاسایانەی لەپەرلەمانی کوردستان دەرکراون و تایبەتن بە ژنان تاچەند توانیویانە ڕۆڵیان هەبێت لە کەمکردنەوەی کێشەکانی ژناندا؟

سەرگوڵئەحمەد: پەرلەمانتاران، بەتایبەتیش پەرلەمانتارە ژنەکان، لەماوەکانی رابردوودا توانیویانە کۆمەڵێک کاری باش بکەن، کۆمەڵێک یاسای زۆر دەرکراوە بۆ بەشێک لەو دیاردە ترسناکانەی لەم کۆمەڵگەیەدا هەبوون، خۆشبەختانە توانیویانە کاریگەرییان هەبێت و ئەو دیاردانەش ئێستا لە کەمبوونەوەیەکی بەرچاودان، پێموایە تاکە یاسایەک کە نەتوانراوە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، یاسای قەدەغەکردنی فرەژنییە، ئەم کێشەیەش تەنها پەیوەست نییە بە یاساکەوە، هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەم یاسایە بەشێوەیەکی تەواو، پەیوەندی بە شێوازی ژیان لەم کۆمەڵگەیەوە هەیە، من پێموایە ئەم یاسایە ناتوانرێت بە باشی جێبەجێبکرێت، ئەمەش لەبەر زۆری ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە و پەیوەستە بەو یاسایەوە.

ئاڵای ئازادی: هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاساکان کە لە پەرلەمان دەرکراون و جێبەجێناکرێن بۆچی دەگەڕێتەوە، ئەمە تاچەند پەیوەستە بە ژنان خۆیانەوە؟

سەرگوڵ ئەحمەد: ئەم یاسایە نە بە پەرلەمان و نە بە ڕێکخراوەکانی ژنانیش قەدەغە ناکرێت، فرەژنی مێژوویەکی درێژی هەیە، من پێموایە کێشەی فرەژنی بۆ ماوەیەکی درێژتریش بەردەوام دەبێت و بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت.

ئاڵای ئازادی: تاچەند پێتوایە کە ڕێکخراوەکانی ژنان توانیوە ڕۆڵی کارا بگێڕن لەبەرەپێشچوونی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژناندا؟

سەرگوڵ ئەحمەد: پێموایە گرفتەکە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان دەگەڕێتەوە، بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوانە، بەتایبەتیش ڕێکخراوە حزبییەکان کەسی شیاویان تێدا دانەنراوە، کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکە بە تەزکییەی حزبی دادەنرێت و ئەوەندەی کار بۆ حزبەکەی دەکات ئەوەندە کار بۆ ڕێکخراوەکە و کێشەکانی پەیوەست بە ژنانەوە ناکات، هەمیشە خەڵکێکمان لەماڵەوە هێناوە و بەرپرسیارییەتیمان پێداوە، ئەمە گرفتێکی گەورەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانە، هەرچی ڕێکراوە ناحکومییەکانیشن بە بەراورد بە ڕێکخراوە حزبییەکان کۆمەڵێک کاریان کرردووە، بەڵام ئەمانیش بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنن، ئەوانیش نەیانتوانیوە وەکو پێویست کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بکەن، کاری باش کراوە، بەڵام کارەکانی لەئاست کێشەکانی ژناندا نییە. گەورەترین گرفتی ئەم ڕێکخراوانە ئەوەیە کە ناچنە بنج و بنەوانی کێشەکانەوە و هۆکارەکان دەست نیشان ناکەن.

ئاڵای ئازادی: تۆ ماوەیەک لە ڕێکخراوێکی ژناندا کارت کردووە کە سەر بەحزبێک بووە، پرسیار ئەوەیە هۆکاری کارا نەبوونی ڕێکخراوانەی ژنان کە لەلایەن حزبەکانەوە دروستکراون بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لەکاتێکدا ژنان سەرپەرشتی ئەو ڕێکخراوانەش دەکەن

سەرگوڵ ئەحمەد: ئەو ڕێکخراوانەی کە حزب دایناون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنانە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە بەرپرسیاری ڕێکخراوەکە دەدرێتە کەسێک کە لە ماڵەوە هێنراوە و شارەزای کێشەکانی ژنان نییە، ئاستی تێگەیشتنی بۆ کێشەکان لاوازە، چالاک نییە، ئەوانەی دەکرێنە بەرپرس زیاتر ئیمتیازن، واتە بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز کار دەکات.

ئاڵای ئازادی: لەناو ڕێکخراوەکان و پەرلەمان و حزبەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بوونیان هەیە، ئەمانە تاچەند توانیویانە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بکەن؟

سەرگوڵ ئەحمەد: بەداخەوە سەرەڕای بەشدارییەکی زۆری ژنان لە جومگە سەرەکییەکاندا، بەڵام ژنان تاکو ئێستاش نەیانتوانیوە خاوەنی بڕیاری سیاسی بن، گرنگ ئەو بەرپرسیارییەتە نییە کە وەرگیراوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە تۆ وەکوژنێک تاچەند دەتوانیت لەو بەرپرسیاریەدا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ژنان بکەیت، گرفتەکە لەوەدایە کە بەشێک لە ژنان لەپشتەوە دەجوڵێنرێن، واتە ئەوان خۆیان خاوەنی بڕیارەکە نین، بەڵکو بڕیارەکە پێشتر دەرکرداوە و ئەوان تەنها بەڵێی بۆ دەکەن، بەشداری سیاسیانەی ژنان بەم شێوەیە یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی ژنان لەم کۆمەڵگەیەدا، ئەمەش لە هەموو ئاستەکاندا راستە، واتە ژنێکی بەرپرس لە ڕێکراوێکی بچووکدا تاکو دەگات بە پەرلەمان.



## عومەر خەسرۆ بەکر:

# سایتەکانی هەرێمی کوردستان بەئاسانی هاک دەکرێن

عومەر خەسرۆ بەکر، گەنجێکی شاری هەولێرەو، بڕوانامەی ئەندازیاری لەکۆمپیوتەر لەوڵاتی هۆڵەندا بەدەست هێناوەو ئێستا گەڕاوەتەوە هەولێر. لەودیمانە تایبەتەدا لەگەڵ ئاڵای ئازادی، لەسەرەتادا چۆنیەتی و شارەزابوونی لەبواری کۆمپیوتەر باس کردو گوتی" پێش چوونم بۆزانکۆی ئەرۆسێی لەهۆلەندا تاقیکردنەوەیەکم لەبارەی کۆمپیوتەرەوە ئەنجامداو سەرکەوتوو بووم، بۆیە لەزانکۆی ئەرۆسێی هۆڵەندی لەبەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر وەرگیرام، خوێندنەکەش بەزمانی ئینگلیزی بوو ئەوەبوو زۆر بەسەر کەوتووی ئەو کۆلێژەم تەواو کردو لەساڵی 2012 بەیەکجاری گەڕامەوە هەولێر".



**دیمانە — هێمن**

سەبارەت بەوێب سایتە ئەلیکترۆنیەکان لەهەرێمی کوردستان ئەو ئەندازیارە گوتی" بەهۆی نەبوونی سیستەم لەهەرێمی کوردستان و عێراق، بەئاسانی دەتواندرێت هەموو سایتێک هاک بکرێت، ئاماژەش بەوەدەکات، کە شارەزا نەبوون لەسیستەم و یاساکانی کۆمپیوتەر گەورەترین کێشەیە".

ئەو ئەندازیارە باس لە کێشەی خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەهەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت" کۆمپیوتەریش وەکو مرۆڤ عەقڵی هەیە، ئەگەر بەبێ زانین فەرمانی بدەیتێ کارت بۆ ناکات".

لەبارەی هاک کردنی سایتەکانیش گوتی" لەهەرێمی گوردستان، هیچ سزادان و سیستەمێک نییە بۆ ئەو کەسانەی سایتەکان هاک دەکەن".

ئەو گەنجە، لەتەمەنی 9 ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیان چۆتە وڵاتی هۆڵەندا، ماوەی دوو ساڵیش زمانی هۆڵەندی خوێندووە. دوای ئەوەی تەمەنی دەگاتە 16 ساڵ ئارەزووی خوێندن و شارەزابوون لەبواری کۆمپیوتەردەکات.

ئەو ئەندازیارە، خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەگەورەترین کێشە دەزانێت لەهەرێمی کوردستتان لەوبارەیەوە گوتی "گەورەترین کێشە لێرە کێشەی کۆمپیوتەرە، دیارە لەچاو وڵاتانی ئەوروپا بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لێرەدا تازەیە، بۆیە بەکارهێنەران نازانن چۆن کار لەگەڵ کۆمپیوتەر بکەن، چونکە هیچ کەسێک خوێندنی لەسەر نەکردووە بەڵکو هەر کەسەو دەچێتە بازاڕ کۆمپیوتەرێک دەکرێت و بەبێ ئەوەی هیچی لێ بزانێت و زمانی ئینگلیزی بزانێت بەکاری دەهێنێت، کە ئەوەش گەورەترین کێشەیە، چونکە ئامێری کۆمپیوتەر وەک مرۆڤێکی دەستکردوایە و عەقڵی هەیە، ئەگەر بەبێ زانیاری فەرمان بدەیتە کۆمپیوتەر ئەوکاتە ئەو ئامێرە هیچت بۆ ناکات و تووشی کێشە دەبێت.

گوتیشی" ئێستا هەندێ ئیمێل یان سایتی ئینگلیزی هەیە بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی بزانێ سایتەکە یان ئیمێلەکە چییە؟ دەیکاتەوە ئەوانەش زۆربەیان ڤایرۆسن بۆ کۆمپیوتەرەکە، وایلێدەکات دوای 30 ڕۆژ کۆمپیوتەرەکە لەکاربووەستێت و پێویستی بەفۆرمات دەبێت، ئێستا من لەهۆڵەندا کۆمپیوتەرێکم هێناوە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە فۆرماتم نەکردووە".

لەبارەی دروست کردنی وێب سایتەکانیش ئەندازیار عومەر گوتی" لەهەرێمی کوردستان هیچ بنەماو سیستەمێک نییە بۆ دروستکردنی وێبسایت، کە ئەمەش جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا، خۆی لەدەرەوەی گۆی زەوی تۆڕێک بۆ ئەو مەبەستە هەیە، کە تۆ سایتێکت کردەوە ئەوا پارچەیەک لەو تۆڕە وەردەگریت، ئەوەش بەپێی بچووکی و گەورەیی قەبارەی سایتەکە نرخەکانیان جیاوازە، ئێستا هەندێ سایت هەیە دەتوانی بەنرخی 100 دۆلار بکەیتەوە و بەشێکیش بۆ ئەرشیف تەرخان بکەیت".

ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە ئەو گەنجە گەڕاوەتەوە، کە خاوەن شارەزاییەکی زۆر باشە، بەڵام تائێستا هیچ دەزگایەکی ئەهلی و حکومی سوودی لە بەهرەو شارەزاییەکەی وەرنەگرتووە.

عومەرلەوبارەیەوە دەڵێت " ماوەیەکە لەهۆڵەندا گەڕاومەتەوە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی خزمەت کردنی وڵاتەکەم، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ لایەنێکی حکومی پەیوەندی پێوە نەکردووم ، بەداخەوە گەورەترین کێشەی ئەوانەی وەک من بڕوانامەی بەرزیان لەئەوروپا هێناوە لێرە ددان (ئیعتراف) بەو بڕوانامانە نانێن گوایە تەنسیقیان نییە، ئێمەش بۆ خزمەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی ئەو ئەزموونە گەڕاوینەتەوە، بەهەرحاڵ ئێستا خوێندکارم لەکۆلێژی جیهان لەبەشی زمانی ئینگلیزی دەخوێنم هیوادارم حکومەت و بەرپرسان چاوێک بەم جۆرە بڕیارانە بخشێنن، چونکە ناکرێت دان بە بڕوانامەی بەرز نەنرێت و هەموو ئەو ماندووبوونەمان بەفیڕۆ بدەن".

هەروەها ئەو گەنجەی باس لەو جیاوازیانەش دەکات، کە لەنێوان بەشی ئایتی و کۆمپیوتەر زانکۆکانی کوردستان و زانکۆ ئەورپییەکان هەیە، لەمبارەیەوە گوتی" سیستەم و خوێندنی ئەوروپا بەگشتی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ زانکۆکانی ئێرە، چونکە ئەگەر زمانی ئینگلیزی بەتەواوی نەزانی هیچ شتێک تێ ناگەیت، بۆیە کەسێک ئەگەر بیەوێت لە بواری کۆمپیوتەر بخوێنێت پێویستە سەرەتا زمانی ئینگلیزی زۆر بەباشی بزانێت، چونکە لەڕێگای کۆمپیوتەر دەتوانیت تۆڕو سایت بۆ دام ودەزگامان دابنێیت".

ئێستا دیاردەی هاک کردنی سایت و ئیمێڵەکان لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، بەڵام تائێستا هیچ کەسێک لەسەر ئەو دیاردەیە دەستگیرنەکراوە، لەوبارەیەوە گوتی" هەروەک چۆن هەموو مرۆڤێک ناوی تایبەتی خۆی هەیە، دیارە کۆمپیوتەرەکانیش ناوی تایبەتی خۆیان هەیە پێی دەڵێن ( ئای پی ئەدرێس) ئەوەش لە 8 ژمارە پێک دێت (20202020) ئەو کۆدەش لەڕێگای ئینتەرنێت پەیوەندی بەیەکتر دەکەن وەک سیستەمی چات کردن، لەوڵاتی هۆڵەنداش هەموو کۆمپیوتەرەکان لەژێر کۆنترۆڵی بنکەی پۆلیسدایە و هەموو ناوو ئەدرێسی کۆمپیوتەرەکان لەلای پۆلیسەکان دایە".

گوتیشی" سزادانەکەی غەرامەی 5 هەزار دۆلارە ئەوە جگە لەبەندکردن بۆ ماوەی 6 مانگ، لێرەشدا خەڵکانێک بۆیە بەئاسانی سایت و ئیمێلەکان هاک دەکەن، چونکە سایتەکان سیستەمی (پاسەوانی ئەنتی ڤایرۆسیان نییە) ئەگەر ئەو سیستەمەیان هەبێت زۆر زەحمەتە سایتەکان هاک بکرێت، سایتەکانیش لە هەرێمی کوردستان زۆر بەئاسانی هاک دەکرێت چونکە نازانن چۆن سایت دروست بکەن، بۆیە کەسێک زانیاری باشی هەبێت لەسەر سیستەمی کۆمپیوتەر زۆر بەئاسانی دەتوانێ ئەو سایتانە هاک بکات".

# خەڵکی لە دەست زەوییە بەتاڵەکان هەراسانن



هاوڵاتیان لە دەست بوون بە زبڵدانی زەوییە جێهێڵراوەکان بێزارن و داوا لە شارەوانی دەکەن بە پەلە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، هەندێکیش لە هاوڵاتیان پاکڕاگرتنی ئەم زەوییانە بە ئەرکی خەڵک دەزانن.

**ئاڵای ئازادی**

لەگەڵ فراوانبوونی گەڕەکەکان و پڕبوونەوەی زەوییەکان بە خانوو، چەند پارچە زەوییەک لێرە و لەوێ بە بەتاڵی ماونەتەوە و تاکو ئێستا ئەم زەوییانە نەکراونەتە خانوو، لە ئەنجامی چۆڵی زەوییەکانیش ئەم پارچە بەتاڵانە لەلایەن خەڵکی دەوروپشتی زەوییەکەوە کراونەتە زبڵدان، بەڵام خەڵکی بە گشتی لەو زبڵدانانە بێزارن و داوا لە شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە چارەسەرێکی بە پەلەی بۆ بدۆزنەوە، هەندێکیش لە هاوڵاتیان پێیانوایە کە پاکڕاگرتنی زەوی بەتاڵی گەڕەکەکان لە خەستۆی خەڵکی ئەو گەڕەکانەیە.

(ئاری شەمسەدین) کە دانیشتووی گەڕەکی (نەورۆز)ی شاری هەولێرە، ئاماژەی بەوەکرد کە لە گەڕەکەکەیاندا ژمارەیەکی کەمی زەوی نیشتەجێبوون بە بەتاڵی ماونەتەوە، بەڵام چەندان پارچە زەوی شارەوانی کە بۆ پڕۆژەی جۆراوجۆر جێهێڵراوە، بەتاڵن و لە لایەن هاوڵاتیانە وەکو زبڵدانیان لێکراوە، ئەو هاووڵاتییە گوتی "بەشی زۆری ئەو زەوییانە لە نێوان چوار ڕیزە ماڵدا هەڵکەوتوون، باشە جگە لە خەڵکی ئەم چوار کۆڵانە کێ زبڵ لەو زەوییانە فڕێدەدات؟ زۆرینەی خەڵکی کاتێک شتێکی ناشیرین دەبینن، هێرش دەکەنە سەر حکومەت، بەڵام من لەمەدا حکومەت بە بەرپرسیار نازانم، بەڵکو پێموایە خودی خەڵکی دەوروبەری زەوییە بەتاڵەکان بەرپرسن لە پاکڕاگرتنی ئەم زەوییانە". ئەو هاوڵاتیە ئەوەشی گوت "خەڵکی تاکو ئێستا خۆیان لە بەرامبەر بستێکی دەرەوەی ماڵەکەی خۆیاندا بە بەرپرسیار نازانن".

(هۆگر کەریم)یش کە دانیشتووی گەڕەکی (121ی گوڵان)ە لە شاری هەولێر، ئاماژەی بەوە کرد کە بە هۆی تازەیی گەڕەکەکەیانەوە چەندان پارچە زەوی بەتاڵ تاکو ئێستاش نەکراونەتە خانوو، لە بەرامبەریشدا جووڵانەوەیەکی بەهێزی دروستکردنی خانوو لە گەڕەکەکەدا هەیە، بەڵام گوتی "بەداخەوە ئەو ماڵانەی بە خانوو دروستکردنەوە خەریکن، زۆرینەی پاشماوەکانی خۆیان لەو زەوییە بەتاڵانە فڕێ دەدەن، ئەگەر وابڕوات لەمەودوا ژمارەی زبڵدانەکان لە گەڕەکەکەماندا یەکجار زۆر دەبێت".

هەروەها گوتیشی "پاکڕاگرتنی شار پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر مرۆڤ ڕۆشنبیر بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ماڵەکەی و شارەکەی خۆی پاکڕادەگرێت، بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیر نەبێت، ئەوا شارەکەی دەکات بە وێرانە".

لەلایەن خۆشیەوە (دیدار مستەفا)ی تەمەن (26) ساڵ کە دەرچووی کۆلێژی زانستە لە زانکۆی سەلاحەدین، باسی لەوەکرد کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر زەوی جێهێڵراو لە شارەکانی کوردستاندا وەکو زبڵدانیان لێهاتووە، هاوکات بە ئەرکی هاوڵاتیانیشی بینی کە پارێزگاری لەم زەوییانەدا بکەن، لە هەمان کاتیشدا گوتی "حکومەتیش ئەرکی دەکەوێتە سەرشان، چەندان کەس وەکو چاودێری شارەوانی لەگەڕەکەکاندا دامەزراون، پێویستە ئەوانە کار بۆ ئەوە بکەن کە خەڵکی زبڵ لەو زەوییانەدا فڕێ نەدەن، هەروەها پێویستە شارەوانی هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە لەم بارەیەوە ئەنجامبدات، بە جۆرێک کە کاریگەری لەسەر عەقڵیەتی خەڵک هەبێت، بە پێچەوانەوە سوودێک بە هیچ لایەنێک ناگات".

هاوڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی لە دەست پیسی ئەو زەوییە بەجێماوانە بێزارن و داوای چارەسەری بە پەلە لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن، هاوکات زۆرینەشیان ڕەخنە لە خودی خۆیان دەگرن سەبارەت بە پاکڕانەگرتنی ئەو زەوییانە، بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە لە کاتێکدا هەموو ڕەخنە لە بە زبڵدانکردنی زەوییە جێهێڵراوەکانی گەڕەکەکان دەگرن، کێن ئەوانەی زەوییە بەتاڵەکان دەکەن بە زبڵدان؟

**بەداخەوە ئەو ماڵانەی بە خانوو دروستکردنەوە خەریکن، زۆرینەی پاشماوەکانی خۆیان لەو زەوییە بەتاڵانە فڕێ دەدەن، ئەگەر وابڕوات لەمەودوا ژمارەی زبڵدانەکان لە گەڕەکەکەماندا یەکجار زۆر دەبێت**

# خێزان لە کاتی کێشەی نەوجەوانەکانیدا لەبری چارەسەرکردن، خراپتری دەکەن

لەم دیمانەیەی ئاڵای ئازادی، (یوسف کەمال هەولێری) رابەری پەروەردەیی لە سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر سەبارەت بە لایەنی دەروونی خوێندکارانی قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی و کێشە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیان دەدوێت، هاوکات باسیش لە گرفتی رابەری پەروەردەیی دەکات.

**سازدانی:ئاڵای ئازادی**

ئاڵای ئازادی: کێشە و گرفتەکانی نەوجەوانان و گەنجان لە قۆناغی ئامادەییدا چییە؟

یوسف هەولێری: دەکرێت ناویان بنێین گەنجان، چونکە لە قۆناغی ئامادەییدان و لە پۆلی چوارەمی وێژەیی و زانستیدان تاکو شەشەم، واتە قۆناغێکە کە تێیدا خۆیان بۆ چوونە کۆلێژ و زانکۆکان ئامادە دەکەن. بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی خوێندکاری خوێندنگا گشتییەکان لە گەڕەکی میللیدان، جگە لە کەمینەیەک کە لە گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکاندان، تەنانەت لە دوای 2003وە بە هۆی گۆڕانی رەوشی سیاسی لە عێراقدا، جیاوازی لە نێوان خوێندکارانی هەژار و دەوڵەمەند لە خوێندنگا حکومییەکان کەمتر بووەوە، ئەمەش وادەکات کە رێژەی قوتابییان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات و خۆشەویستییان بۆ خوێندن و ئومێدیان بە ئایندەیەکی گەش پەرە بسەنێت، لە دوای 2003وە کێشەکان کەمتر بووەتەوە، بەڵام هەڵبەتە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی خوێندکاران کێشەی تازە لەڕووی چۆنایەتییەوە دێتە پێشەوە. لە پێش 2003 و پاش 2003 کێشەکان لەڕەگ و ریشەوە جیاوازییان هەیە، چونکە بمانەوێت یان نا پەیوەندییەکی دوور و نزیکمان بە گرفتەکانی عێراقەوە هەیە. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خێزانی کورد بەرەو خێزانێکی سادە دەڕوات، کە خێزانی سادە پێکدێت لە (باوک، دایک، خوشک و برا)، ئەمەش وادەکات کە خێزان گرنگییەکی زۆر بە یەکتر بدەن، بە تایبەتی دایک و باوک زیاتر گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن، بۆیە دەبینین کە خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر ئەوەی کە دایک و باوکان دەیانەوێت منداڵەکەیان ئایندەیەکی مسۆگەری هەبێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەگەر ئەو خوێندنگا ئەهلی و تایبەتییانە دەربهێنین کە ساڵانە کرێیەکانیان لە 4 تا 5 هەزار دۆلارە، زۆربەی زۆری دایک و باوکی خوێندکارو مامۆستان و لە خوێندنگای حکومیدان، لێرەدا ئەمە وەک ئەو چێشتخانانەی لێدێت کە خواردن بۆ خۆیان دروست دەکەن، کەچی خواردنی خۆیان لە دەرەوە بۆ دێت. دەبێ هۆکار چی بێت کە مامۆستایان منداڵەکانی خۆیان لە خوێندنگاکانی خۆیان دانانێن؟ لە کاتێکدا لەوانەیە تێچوونی خوێندنی خوێندنگای ئەهلی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی خێزانەکان هەبێت. سیستەمی پەروەردەش بە تایبەتی گۆڕانی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە تا شەشەمی ئامادەیی هەیە، دەبینین کەموکورتی تێدایە، چونکە باسی هەندێک کەسی تێدایە کە دەکرا لەوان گرنگتری تێدابوایە، بۆ نموونە ناوی هونەرمەندێکی تێدایە و زۆرترین زانا و بلیمەتەکانمان لە بیر کراون. ئەمانە وادەکات کە خوێندکارەکان هەست بە دیاردەی هەژاری زانستی بکەن. بەرپرسیارێتی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی کارگێڕەکانی پەروەردە لەڕەوشی واقعی خوێندنگاکان ئاگادار نین و بڕیارەکان لە پشت مێزەکانەوە بە هاوشێوەی سیستەمی وڵاتانی دیکە دەردەهێنن، لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە لە واقعی کۆمەڵایەتی خوێندنکار دوورن. ئێستا مەودایەک لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان دروست بووە کە پێویستی بە لێکنزیک کردنەوە هەیە.

ئاڵای ئازادی: قۆناغی نەوجەوانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە کێشەی تێدایە، بۆ نموونە کوڕ و باوکان زۆربەی کاتەکانیان بە ململانێ بەسەر دەبەن، هۆکاری ئەم ململانێ کۆمەڵایەتییە چییە؟

یوسف هەولێری: هۆکارێکی زۆر هەیە، باوک ئەوەندە خەمخۆری ئەوەیە کە کوڕەکەی کۆپی خۆی دەرچێت و لەڕێگە لانەدات، کۆمەڵێک شتی لێ قەدەغە دەکات، نەوجەوانیش قەرەبووی ئەو قەدەغەیە لە دەرەوە دەکاتەوە، هەڵبەت لەدەرەوەش لەگەڵ کەسانێکی کەم ئەزموون تێکەڵ دەبێت. ئەمە وادەکات کە منداڵ تووشی هەڵە ببێت، لەبەرامبەریشدا باوکەکە هەڵەکە چاک ناکاتەوە، بەڵکو بە لێدان و جوێن پێدان وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر منداڵەکە توندی دەنوێنێت، چونکە باوکەکە هەست بەوە دەکات کە هەڵەی منداڵەکە لەکەی خستووەتە سەر خێزانەکەی، لابردنی لەکەکەش بە لێدان و جوێندان ئەنجامدەدات، ئەوەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەگەر نەوجەوانەکە کچ بێت پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات، کوڕیش بێت پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات. جیاوازی ئێمە وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکی دیکە جیاوازە، ئێمە پێمانوایە کاتێک کەسێک خۆی دەکوژێت یان دەسووتێنێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوەندە ئاڵۆز بووە، ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات. پێویستە دایک و باوک وەکو دۆستێک خۆیان بۆ منداڵەکەیان پیشان بدەن، رەچاوی حەز و ئارەزووەکانی بکەن و بەدواداچوون بۆ پێویستییەکانیان بکەن.

ئاڵای ئازادی: رابەری پەروەردەیی لە کوردستاندا زۆر گلەیی لێ دەکرێت بەوەی زۆرتر کارا نییە و جێدەستیان دیار نییە؟

یوسف هەولێری: کاتێک دەڵێین رابەری پەروەردەیی، واتە هاوڕێی خوێندکاران و دەبێت رابەر خۆی بهێنێتە ئاستێک کە وەکو ئەوان بیر بکاتەوە، کاتێک وەکو ئەوانیش بیری کردەوە، ئەوا دەزانێت کە کێشە و گرفتەکانیان چییە. هەروەها رابەری پەروەردەیی زیاتر دەبێت لە ناو خێزانی خوێندنکارەکەدا کار بکات و ئاگاداری هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابی بێت، بەڵام نەک خوێندنکار واهەست بکات کە ئەو رابەرە جاسوسی لەسەر دەکات، بەڵکو دەبێت وا هەست بکات کە بۆ مەبەستێکی باش و چاکسازیکردن چاودێری دەکات. بەشێوەیەکی گشتی لە دوای ساڵی 1923 کە سیستەمی ئینگلیزی هاتووەتە ناو عێراق، خوێندکاران کێشەیان لەگەڵ (ئینگلیزی و بیرکاری) هەیە، ئێستاش زمانی ئینگلیزی بووەتە پێویستییەک لە پێویستییەکان، بۆیە دەبێت رابەری پەروەردەیی خوێندکاران والێبکات کە ئەو دوو وانەیەیان حەز لێببێت. لایەنی رۆحانیش گرنگە، ساڵانی رابردوو ئەگەر هەموو کتێبەکانی ئایین کۆکرابووایەوە، ئەوا 100 لاپەڕە دەرنەدەچوو، بەڵام ئەمساڵ پەرتووکەکان گرنگییەکی زیاتریان پێ دراوە. کاتێک پەروەردە لایەنی رۆحی خوێندکاران پشتگوێ دەخات، ئەوا خوێندنکار دەچێت لە شوێنی دیکە فێر دەبێت، لەو شوێنانەش بە سەقەتی فێر دەکرێت، لێرەشدا زەمانی ئەوە ناکرێت کە ئەو کەسە بە لاڕێدا ناڕوات و بە هەڵە لە ئایین و لایەنی رۆحی تێناگات



# قەدەری خراپ بەکارهێنانی مۆبایل

لارا و کاردۆ دوومنداڵی ژیکەلەن وجوانن، ئەوان بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن هەرزەکارێکەوەو، بەهۆی دڵپیسی باوکیانەوە، دایکیان لەدەستداوەو بەم هۆیەشەوە ئێستا شیرازەی خێزانەکەیان تێکچووەو لەم راپۆرتەدا چیرۆکی گیان لەدەستدانی دایکیان دەگێڕنەوە .

**رێپۆرتەر: ئاڵای ئازادی**

وەک نەریتێکی باوی کۆمەڵایەتی و ئاینی بەرەبەیانی رۆژی هەینی گەیشتنە سەرگۆڕەکەو، دوای خوێندنی سورەتی فاتیحەوە بەدەم گریانەوە، دایە گیان بۆجێتهێشتین و بۆلە چێشتە خۆشەکانی رۆژانی هەینی بێبەشت کردین".

پاشان دەستیاندایە تەنەکە شکاوەی ناوگۆڕستان و چوون ئاویان هێنا بۆسەردرەختەکانی سەرگۆڕەکەو بەدەم گریانەوە، درەختەکانی سەرگۆڕەکەیان ئاودەداو دایە گیان ئاگات لێیە درەختەکانی ژێر سەرت چەندە بەرزبوونەوە، کاردۆ و لارا لەسەرگۆڕی دایکیان وایان گووت".

توندوتیژی دژ بەژنان و ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان بۆتە پرسێکی گەورەی ئەو هەرێمەو بەپێی ئامارە نافەرمیەکان لەساڵی 1991کەئەم هەرێمە وەک هەرێمێکی سەربەخۆ حکومی خۆی دەکات تائێستا 12000ژن بەهۆی توندوتیژی جۆراوجۆر کوژراون و سووتاون.

لارا تەمەن 12ساڵ کەیەکێکە لەو منداڵانەی بەهۆی توندوتیژی باوکیەوە دایکی لەدەستداوە باس لەوەدەکات" ماوەی ساڵێکە دایکی بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەستداوە، بەدەم گریانەوە چیرۆکی گیان لەدەستدانی دایکی دەگێڕێتەوە ...ساڵێک لەمەوبەر نیوەڕۆیەکی گەرم بوو، کاتێک باوکم لەسەر ئیش گەڕایەوە، سەیری مۆبایلەکەی دایکمی کردوو، پاشان بەتوڕەیی یەوە گوتی "ئەوژمارەیە کێیە تەلەفۆنی بۆت کردووە، پاشانیش بردیە گەرماوەکەو بەدار زۆر زۆری لێداو، بەڵام گریان نەیهێشت قسەکانی تەواوبکات".

کاردۆ تاقە برا بچکۆڵەکەی لارا کەئێستا تەمەنی 11ساڵە چیرۆکی گیان لەدەستدانی دایکی تەواودەکات و باس لەوەدەکات" پاش ئەوەی کەباوکی بەشێوەیەکی زۆر بێڕەحمانە دەکەوێتە گیانی دایکیەوە، دایکی پەنا بۆخۆسووتاندن دەبات، بەڵام باوکی لەبڕی ئەوەی دەستی بگرێت، کەچی خۆی شقارتە بەدایکیان دەدات و بەم هۆیەشەوە دایکی ئاگر لەخۆی بەردەدات و دەسووتێت و بەرلەوەی بگاتە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات".

لەچەند رۆژی رابردوو (کوردۆ عومەر ) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندو تیژی دژ بەئافرەتان و ژنان لەپرێس کۆنفراسێکدا بەرۆژنامەنووسانی راگەیاندلەساڵی (2011) دا 43ژن کوژراون کە23یان لەهەولێرو 9یان لەسلێمانی و 6یان لەدهۆک و 5یشیان لەگەرمیان بووە، هەروەک راشیگەیاند کە44حاڵەتی خۆکوشتنیش هەبووە، هەروەها 128حاڵەتی سووتانی ژنان هەبووەو 123یشیان بەدەستی خۆیان خۆیان سووتاندووە".

10 ساڵ بوو دراوسێی ئێمە بوون لەم ژنە بەئەدەب ترو بەشەرەفتر نەبوو، بەڵام خوا ئەو کەسانە بگرێت، کەنازانن مۆبایل بەکاربێنن و ئاگر لەماڵی خەڵک بەردەدەن". پورە ئامینەی تەمەن 53ساڵە وایگوت.

پورە ئامینە باس لەوەدەکات"کەئەو نیوەڕۆیەی دڵخواز خۆی سووتاندووە ئەوان گوێیان لەهاواری دڵخواز بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەنادری هاوسەری دەرگای حەوشەکەیانی داخست بوو، رێگەیان نەداوە دراوسێیەکانی بەهانایانەوە بچن بەم هۆیەشەوە دڵخواز ئاگری لەخۆی بەرداوەو پاشانیش دەست بەجێ گیانی لەدەستداوە".

(س، م) کەئەفسەری پۆلیسە لەبەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەمێینە سەبارەت بەکەیسی دڵخواز گوتی"دڵخواز ئەو کاتەی بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەستدا تەمەنی 26ساڵ بوو، وەئەوکاتەی شووی بەنادر کردووە تەمەنی 15ساڵ بووەو، هەروەها تەمەنی نادریش ئەوکاتە 27ساڵ بووە".

کاردۆباس لەوەدەکات" کەئەوکاتەی دایکی گیانی لەدەستداوە، خوێندکاری پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بووە، بەڵام لەدوای گیان لەدەستدانی دایکی و زینداکردنی باوکی وازی لەخوێندن هێناوەو ئێستا لای خزمێکی باوکی لەدوکانێکی دارتاشی شاگردەو لەگەڵ خوشکەکەی لای نەنکیان دەژین".

نەجیبە عوسمان پیرەژنێکی تەمەن 60ساڵەیە و داپیرەی لاراو کاردۆیە باس لەوەدەکات"کەدڵخوازی بووکی هەتا بڵێی بەحەیاو شەرەف بووە، بەڵام بەهۆی نامەی مۆبایل کەبەهەڵە بۆی هاتووە، نادری کوڕی دڵ پیسی لێکردووەو بەم هۆیەشەوە ئێستا هەم بووکەکەی گیانی لەدەستداوە هەم کوڕەکەشی کەوتۆتە زیندان".

(س،م) ئەفسەرەکەی پۆلیس" باس لەوەدەکات پاش لێکۆڵینەوەدەرکەوتووە، کەگەنجێکی هەرزەکار بێئەوەی لەژیانیدا دڵخوازی بینیبێت، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی رۆژانە نامەی دڵداری بۆچەند ژمارەیەک ناردووەو، یەکێک لەوکەسانەش دڵخوازی خاوەن مێردوو دوومنداڵ بووە، لەئەنجامیشدا شیرازەی خێزانێکی لەدەستداوەو، ئێستاش ئەوگەنجە هەرزەکارە لەزیندانی چاکسازی نەوجەوانانە".

ئاری رەفیق بەڕێوەبەر لەبەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژبەژنان و ئافرەتان باس لەوەدەکات" کەلەماوەی سێ ساڵی رابردوو 3012ژن بەهۆی رووداوە جیاجیاکان سووتان یان کوژراون، ولەئێستاشدا هەفتانە 18تا20ژن خۆیان دەسووتێنن و بەم هۆیەشەوە لە80%یان گیان لەدەست دەدەن".

"بەشێک لەوپیاوانەی ژنەکانیان کوشتووە بەهۆی گومان و دڵپیسی بووە"

زیرەک محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی باس لەوەدەکات" کاتێک سەردانی بەندیخانەکانم کرد، لەگەڵ ئەوپیاوانە گفتوگۆم کرد کەژن یاخود خوشکەکانیان بەناوی شەرەف کوشتووە، بۆم دەرکەوت زۆربەیان بەهۆی گومان یاخودد دڵ پیسی ئەم کارەیان کردووەو، زۆربەشیان پەشیمانن لەوەی کەهاوسەر یاخود خوشکەکاننیان کوشتووەو لەبارێکی دەروونی زۆرخراپ دەژین".

دایکمان فریشتە بوو بۆئێمە، ئەو نازی دەکێشاین، خۆشەویستی بۆدەباراندین و، کەدەچووین بۆخوێندنگا جلەکانی دەگۆڕین و ماچی دەکردین، ئەوتابڵێی بەئەدەب و بوو، بەڵام ئاخ بۆئەو کەسانەی کەنازانن چۆن مۆبایل بەکاربێنن، لاراو کاردۆ ئەوەها کۆتاییان بەقسەکانیان هێنا.



# هێرش ناکەین،دەکەین

و. لەفارسیەوە: ئەفشین نەهری

هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەکەین، ناکەین، دەکەین، ناکەین، دەکەین، ناکەین، دەکەین!

کۆماری ئیسلامی خەریکی پیتاندنی یۆرانیومە، خەریکە، خەریک نیە، خەریکە، خەریک نیە، خەریکە! ( بی بی سی، رادیۆ فەردا، گویا نیوز، دەنگیی ئەمریکا و و و...)

لەوکاتەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە دروستکردنی پاڵاوگا ئەتۆمیەکانی کردووە، هەروا بێپسانەوە لەلایەن ئیسرایل، ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاواوە هەڕەشەی لێدەکرێت، بەڵام بێگوێدانە ئەو هەڕەشانە درێـژەی بەکاری خۆی داوە.

لەمدواییانە ئابلۆقە گورچکبڕەکانی (!) ئەمریکا و رۆژئاواشمان بینین، بەڵام دیسان کۆماری ئیسلامی هەروا بەو پەڕی رووقایمیەوە درێژە بەکاری خۆی دەداتو وەک کارناسان دەڵێن(ئێران ئامادەی پەرەپێدانی چالاکیە ناوکیەکانی خۆیەتی). لەلایەکی دیکە لەم چەند مانگەی دواییدا رۆژێک ئیسرایل گوتی هێرش دەکەینو لێناگەڕێین کاری خۆی تـەواو بکات. بەیانیەکەشی ئەمریکا گوتی ئیسرایل هێرش ناکاتو ئێمە دەمانەوێت لەڕێگەی وتووێژەوە پرسەکە چارەسەر بکەین. رۆژی دواتریش ئیسرایل گوتی ئێمەش نیازی هێرشکردنمان نییەو ئومێدەوارین کە ئێران دەست لەپیتاندن هەڵبگرێت. رۆژی دواتر ئەمریکا رایدەگەیەنێت هێرش دەکەین. دووبارە رۆژی دواتر دەڵێت هێرش ناکەین. بەکورتی ئەمریکا و ئیسرایل لەو بارەیەوە لەدرۆکردندا هیچیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە!

دروست ئەوە شەش مانگە دەڵێن هێرش دەکەین، هێرش ناکەین، دەکەین، ناکەین، دەکەین، ناکەینو ...! یەکێک نییە بڵێت ئێوە بەدوای چیەوەن؟ کرمتان هەیە کە ئەوەندە یاری بەهەستو نەستی میللەتەوە دەکەن؟

ئەوەندە خاوە خاو دەکەن تا ئێرانیش وەکو کۆریای باکوور بۆمبی ئەتۆمی بەدەست دێنێتو ئینجا هەم دنیا نابوود دەکات هەم میللەتی خۆی.

ئـەو ئێرانەی کە دەکـرا ببێتە یەکێک لەهاوپەیمانو دۆستانی ئێوە، ئێستا بۆتە هاوپەیمانو دۆستی "روسیا"ی باوەپیارەی دنیا!

بێگومان هەم ئێمە ئەوە دەزانینو هەم ئێوە خۆشتان کە ئەگەر مەبەستتان یارمەتیدانی گەلانی ئێران بوایە یان خوازیاری ئازادیی خەڵکی ئێرانو دروستکردنی وڵاتێکی دیموکرات بووبان بەئاسانیو تەنانەت بەبێ شەڕیش دەتانتوانی ئێران ناچار بکەن، بەڵام بەرژەوەندیە شیرینەکان لێنەگەڕان بیر لەمیللەتی ئێمە بکەنەوە.

دیسانیش دووبارەی دەکەینەوە تاکار لەکار نەترازاوە بیرێک بکەنەوە، چونکە دواتر پەشیمان دەبنەوە!

لەسایتی (بالاترین) وەرگیراوە

# ئایا کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتی کوردی لەهەرێمی کوردستان دابمەزرێت؟

وەرگێڕانی: فارس چەتۆ

بەشی یەکەم



لێدوان و لێکدانەوەی راڤەکاران و سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی گەلی کورد گرنگیپێدانی بەئایندەی عێراق و گەلی کورد لەعێراق و عەرەب و بێگانە لەبارەی بابەتی شیمانە و ئەگەری سەرهەڵدانی دەوڵەتی کـوردی لـەومـاوەی (5-10) ساڵی دادێت لەهەرێمی کوردستان، زیاتر لەوە دڵنیابوون کاتێک ناوچەکانی پێش و پاش هێڵی پانی (36 و 38) لەنیوەی ساڵی (1991) خرایە ژێر پاراستنی نێودەوڵەتی.

بەپشت بەستن بەدیالەکتیکی فەیلەسوفی ئەڵمانی (هێگل) لەچەمکی بزاڤی پێشکەوتن بەرەو پێشچوونی جیهان لەمێژوودا بەرەو یەکێتی، هۆشیاری، پێگەیشتن، نەمری، ئازادی، لەرێگای زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لەپرۆسەی گـۆڕان و پێشکەوتن هەروەها بەپشت بەستن بـەڕووداو مەنتقی شۆڕشی گەلان لەمێژوودا یان وەک دەڵێن جولەی (بـەنـدول) بـارودۆخـی نێودەوڵـەتی و نێوخۆیی سیاسی هەمووی لەئێستادا لەخانەی ئەو شیمانەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی لەئاینده لەهەرێمی کوردستاندا دەکەنەوە،سەرەڕای ئەوەی دەستپێکردنی شارستانێتی لەمسیۆپۆتامیا پێش حـەوت تا دە هـەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی سیاسیەوە (15-20) سـەدە دەبێت، لەمتبوونێکی دووردرێـژ دەژیت، لەبەرئەوەی هەموو ئیدارە سیاسیەکان کە کاروباری ئەو ناوچانەیان کەوتۆتە دەست جگە لەماوەیەکی کەمی سەردەمی عەباسییەکان نەبێت هیچیان نەکردووە و هۆیەکەشی روون ئاشکرایە.

بەپێی ئەو دراوانە (المعگیات) کە لەسەر ئەرزدا هەیە، هیوایەک هەیە بۆ روودانی قەڵەمبازێکی چۆنایەتی لەگۆڕان و پێشکەوتن لەرۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت وەک گوتمان دەتـوانـدرێـت هەر لەهەرێمی کوردستان سەر هەڵبدات، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە شەڕوشۆڕ و بێئومێدی و بێبەش و کوشت و پڕ و وێرانکاری و راگواستنێکی زۆری بەدرێژایی سەد ساڵ بەخۆیەوە بینیووە، وەک دەڵێن (پێویستی دایکی داهێنانەکانە) لەلای هەموو هەموو گەلێک و لەهەموو سەردەمێکدا گەلی کـورد و ئەو گەلانەی دیکەی لەگەڵیدا دەژین بەتایبەتی گەلانی (کلدانی و ئاشووری و سریانی) گەیشتۆتە هۆشیارێک وەک ئەو هەوێنەی کە پێویستیەتی بۆ ئەوەی گۆڕان و پێشکەوتن (دیالەکتیکی هێگل)ی لەلارووبدات، هـەروەهـا ئـەو ئـیـرادەیـەی کـە پێویستیەتی (شۆبنهاوەر) لەلای کۆمەڵگا و سەرکردایەتی سیاسی گروپێک ببووە، هەموو ئەو فاکتەرانە و ئیتر رەورەوەی مێژوو بەرەو ئازادبوون لەئەقلیەتی کۆن دەبات، لەڕووی مێژووییەوە ئەگەرچی کورد وەک نەتەوەیەک لەمێژوویەکی کۆنەوە هەن، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروو بـەر دەوڵەت لەناویاندا سەریهەڵنەدا لەو ناوچەیەی بەچەندین سـەدە بوونیان بەدیار دەکەوێت، بەتایبەتی لەدوای هەردوو جەنگی گێتی، یەکەم شۆڕشیان لەسەر دەستی شێخ مەحمودی حەفید لەسلێمانی لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا، دواتر خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەی مێژوویی خەم و ئاواتەکانی گەلەکەی هەر لەساڵی (1933)وە تا کۆچی دوایی لەساڵی (1977) خستە ئەستۆی خۆی، لەدوای کۆچکردنی کوڕەکانی بەبەشداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرکردایەتی شۆڕشیان گرتە دەسـت درێـژەیـان بە پرۆسەی خەباتدا لەپێناو ئەتۆنۆمی بۆ کورد و براکانیان لەگەلانی دیکەی کوردستان، هەندێک فاکتەری گرنگ کە لەهەرێمی کوردستان هەن وەک گوتمان بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی لەوانە:

یەکەم: پێویستی نێودەوڵەتی بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی دیموکراتی لەناوچەکەدا، لەبەرئەوەی زۆربـەی دەوڵەتان پشتگیری لێدەکەن، ئەگەر دەوڵـەتـی کـوردی و نـەتـەوەکـان کە پێکەوە دەژیـن لەگەڵیاندا بەهەموو بەندەکانی یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ رازیبن.

دووەم: ئاڕاستەکردنی عەلمانی وەک گوتمان ئەو ناوچەیە متبوونێکی دوورودرێژ کە (15-20) سـەدەی خـەیاندووە بەهۆی هەژموونی ئاینی کە زاڵبوو بەسەر مرۆڤی ئەو ناوچەیە نەبوونی هیچ هیوایەک بۆ پەسەندکردنی هەر گۆڕان و پێشکەوتنێک سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە.

سێیەم: ئـازادی فیکر و پەرستن، ئەوەیان بەندێکی بنەڕەتی مافەکانی تاکە لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.

چـوارەم: پێویستی و پسپۆڕی، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بیرۆکەیەکی باشیان لەبارەی گرنگی یەکێتی و پێکەوە ژیان هەیە تا کۆمەڵگا بەئاشتی و ئەمان بژیت و ماف بەئەوانی دیکەی جیاواز بدرێت لەژیان و بـوون، لـەدوای ئەو سەردەمە دووروودرێـژە بێبەشی و بەدبەختی و شەڕو وێرانکاری بێگومان ئەو وشیاریەی گەلی کورد بەو ئاستە نییە وەک ئەوەی لەدەوڵ‘تانی پێشکەوتووی ئەسکەندەنافیادا هەیە کە "100" ساڵە نـەخـوێـنـدەواری تێدا نـەمـاوە , بـەڵام سەرەتایەک هەیە بۆ پەسەندکردنی ئەوانی دیکە و وازهێنان لەئەقلیەتی کۆن لەلای نەوەی نوێ کە تێکەڵ بە ئەوروپا و تورکیا بووە تەبەنی بیرو پلانی گەلانی ئەوروپای کردووە.

پێنجەم: ملاملانێی هەرێمایەتی لەنێو دەوڵەتانی ناوچەکە کە پێچەوانەی جووڵەی پێشکەوتن گۆڕانە ئەمەش وادەکات.

# واشنتن پۆست: پاشای سعودیە و دووڕوویەکی خوێناوی



وە: غازی حەسەن

دەستەی نووسەرانی رۆژنـامـەی واشنتن پۆستی بەناوبانگی ئەمەریکی دەربـارەی گوتارە گـەرم و توندەکەی عەبدوڵڵای پاشای سعودییە بابەتێکیان نووسیوە، باسی فەشەلی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەربـارەی سوریا، باسی گواستنەوەی دیموکراتی کرد سەبارەت بە بارودۆخی سوریا و گوتی: جیهان لەلایەن عەقڵ و دادوەرییەوە، لەلایەن ئەخلاق و دادوەریـیـەوە حوکم دەکرێت " ئەمەشی وەکو رۆژنامەکە ئاماژەی پێکردووە بەلایەنی دیندا برد.

رۆژنامەکە لەم بابەتەیدا گوتویەتی: لەهەمان رۆژدا هێزەکانی ئاسایشی سەر بە دەسەڵاتی سعودییە، خۆپیشاندەرانیان دایە بەر گوللە لەنزیک شارۆچکەی قوتەیف و خەڵک کوژراو تا رۆژی دوایش بەردەوام بوو، لەهەمان کاتدا دیبلۆماتکارانی سعودییە هەوڵیاندا رۆژنامەنووسە راکـردووەکـەی سعودییە لە مالیزیا بگێڕنەوە کە وتارێکی دەربارەی محەمەد پێغەمبەر بـڵاوکـردۆتـەوە و داوای گیران و لە سێدارەدانی دەکەن.

وتارەکە رەنگی لە بۆچوونی تایبەتی واشنتن پۆست وەکو دەزگایەک دەداتـەوە، بابەتەکە رەنگدانەوەی گفتوگۆ دیاریکراوەکەی نێوان دەستەی نووسەرانی واشنتن پۆستە. هەورەها پەیامنێر و نووسەرانی بەشداریان لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نووسەرانی رۆژنامەکە کرد، کە دەستەی نووسەران هیچ رۆڵێکیان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە نەبووە.

رۆژنامەکە ئـامـاژەی بە راپۆرتەکانی سعودییە کـردووە، پاشای سعودییە لە نێو ئەو کەسانەدایە کە داوای لە دادگا کردووە حەمزە قەشقەری تەمەن ٢٣ ساڵە بگرێت کە لە رۆژنامەیەکی شاری جەدە کـاری کـردووە، قەشقەری یەکێکە لەوانەی داوای گۆڕانکاری لیبرالی دەکات وەکو ئەوەی لە بەهاری عەرەبیدا روویـداوە، لە وتارێکدا ناوبراو لە یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر وتارێکی نووسیوە" من زۆر شتی تۆم خۆش دەوێت، رقم لە هی ئەوانی دیکەیە " ئینجا گوتویەتی ژنی سعودییە ناچنە جەهەنەم چونکە " مەحاڵە دووجار بچینە جەهەنەم".رۆژنامەکە گوتویەتی هەرچەندە دواتـر داوای لێبوردنی کرد، بەڵام بەڕێز قەشقەری دەدرێتە دادگا و رەنگە بڕیاری لە سێدارەدانی لەدژ دەربچێت، ئەمەش ئاساییە کە لەسەردەستی پاڵەوانێکی نوێی دیکەی بچەوسێتەوە، لە کاتێدا داوای رێزگرتن لە سەروەری یاسا دەکات بەڵام قەشقەری بە فرۆکەیەکی تایبەت بۆ سعودییە دەگێڕدرێتەوە. رۆژنامەکە دەگەڕێتەوە سەر نێوەڕۆکی بنەڕەتی باسەکە و کارکردنیان بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سوریا نووسیویەتی: شانشینی عەرەبی سعودی هەموو کۆششێک دەکات بۆ کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی بەڕێزئەسەد، کەلە تایفەی عەلەوییە، کە لقێکە لە مەزهەبی شیعی و لە سوریاشدا کەمینەن، کە دانیشتوانەکەی زۆربەیان سونین. ئەم سەرکردە بانگەشەی ئـەوە دەکـات کە پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش هەنگاوی بەپەلە بهاوێژێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەسەد لەکەمایەتی شیعەیە، بەڵکو کەسێکی وەحشیە، بەڵام ئەم رژێمە سونییە لەناو ماڵی خۆیدا تەقە لە خۆپیشاندەرانی خۆی کە کەمینەی شیعەن دەکات، یاخود هەڕەشە لە نووسەرێکی لیبرالی دەکات.

رۆژنامەی واشنتن پۆست لە درێژەی وتارەکەیدا کە دەستەی نووسەرانی نووسیویانە، دەڵێت: ئیدارەی ئۆباما زۆرجـــاران بەدەنگی بـــەرز داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک ئەسەد دەکات، بەڵام زۆر لەمە کەمتر باسی سەرکوتییەکانی پاشا عەبدوڵڵا دەکات، لە دیسێمبەر رەزامەندی لەسەر فرۆشتنی چەک بەبەهای ٣٠ ملیار دۆلار بۆ سعودییە دەربڕیوە. هەروەها روسیا سەرکۆنە دەکەن لەبەر ئەوەی چەک دەداتە سوریا، راستە توندوتیژەکەی سوریا زۆر پترە لەوەی لە سعودییە روویداوە، کە تێیدا پتر لە ٧٠٠٠ کوژراون،هەروەها بە تانک و زرێپۆش پەلاماری خەڵک دەدەن.

رۆژنامەکە لە کۆتایی بابەتەکەدا گوتویەتی: بەڵام عەقڵ و دادوەری و ئەخلاق و دادوەری لە کارەکاندا بەرچاو ناکەوێت، نەک هەر تەنیا لە دیمەشقی سەرۆک ئەسەد، بەڵکو لە کۆشکی پاشایەتی ریازیش هەمان شتە.

# لە چەند زانكۆیەكی ئەهلیدا زمانی كوردی قەدەغە دەكرێت

## پارێزەرێک: ئەم بڕیارە پێچەوانەی ماددەی 4ی دەستووری عێراقە

لە چەند زانكۆیەكی ئەهلیدا وەڵامدانەوەی تاقیكردنەوەكان بە زمانی كوردی قەدەغەیە و پارێزەرێكیش رایدەگەیەنێت كە ئەم كارە پێچەوانەی ماددەی 4ی دەستووری هەمیشەیی عێراقە. بە گوێرەی ماددەی 4ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هەردوو زمانی (كوردی و عەرەبی) لە عێراقدا زمانی فەرمین و هیچ كەسێک نابێت رێگری لەم دوو زمانە بكات، بەڵام لە چەند زانكۆیەكی ئەهلی هەرێمی كوردستاندا، لە كاتی تاقیكردنەوەكان، بە خوێندكاران گوتراوە كە نابێت بە زمانی كوردی وەڵام بدەنەوە.



ریپۆرتێر: دیار عەزیز

(دەشتی قادر) خوێندكاری زانكۆی جیهانە گوتی، "سەرجەم میتۆدی خوێندنمان بە زمانی عەرەبییە و لە كاتی وەڵامدانەوە بە زمانی كوردی، مامۆستاكانمان گرنگی بە دەفتەرەكانمان نادەن". ئەو خوێندكارە گوتیشی كە دوای ئەوەی 20 ساڵە زیاتر هەرێمی كوردستان خاوەنی كیانێكی تایبەت بە خۆیەتی، كەچی وەڵامدانەوەی وانەكان بە زمانی عەرەبییە، ئەوەش تاوانێكی گەورەیە دەرهەق بە زمانی كوردی دەكرێت.

(بژار سدیق)یش كە خوێندكارێكی قۆناغی دووەمی هەمان زانكۆیە، باسی لەوە كرد كە لە قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی كوردی خوێندوویەتی و سەرجەم وانەكانیشیان دەكرێت بە زمانی كوردی بخوێنرێت، هەرچەندە بەشێكیش لە مامۆستاكانیان كوردن، بەڵام ناچاریان كردوون بە زمانی عەرەبی وەڵامی تاقیكردنەوەكان بدەنەوە.

خوێندكارێكی دیكەی كۆلیژی دیجلە باسی لەوە كرد كە لە زانكۆكەیاندا میتۆد بە زمانی عەرەبییە، بەڵام خوێندكار دەتوانێت بە زمانی كوردی وەڵامبداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بە زمانی كوردی وەڵام بداتەوە، كەمتر بایەخ بە دەفتەرەكەی دەدرێت و زۆرتر بایەخ بەو دەفتەرانە دەدرێت كە بە زمانی عەرەبی وەڵام دراونەتەوە. ئەو خوێندكارە باسیشی لەوە كرد كە بەشێک لە هاوپۆلەكانی عەرەبن و كەمتریش خوێندوویانە، بەڵام بە هۆی ئەوەی بە عەرەبی وەڵامی تاقیكردنەوەكانیان داوەتەوە، نمرەیەكی زیاتریان پێدراوە.

ئەمە لە كاتێكدایە كە رۆژی 2/21 ساڵرۆژی زمانی دایک بوو لە جیهاندا كە رێكخراوی یونسكۆ ئەو رۆژەی وەک سیمبولێک بۆ زمانی دایكی نەتەوەكان دیاری كرد، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لە ساڵی 1952دا (محەمەد عەلی جەناح)ی دامەزرێنەری پاكستان بڕیاریداوە زمانی ئۆردوو ببێتە زمانی فەرمی رۆژهەڵات و رۆژئاوای پاكستان، لە كاتێكدا خەڵكی رۆژهەڵاتی پاكستان كە (بەنگلادیشە) زمانیان بەنگلادییە، بۆیە لە 21ی 2ی ساڵی 1952دا خوێندكاران لە ناوجەرگەی شاری داكا مانگرتنیان راگەیاند و لە رووبەڕووبوونەوەیەكیشدا لەگەڵ پۆلیس، ژمارەیەكی زۆریان لێ كوژرا. هەر لە بەر ئەوەش لە 17ی مانگی 11ی ساڵی 1999دا رێكخراوی یونسكۆ بە فەرمی 21ی شوباتی وەک رۆژی جیهانی زمانی دایک دەستنیشان كرد.

لەمبارەیەوە پارێزەر (تاریق جامباز) پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی كوردستان تایبەت بە (ئاڵای ئازادی) راگەیاند: بە گوێرەی ماددەی 4ی دەستووری عێراق، هەردوو زمانی عەرەبی و كوردی یەكسانن، بەڵام زانكۆی ئەهلی وایە كە مامۆستاكانیشی كوردن، بەڵام دەڵێن بەكارهێنانی زمانی كوردی قەدەغەیە و ئەوەی بە كوردی وەڵامبداتەوە، سەیری دەفتەرەكەی ناكرێت. (تاریق جامباز) گوتیشی "من ئەو بابەتەم لە كۆبوونەوەیەكدا بە ئامادەبوونی چەندان بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆكی زانكۆ و پەرلەمانتاران باس كردووە، بەڵام كەسیان قسەیان لە بارەیەوە نەكردووە، دەبووایە بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بكرێت، منیش وەكو پارێزەرێک داكۆكی لە زمانی نەتەوەكەم دەكەم و خۆ بێدەنگ كردنیش بە كەمتەرخەمی و بێباكی دەزانم".

سەبارەت بە هۆكارەكانی ئەو بڕیارە ناوبراو گوتی "هەندێک كەس وا راهاتووە، بە زمانی عەرەبی خوێندوویانە و دەشڵێن سەرچاوەكان بە عەرەبین. ئێمە 20 ساڵە حوكمی خۆمان دەكەین، زانستە مرۆڤایەتییەكان بە گشتی 10 بابەت دەخوێنن، ئەگەر لە هەر یەكێک لەو بوارانەدا ساڵانە 2 پەرتووک وەرگێڕدرایەتە سەر زمانی كوردی، ئێستا سەرجەم پەرتووكەكان دەكرانە كوردی و سەرچاوەیەكی زۆریشمان بەدەستەوە دەبوو. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەكان بە دەنگ بێن".

خوێندكاران لە هەرێمی كوردستان بە گرنگی دەزانن زمانی كوردی بكرێتە پێوەر بۆ خوێندن لە سەرجەم قۆناغەكاندا و ئەمەش بە مەرجێكی بەهێز بۆ پتەوی ئینتیمای نەتەوەیی ئەژمار دەكرێت.

بۆ بەرزكردنەوەی رێژەی خوێنەرانی كتێب كۆمەڵەی كتێبدۆستان دادەمەزرێت

# رێژەی خوێنەرانی كتێب لە هەندێک قەزا و ناحیەدا 1 % كەمترە

ژمارەی خوێنەران رۆژ بە رۆژ كەم دەبێتەوە و سەرچاوەیەكیش ئاشكرای دەكات كە لە هەندێک قەزا و ناحیەدا، رێژەی خوێنەرانی كتێب لە 1% كەمترە و بۆ چارەسەركردنیشی، كۆمەڵەی كتێبدۆستان پێكهێنراوە.

ریپۆرتێر: ئاڵای ئازادی

دوای پەرەسەندنی كتێبخانەی ئەلیكترۆنی و بەهێزبوونی تەكنەلۆژیا، لە هەرێمی كوردستاندا كتێب خوێنەرێكی كەمی ماوەتەوە و هەندێكیش لە خوێنەران باس لە كاڵبوونەوەی بابەتی ناو كتێبەكان دەكەن و كتێبفرۆشێكیش پێیوایە، خوێنەرانی كتێب لە سەر ئەنتەرنێتدا زانیاری زیاتریان دەست دەكەوێت. هاوكات كۆمەڵەیەكیش بە ناوی كۆمەڵەی كتێبدۆستان بۆ ئاشتكردنەوەی خەڵک لەگەڵ كتێب پێكهێنراوە.

(هادی قادر) لە یەكێک لە كتێبخانەكانی بازاڕی شاری هەولێردا بە دۆزینەوەی ناو نیشانی پەرتووكێک سەرقاڵبوو، باسی لەوە كرد كە لە هەفتەیەكدا دوو جار سەردانی بازاڕ دەكات و لەم سەردانەشدا، كۆڵانی پەرتووكفرۆشان بەسەر دەكاتەوە، بەڵام تێبینی ئەوە دەكات كە ژمارەی خوێنەران لە ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو زۆر كەمبۆتەوە و ئەوانەیشی كە بەدوای پەرتووكدا دەگەڕێن، بە گشتی بەدوای هەندێک ناونیشانی سادە و زانیاری سەرەتاییدا دەگەڕێن.

(كامەران خدر) كە لەگەڵ یەكێک لە خاوەنی پەرتووكخانەكانی هەولێردا كار دەكات، باسی لەوە كرد كە لە ئێستادا زۆرترین خوێنەر، خوێنەری پەرتووكە شیعرییە كورتەكان و چیرۆكە كورتەكانن، بەڵام خوێنەرانی بابەتە فیكرییەكان زۆر كەمبوونەتەوە.

(كامەران) ئاماژەشی بەوەدا كە ساڵانی رابردوو، بەتایبەتی بەر لە ساڵی 2008، خوێنەرانی پەرتووک بە بەراورد لەگەڵ ئێستا، ئێجگار زۆر بوون، ئەوەش مانای وایە كە خوێنەرانی پەرتووک كەم بوونەتەوە.

(دلێر محەمەد)یش كە لە یەكێک لە چاپخانەكانی هەولێردا وەكو تایپیێست كار دەكات، باسی لەوە كرد كە ئەو پەرتووكانەی لە ئێستادا چاپ دەكرێن، كەمتر لە پەرتووكەكانی پێشوو زانیارییانەی تێدا هەیە و گوتی، وەرگێڕی وا هەیە كە هەفتەی دوو پەرتووک وەردەگێڕێت و هەندێكیشیان زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی نازانن، كەچی لەو دوو زمانەوە بابەتەكان بۆ زمانی كوردی وەردەگێڕن. ئەو تایپیێستە باسیشی لەوە كرد كە بۆخۆی ناوەڕۆكی بەشێک لە پەرتووكەكان تایپ دەكات، بۆیە دەزانێت بەشێک لەو ناوەڕۆكانە چەندە بە خراپی و بە هەڵە نووسراونەتەوە و هیچ سانسۆرێک بۆ دەركردنی كتێب لە ئارادا نییە، ئەمەشی بە هۆكارێک بۆ كەمبوونەوەی خوێنەران لە قەڵەم دا.

بۆ چارەسەركردنی ئەو رەوشە، كۆمەڵەی كتێبدۆستان لە نیوەی دووەمی ساڵی رابردوو بە مەبەستی بەرزكردنەوەی رێژەی خوێنەرانی كتێب لە هەرێمی كوردستان دامەزرێنراوە و لە ئێستاشدا كار بۆ دامەزراندنی كتێبخانە لە چەند شوێنێكی كوردستاندا دەكات.

**زۆرترین خوێنەر، خوێنەری پەرتووكە شیعرییە كورتەكان و چیرۆكە كورتەكانن، بەڵام خوێنەرانی بابەتە فیكرییەكان زۆر كەمبوونەتەوە. (كامەران) ئاماژەشی بەوەدا كە ساڵانی رابردوو، بەتایبەتی بەر لە ساڵی 2008، خوێنەرانی پەرتووک بە بەراورد لەگەڵ ئێستا، ئێجگار زۆر بوون**

لەمبارەیەوە (سۆزان فەقێ) جێگری سكرتێری كۆمەڵەی كتێبدۆستان بە (ئاڵای ئازادی) راگەیاند: . لە نیوەی دووەمی ساڵی رابردوودا كۆنگرەی یەكەمی كۆمەڵەی كتێبدۆستان بەستراوە و مۆڵەتی فەرمی بۆ وەرگیراوە. هاوكات ئاماژەشی بەوە كرد كە ئامانج لە دامەزراندن ئەم كۆمەڵەیە بریتییە لە نەهێشتنی ئەو دابڕانەی لە نێوان خەڵک و كتێب لە كوردستاندا دروست بووە، چونكە پێویستە خەڵكی كوردستان لەگەڵ خوێندنەوەی كتێبدا ئاشت ببنەوە. بە گوتەی جێگری سكرتێری كۆمەڵەكە، لە ساڵی 2011دا كەمترین خەڵک سەردانی كتێبخانەكانی كردووە، لە سلێمانی كە بە شاری رۆشنبیری ناسراوە، 10%ی خوێنەرانی سەردانی كتێبخانەكانیان كردووە و لە هەندێک قەزا و ناحیەشدا 1 %ی خوێنەران سەردانی كتێبخانەیان كردووە.

جێگەی باسە لە هەرێمی كوردستاندا چەندان كتێبخانە بوونیان هەیە، لە لایەكەوە كتێبخانەی ناو قوتابخانەكان كە هەزاران كتێبخانەن، هەروەها كتێبخانەكانی وەزارەتی پەروەردە و زانكۆكان و كتێبخانەی گشتی شارەكانیش، بەڵام ژمارەی خوێنەرانیان ئێجگار كەمە و بەگشتیش، خوێنەران بە مەبەستی ئەنجامدانی راپۆرت و لێكۆڵینەوەی تایبەتەوە سەردانی كتێبخانەكان دەكەن.



## م .عەباس مەحمود توێژەری کۆمەڵایەتی :

# منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا تووشی ئەرکی گەورە دەکرێ کە لەتوانای ئەودا نییە

م .عەباس مەحمود توێژەری کۆمەڵایەتی باس لە منداڵ و کاریگەریەکانی عەقڵیەتی گەورە سالاری لە سەرمنداڵان دەکات. وە هەروەها باس لە چەمکی ستەمکردن لە منداڵ دەکات و . پاشان باس لە ئیستغلال کردنی منداڵان لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە بۆ شەڕەپەڕۆو مەرامی سیاسی خۆیان دەکات. ناوبراو جۆرەکانی ستەمکردن لە منداڵ ڕووندەکاتەوەو پاشان ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی منداڵان هەڵدەسەنگێنێت.

سازدانی : عەلی ساڵح و بیلال غەفور

منداڵ کێیەو بە چ تەمەنێک دیاری دەکرێ؟

عەباس مەحمود: لەڕاستیدا منداڵ بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافی منداڵان و ئەولایەنانەی کە کار لە دیاریکردنی تەمەنی منداڵان دەکەنەوە. منداڵ ئەو کەسەیە یا ئەو تاکەیە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کە لە خوار تەمەنی (18) ساڵەوەیە، سەرجەم ڕاو بۆچوونەکانیش لەسەر ئەوەن کە منداڵ لە دایک دەبێ تا (18) ساڵان بە منداڵ حیساب دەکرێ، و منداڵیش تەنها بوونەوەرێکی بایۆلۆجیە و بە گەورە ناژمێردرێ.

ئایە ستەمکردن لە منداڵ چ واتایەکی هەیە؟

عەباس مەحمود: لەڕاستیدا ئەم چەمکە (ستەمکردن لە منداڵ) واتای زۆر ئەگەیەنێ و ناکرێ لەسەر هەمووی قسە بکەین، بەڵام ئەگەر بەتایبەت باس لە توندوتیژی و سەرکوتکردن و شکانەوەو کپ کردنەوەی منداڵان بکەین. ئەوا هەموو جۆرە سزایەکی (دەروونیی جەستەیی و ڕۆحیی) دەچێتە قاڵبی ستەم لێکردنەوە لە هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا و لە کۆمەڵگای کوردیش بە تایبەتی منداڵ توندوتیژییو ناهەقی بەرامبەر دەکرێ ئەم حاڵەتەش دەتوانین شیبکەینەوە بۆ چەند لایەنێ، یەکێ لەو لایەنانە خێزانە، منداڵ هەر لە خێزانەوە فێری زۆر شت دەبێ، دەتوانین بڵێین کە خێزان یەکەمین و سەرەتاترین خوێندنگەی ژیانە کە منداڵ تیایدا پەروەردەبێ لە مومارەسەی پرسە کۆمەڵایەتیەکان بکات و بزانێ چۆن ژیان بگوزەرێنێ، بۆیە دەکرێ بڵێین، کە زۆر بەداخەوە خێزانەکانی ئێمە ئەو جێگەیە نین کە بتوانرێ منداڵێکی هۆشیارو تەندروستی تێدا پەروەردەبکرێ ئەو جێگەیە نین کە کەسایەتی منداڵی تیا دروست بکرێ، زۆربەی کۆمەڵناسان لەسەر ئەوە کۆکن لە سەرەتای پێنج ساڵی تەمەن (1ساڵ _ 5ساڵ) ئەو قۆناغەیە کە بناغەی کەسایەتی لەسەر دابنرێ، دڵنیاش بین لەوەی کە لە لەدایک بوونەوە تا پێنج ساڵی تەمەن منداڵ لە خێزاندا پەروەردە دەبێ بۆیە زۆر جار خێزانەکانی ئێمە بونە ئامرازی سەرەکی ستەمکردن لە منداڵان چ لە سەرکوتکردن و کوشتنی حەزەکانی منداڵەوە بێ بگرە تا کپکردنەوەی ئارەزووەکانی بە داخەوە چونکە منداڵ خاوەن هێزێکی لە بن نەهاتوو شاراوەیە کە پێویستە ئەم هێزە لە بوارە جیا جیاکانی ژیانیدا پەرە پێبدرێ و مومارەسە بکرێ، پێویستە بە شێوەیەکی تەندروست خێزانەکان پەرە بە بەهرەی منداڵان بدەن، چونکە لە داهاتوودا هەر ئەم منداڵانەن کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن بەپەنجەی ڕەنگینیان دەتوانن کۆمەڵگا بۆ پێشەوە ببەن، بۆیە کۆی قسەکانمان لەوە کۆ دەکەینەوە کە توندوتیژی زوڵم و ستەم دژ بە منداڵان کۆبۆتەوەو لە سەرجەم سێکتەرەکانی ژیاندا خۆی حەشار داوە کە ئێمە ئاگامان لێ نییە، ئەم سێکتەرانەی ژیان بە پێچەوانەی سێکتەرێکی تەندروستەوە مامەڵە دەکەن هەرلە ( خێزانەوە تا خوێندنگاو تا کۆمەڵگاش )هەر لە تاکەکانی ترەوە بگرە لە گشت ڕاگەیاندن و دامودەزگاکانی حکومەتەکان وە لە ناو کۆمەڵگاکەماندا شوێنێکی وەها فەراهەم نەکراوە کە منداڵ ساتێ ئاسوودەیی دەروونی تێدا هەبێ و بحەسێتەوە منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە پێویستە کە شمەک و خزمەتگوزاریەکانی بۆ فەراهەم بکرێ، بەرچاوڕوونی هەبێ پێویستە وەڵامی پرسیارەکانی بدرێتەوەو شرۆڤەی بۆ بکرێ منداڵ ئەو ئەندامەیە کە ئێمە پشتی پێ ببەستین بۆ بەڕێوەبردنی لایەنی ئابووری کۆمەڵگا، بەپێی تەمەنەکەی. ناکرێ منداڵ بکرێتە سەرپەرشتیاری خێزانێک، بەداخەوە زۆر جار ئەم لایەنە ( لایەنی ئابووریی) پەیوەست دەکرێ بە منداڵ، هەرلە سەرەتای تەمەنی تووشی چەندین ئەرکی گەورە دەکرێ کە هی ئەو نییە.

کاریگەرێتی عەقڵیەتی گەورەسالاری لەسەر چەوساندنەوەی منداڵ ؟

عەباس مەحمود: دیارە عەقڵیەتی گەورەسالاری لە کلتورێکی نەگونجاوەوە سەریهەڵداوە بە پێی ئەم عەقڵیەتە (( هەرکەس تەمەنی لەوی تر کەمتر بوودەبێ زوڵم و زۆری ئەوە قبوڵ بکات کە تەمەنی زیاترەو دەبێ گوێ ڕایەڵی ئەرکەکانی گەورەکە بێ )) بە داخەوە لە کلتوری ئێمەدا منداڵ بە پێی گەورە سالاری بە بوونەوەرێکی نەفام و تێنەگەیشتوو حیساب دەکرێ و کراوە، وەک چۆن ئەوەی تەمەنی گەورەترە کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی خێزان دەکات دەکرێ بگوترێ کاتێ منداڵێ قسەیەک بکات یان ڕاوپێشنیارێکی هەبێ و بیڵێ ئەوا پێی ئەوترێ ( تۆ جارێ منداڵی ئەم قسە زلانەت لەچی؟ ) .ئەگەر منداڵێکیش لایەنە سۆزو عاتفییەکانی بکوژرێ و قسە نەکات پێی دەڵێن: ( تۆ زۆر گەمژەیت) !یانی دەتوانین بڵێین منداڵ لەم چوارچێوە تەسکە زۆر زیندانیکراوە، وە پێویستە کۆمەڵگا لەم مەسەلەیە ئاگاداربێ و بەوپەڕی هەستیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم چینەدا بکات، چونکە ئەمە بەرپرسیاریەتێەکی ئەخلاقی و مێژوویی و پەروەردەییە لە سەرشانی گەورەکانمان، بۆیە کۆی پرسیارەکەت ئەوە دەگەیەنێ کە گەورەسالاری فاکتەرێکی بەهێزی چەوساندنەوەو کپکردنەوەی منداڵانەو منداڵانیش بووە بۆ شاردنەوەی پرسیارو ڕازو پێشنیارو داهێنانی منداڵان. منداڵ لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا داهێنان دەکات منداڵ لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان مومارەسەی پرسەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات، منداڵ لەو وڵاتانەدا فێری کەسابەت ناکرێت و ئەم چەمکەی بەسەردا ساغ ناکرێتەوە قەت نەگوتراوە کە بە منداڵی لە 9 ساڵی با کاسب دەرچێت . منداڵ لە دوای تەواوکردنی وەرزی خوێندن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەخرێتە بە خولی فێربوون، کەچی لای ئێمە دەخرێتە ناو بازاڕو کۆڵانەکان دەخرێتە دەزگا ناتەندروستەکانی کۆمەڵگا، کە خێزان وا هەست دەکا کە دەکرێ پشت بە بژێوی ئەم منداڵە ببەستێ ؟ بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا خێزانەکان لە هەڵەیەکی گەورەدان، قەیرانی تێگەیشتنیان هەبووە بۆژیان . چۆن دەکرێ منداڵێکی 9ساڵان ئیشی گەورەکانی پێڕاسپێردرێ ؟ خێزان نابێ گەورە دانیشێ و منداڵ کاربکات، بە داخەوە هەر ئەم کارپێکردنە بۆتە هۆی پەلکێشکردنی منداڵ بۆ چەندەها حاڵەتی نە شیاو دزیکردن و ڕێگەگرتن لەخەڵکی دەبن و باشترین ئاماژە ( چیرۆکی بەسەرهاتی بەندکراوی بەندیخانەکانە) دەکرێ لەڕێژەی منداڵ ببینین لە زۆربەی بەندیخانەکاندا لە جیهان.

ئایە بەکارهێنانی منداڵان بۆ سیاسەت و شەڕەپەڕۆ بەشێک نییە لە چەوساندنەوەی منداڵ بەهەرناوێک بێت؟

عەباس مەحمود: دیارە زۆربەی جار ئەوە زانراوە کە زۆر لایەن و پارت و حزبەکان لە زۆر بوارو لایەنی ژیانی منداڵ وەک پاساوێک بۆ پەردەپۆشکردنی هەر نهێنیەکی ژیان بەکاردێنن، سەرەتاترین نمونە وەک هۆکار بەکارهێنانی منداڵان ( کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانە ) لە کایەکانی وڵاتی ئێمە کە هەڵبژاردن بە پرۆسەیەکی دیموکراسی دادەنرێت، بەڵام ئایە پێیان وانییە کە بەکارهێنانی منداڵ بۆ پڕوپاگەندەی ئەم پرۆسەیە پێشێلکردنی خودی دیموکراسیەتە؟ منداڵ فێری شەڕوجنێو دەبن و دەخرێتە نێو هەرێمی سیاسەتێکی ترسناک . عەقڵیان دەکوژین و بەهرەکانی منداڵان دەشارینەوە، پەیوەندیان سنور دار دەکەین و سەرجەم لایەنی ژیانیان قۆرخ دەکەین بۆ خۆمان و تەنانەت بیرکردنەوەی منداڵان تەسک دەکەینەوەو دەیخەینە ناو سیاسەتەوەو پێی دەڵێین تۆ دەبێ ملکەچی ئەم سیاسەتەبی و پەیڕەوی ئامانجی ئەم گروپ و حزب و لایەنە بکەیت . لە کاتێکدا کە دورخستنی منداڵ لە سیاسەت و دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام یەکێکە لە مافە کانی منداڵ، بەداخەوە زۆرجار بە پێچەوانەی مافەکانی منداڵ ئامرازی چالاکی سیاسی ترسناک، بەڵام هیچکات بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەوەی ئەمڕۆ کەرەستەی دەستمانە سبەی داهاتووی میللەتێکی بە دەستەوە یە بە داخەوە ئێمە ئەوانەمان گشت پشتگوێخستووە .

ئایە ڕێکخراوەکانی بواری منداڵان چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە کەمکردنەوەی چەوساندنەوەی منداڵان؟

عەباس مەحمود: من قسەم لەسەر هەندێ ڕێکخراوە کە زۆرجار لەکاتی ئەنجامدانی توندوتیژی دژی منداڵان نایەنە زمان و هیچ قسە ناکەن هیچ کات نەبووە ڕێکخراوێ بەدەنگ بێ لە ناهەقی کە دژ بە منداڵێک کرابێ چ لەنێو کۆمەڵگا چ لە ناو خێزان، بەداخەوە زۆربەی ڕێکخراوەکان تەنها پەیکەرو هەیکەلن و ناوەڕۆکیان پووچەو تەنها بۆمەرامی شەخسی و تایبەتی دامەزراون، ئەگینا هیچ چالاکی و پرۆژەی ئەنجامنەداوە بۆمنداڵان ئایا ناپرسین ڕێکخراوێ بە شانی چوار کەس چۆن فریای (15000) منداڵی ناوچەیەکی کوردستانی بکەوێ؟ بۆیە هەندێ ڕێکخراوهەن کە زۆر کرچ وکاڵ و لاوازن بەرامبەر مافەکانی منداڵ و داکۆکی کردن لە منداڵ.

ئایە توندو تیژی چ جۆرە منداڵێک بەرهەم دێنێ ؟

عەباس مەحمود: دیارە بەکارهێنانی هەر فۆرمێکی توندو تیژی دەبنە هۆی هەرەسهێنانی سەرجەم بیرۆکەو پرسیارو فیکرەی منداڵان کە لە سەرەتای تەمەن لایان گەڵاڵە دەبێ، لە لایەنی ترەوە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی کەسایەتی و کەمکردنەوەی ئاستی متمانەبوون بەخۆو کەمبونەوەی توانای ڕادەربڕین، کەمی توانای خۆ دەرخستن و منداڵ لە شێوەی فۆرمێکی بچوککراوە لە نێو کۆمەڵگادا دەردەخات و دەیکاتە کەسێ کە ژێر دەستەی کەسانی گەورەبێ و ئەمەش گەورەسالاری نێو کۆمەڵگا پەیڕەو دەبێ و منداڵ لە ناو کۆمەڵگا پەراوێز دەخرێ و دەبێتە ژمارەیەکی بچووک، هیچ کەسێکی کۆمەڵگا ئەو گرنگیەی و پێنادات، منداڵ سەرەڕای ئەوەی کە بوونەوەرێکە دەتوانێ گرنگی پێبدرێ، دەکرێ کاریگەری توندوتیژی لەم خاڵانەدا شیدەبنەوە

1_ لەڕووی دەروونیەوە 2 _لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە 3 _لەڕووی پەروەردەییەکانەوە . لەڕووە دەروونیەکەوە کە باسمان کرد، تواناو متمانە لە دەست دەدات دەروونێکی شێواوی دەبێ، هەستی ڕووخانی دەبێ، متمانە بەخۆ ناکات، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ناتوانێ وەک خۆی مومارەسەی سەرجەم پرسە کۆمەڵایەتییەکان بکات، دەبێتە کەسێکی بچووککراوەی نێو کۆمەڵگا لەڕووی پەروەردەییەکەشەوە، کەسێکی پەروەردەکراوی خراپ و ناتەندروست پەروەردەئەبێ کە نەتوانێ بڕیار لەسەر داهاتوو بدا لە ئەنجام منداڵی دزو چەتەو ڕێگری لێدروست دەبێ.

ئایە چی بکەین بۆ کەمبوونەوەی توندوتیژیی سەر منداڵ؟

عەباس مەحمود: ئەگەر باس لەکەم کردنەوەو لەناوبردنی توندوتیژی بکەین و ئەگەر بڵێین توندوتیژی لەناو ببەین ئەوا لە هەڵەیەکی گەورەداین، بەڵام ئەگەر مەبەستمان کەم کردنەوەی توندوتیژی و ڕێگەگرتن بێت ئەوا کارێکی باشە، چونکە هیچ شتێ نییە موستەحیل بێ جگە لە مەحاڵ. ڕێگای سەرەکی بۆلابردنی توندوتیژی (کەمکردنەوەیەتی) حاڵەتەکانی کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە منداڵان دەتوانین لە چەند شێوازێ و چەند لایەنێکی جیاواز پۆلێنی بکەین . یەکەم: لە خێزانەوە دەستپێ بکەین ئەویش بەوەی ( هۆشیارییەکی تەواو – ڕۆشنبیریەکی تەواو – بەرچاوڕوونی بدرێتە دایک و باوک – بۆئەوەی ئەرک و مافی منداڵ لەناو خێزاندا بەهەندوەربگیرێ –منداڵ چ مافێکی هەیە و لە ناو خێزانەکاندا، چونکە تاکێکە مومارەسەی بیرۆکەکانی خۆی دەکاو ئەوەشی وەریگرتووە و دەیبیسێ دەیەوێ وەک خۆی دووبارەی بکاتەوە – پێویستە هەوڵی ئەوەش بدەین کە هەمیشە ئەرکی بەسەردا بسەپێ – بەڵکو دەبێ مافەکانی فەراهەم بکەین – گرنگە بزانین یەکەم دەزگاو یەکەم خوێندنگای گونجاو کە دەکرێ توندوتیژی تێدا کەمبکرێتەوە خێزانە بنەچەی سەرجەم لایەنەکانی خێزانە- کە دەکرێ فۆرمی توندوتیژی تێدا کەمبکرێتەوە – بۆیە دەڵێین (کەمکردنەوە)، چونکە لەناوبردنی مەحاڵە. یەکێ تر لە سێکتەرەکانی ئەم حاڵەتە – کۆمەڵگایەکە دەکرێ هەوڵی کەمکردنی توندوتیژی بدات – وەک لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منداڵ دا هاتووە منداڵ مافی ئازادی هەیە- مافی خۆش گوزەرانی هەیە – مافی مومارەسەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە – مافی ئەوەی هەیە کە وەک تاکێ بژی بۆیە دەکرێ – بە یاسا ئەم لایەنانە ڕێک بخرێ – بە یاسا بەرەنگاری توندوتیژی بکرێ – بەرامبەرمنداڵ – حاڵەتێکی تر – تێگەیاندنی منداڵانە لە ئەودامەزراوانەی کە پێویستە منداڵ وەک منداڵێکی تەندروست پێبگەیەنرێ وە هوشیاربکرێ لەم توندوتیژییانە – بۆیە ئێمە لە هەر کێشەیەکدا بمانەوێ چارەسەر بدۆزینەوە – دەبێ سەرەتا بەرەنگاری دژەکان ببینەوە – پێویستە منداڵ لەوەوە فێربکرێ کە چۆن بەرەنگاری توندوتیژی ببێتەوە- ئەمجا ئێمە توندوتیژی نەکەین – بۆیە دەبێ منداڵ فێری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بکرێ.

دواوتەت چییە بۆ پرسی منداڵ؟

عەباس مەحمود: دواوتەشم ئەوەیە کە هیچ کات پەندێ –دێڕێ – وشەیەک نییە بۆ ئەوەی مانای منداڵ تەواوبکات یات پربە پێستی چەمکی منداڵ بوون بێ لە ناو کۆمەڵگادا،چونکە منداڵ بە هەرشێوەیەک لێکدانەوەی بۆبکەی، بریتیە لە دنیایەک حەزوئارەزووخواستی مومارەسەی پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان، بریتییە لە ڕازانەوەی کۆمەڵگا بە خەونە نەخشەکێش کراوەکانی، دەکرێ ئێمە خەونەکانی خەیاڵی منداڵان بکەینە ڕاستەقینەیەکی شیرین وەک خۆی پەیڕەوی بکەین، تا منداڵ هەست بە بوونی خۆی بکات، دواوتەی من ئەوەیە کە دەتوانن شارستانیەتی کۆمەڵگا بەرەو پێش بەرن هەر منداڵانن کە مێژووی شارستانیەتی کۆمەڵگا بە جوانترین شێوە نووسیوەتەوە هەر منداڵانن هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی کۆمەڵگاکانی ڕاگرتووە مەبەستمانئەوەنییە منداڵ بچێتە ناو دونیای سیاسەتەوە، بەڵام مەزایەدە کردن بەسەر پرسی منداڵانەوە هاوکێشە سیاسیەکانی گۆڕیوە بۆیە بە بڕوای من لەسەر خۆشترکردنی ژیانی منداڵ دەتوانین کۆمەڵگا یەک بین کە ئایندەمان وەک ڕابردوومان نەبێ ئایندەیەکی پرشنگدارمان هەبێ و ئایندەمان لەسەر حەزو خواستی ئێمە دروستبێ.



## منداڵی کورد و ناسۆری

**تابلۆ ئومێد**

منداڵانی کوردستان، پڕن لە ناسۆری وکێشەی هەمەجۆر، ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمە هێشتا ژینگەیەکی زۆر نەریتی وگەورانەو داخراوە، خراپ سەیری منداڵان وتواناو وزەی منداڵان دەکات. لەمنداڵیەوە سەرکوتکردنی تاکی کوردی جۆرە کولتورێکە، بۆیە لەگەڵ گەورەبوونیدا ڕەنگ لە کەسایەتی دەدەنەوە. منداڵی ئێمە هەمیشە دەکرێنە بەشێک لەکێشە خێزانیەکان، تەنانەت هەندێ جار لەسەر خودی منداڵەکە کێشەی خێزانی دروست دەبێت، بەبێ ئەوەی ئەم منداڵە هیچ جۆرە تاوانێکی هەبێت، یان هیچ جۆرە حەزێکی لەم بابەتانە هەبێت، گرفتی گەورە لەناو پەروەردەی منداڵی ئێمە زۆرە، سیستەمی پەروەردە دەبێت زۆر بە بایەخی قوڵەوە لە باخچەی ساوایانەوە پلانی خۆی دابڕێژێت، بۆ ئەوەی ناسۆری منداڵی کورد کەم بێتەوە، گرنگە وەزارەتی پەروەردەو کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕێکخراو دەزگا پەیوەندیدارەکان هەمیشە بیری تازەو پلانی تازەو پێشکەوتنی تازە بۆ منداڵانی کورد بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە، دیاردەی کۆمەڵایەتی زۆر هەیە کە منداڵان دەخاتە ناو تەنگژەی پەروەردەیی و دەروونیەوە. کۆمەڵگای کوردی خاوەنی کێشەی زۆرەو ناکرێت شەرم بکەین لەباسکردنیان. ئەم کێشانە بۆ منداڵان خراپ ومەترسیدارن، ئێستا دیاردەی جیابوونەوەی هاوسەرەکان زۆرەو منداڵانیش باجەکەی دەدەن وسەرگەردان دەبن. ئەمە شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردنەو ناشێت کەمتەرخەم بین لەبەرامبەری. ئێمەی کورد جەنگ وئاوارەیی ومالوێرانی زۆرمان دیوە. بۆیە لەئاستی سایکۆلۆژی ڕەنگدانەوەی لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتارو کەسایەتیمان داناوە، بەڵام ناکرێت وبێمانایە ئەمە بگوازینەوە بۆ منداڵاکانمان، دەبێت وردبین وزانستی وئارام وهێمن منداڵ پەروەردە بکەین. ژینگەی توندوتیژی سیاسی وکۆمەڵایەتی وپەروەردەیی ئێمە ئەمڕۆ گەورەترین ناسۆری ژیانی منداڵانی کوردستانە، تەنانەت بینیمان چۆن منداڵان دەکەونە بەردەم مەترسی جەنگ وململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

کۆمەڵگای داهاتوو زۆر گرنگە تاکێکی پەروەردەکراوی ئامادەی باشی هەبێت، کە هەر لەمنداڵیەوە ڕێکخرابێت، منداڵان داهاتوی کۆمەڵگان، ئەگەر بەناسۆری پەروەردەبێت ئەوا مانای وایە داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە پڕە لە ناسۆری و گرێوگۆڵ. ئیدی مانای وایە با بەزوویی دەستبەکار بین بۆ ئەوەی ناسۆری منداڵانی کوردی لەبواری هەژاری وخێزانی و پەروەردەیی کەم بکەینەوەو پلانی تازە وخەمخۆرانەی بۆ دابنێین.

# پان ئیسلامیزم، پان عەرەبیزم و تیرۆری نێودەوڵەتی



ئەکرەمی میهرداد

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

بەم شێوەیە پەیدابوونی بەرەیەکی ئیسلامی و سوننی و عەرەبی (ڕانەگەیەندراو!!) بەهێز، پڕ چەک، خاوەنی دانیشتوانی زۆر، پارەدارو خودان لە جێگەیەکی ستراتیژی وەکو دورگەی عەرەب و میسر، عێراق و وڵاتانی شام، هاوپەیمانی ئیسلامی ناعەرەبی (تورکیا، هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و تەنانەت ئەندەنوسیاو مالیزیاش) دەتوانێ مەترسی گەورە لەسەر بەرژەوەندی تەواوی دنیا دروست بکات . مەترسیەکان کە ئەو بەرە ئیسلامی – سوننی – عەرەبیە دروستی دەکەن، ئەمانەن :

1 – هەڕەشە لە دژی ئیسرائیل لەلایەن باڵە توندڕەوەکانی (حەماس و جیهاد و حزبولڵا) و بە پارەو یارمەتی عەرەبی و ئێرانی . هەڕەشە لە کوردستان و هەوڵدان بۆ کردنە سەرە ڕێگەی کوردستان بۆ بەستنەوەی ئیسلامی عەرەبی و تورکی و ئێرانی و سوود وەرگرتن لە بۆشایی دەرەوەی دەسەڵاتی کوردستان و فشار خستنە سەر ئەو دەسەڵاتە لەڕێگەی گروپە ئیسلامییەکانەوە .

2 – هەڕەشە لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست (لەڕێگەی ئەفغانستان و پاکستان) و دژایەتی هەژموونی روسیا لەو ناوچەیەداو بە سوود وەرگرتن لە زەمینەی ئیسلام بوون و دژایەتی خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ دەسەڵاتی ڕوسی .

3 – هەڕەشە لە هیندستان بە هاندانی ئیسلامەکانی هیندستان کە زیاتر لە 150 ملیۆن کەس دەبن . هاندانی ئیسلامی کشمیر، هەڕەشە لە چین بە هاندانی ئیسلامەکانی ئەو وڵاتە .

4 – تەماعی پان ئیسلامیزم و پان عەرەبیزم لە جەماوەر و دەوڵەتی ئەندەنوسیاو مالیزیا کە دوو وڵاتی ئیسلامی و سوننەی پڕ دانیشتوانن و لە جێگایەکی گرنگ و ستراتیژی لە نێوان هەردوو ئۆقیانوسی هیندی و ئارامدا و سەرەنجام ئوسترالیا و فلیپین و ژاپۆنیش دەکەوێتە بازنەی مەترسییەوە .

5 – گریمان هەموو ئەم مەترسییانە نایەنە دی یان کەم دەبنەوە (وەکو ئێستای دوای 11 ی سێپتێمبەرو ڕووخانی تاڵیبان و بەعس) بەڵام ئایا ئەم سیاسەت و تەرتیبە بۆخۆی خاوەنی تواناو ئەقڵ و مانۆڕی وا نابێت کە بتوانێت جێگاو ڕێگای تایبەت بە خۆی لە سیاسەتی جیهاندا پەیدا بکات ؟ مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ سیاسەتی جیهانی هەموو ئەو بۆشایی یان زەمینانەی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی عەرەب و ئیسلامدا بۆ سیاسەتی ئیسلامی و تیرۆریزمی ئیسلامی بەجێ نەهێڵێت .

## جیهانی پاش 11 ی سێپتێمبەر

داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئوسامە بن لادن و قاعیدەوە لەڕێگەی تاڵیبانەوە، بە سەرەتای سەردەمێکی نوێ و ڕێکخستنێکی نوێ دادەنرێت لەلایەن بەرەی پان ئیسلامیزم و پان عەرەبیزمەوە . بێگومان پاش ئەوەی کە لە ساڵانی رابردوو (1979 تا 11 ی سێپتێمبەر) لە هەموو ئاراستەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، هێزەکانی یەدەکی ئیسلامی و جەماوەری دێتە کایەوەو دەتوانێ شەقام و جەماوەری ئیسلامی و عەرەبی لە دژی بەرەی ڕۆژئاوا بخاتە کار . هەڕەشەی ئیسلامی بەهێزی پاکستان لە ئاسایشی هیند و چین هەڕەشەی ئیسلامی پاکستان لە ئەندەنوسیا و مالیزیا، هەڕەشەی تاڵیبان و عەرەبی ئەفغان لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندو هەڕەشەی پان ئیسلام و پان عەرەبیزم لەسەر خودی ئاسایشی جیهانی و ئەمەریکا هەروەکو لە هێرشەکانی ئەم ساڵانەی دواییدا بینیمان کە لە (2001/9/11) کارەساتی گەورەی جیهانییان خوڵقاند و تا ئێستاش ئەو هێرشانە بەردەوامە .

بۆ وەڵامدانەوە بەم هەڕەشەو بەرەیە و بەم تیرۆریزمە، پێویست بە بوونی بەرەیەکی دیکەی جیهانی هەیە بە سەرۆکایەتی ئەمەریکاو هێزە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتانەن : ئەوروپا، روسیا (کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست)، چین، هیندستان و تەنانەت ئوسترالیاو ژاپۆنیش . لەم شەڕەدا کە سەرەتاکەی لە ئەفغانستاندا بوو، بەرەی سوننی – عەرەبی گەورەترین مەیدان و زۆرترین شەرکەرانی لەدەست دا .دووهەمین شەڕو مەیدانی یەکلاکردنەوەو بێهێزکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی، لەناوبردنی دەسەڵاتی بەعس و سەدام بوو لەلایەن ئەمریکا لە عێراق . ئەم شەڕە تا ئێستا بە شێوەی دیکە بەردەوامە لە نێوان ئەمریکاو حکومەتی تازەی عێراق لە لایەکەوەو تیرۆریستانی ئیسلامی و عەرەبی داڵدەدراو و یارمەتیدراو لەلایەن ئێران، سوریا و هەندێ وڵاتی دیکەی عەرەبییەوە .

شەڕی دوای 11 ی سێپتەمبەر و هاوپەیمانی جیهانی ئەمریکا بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی تاڵیبان، راستیەکی زۆر گەورەی سەلماند، کە ئەویش ئەوەبوو هیچکام لە دەوڵەتانی ئیسلامی جگە لە پاکستان و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست نەبێت لە شەڕی دژی ئوسامە و تاڵیباندا بەشدارییان نەکرد . لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆریان (بە وڵاتانی عەرەبیشەوە) لە جەنگی کوەیت لە دژی سەدام بەشداربوون . سەرەڕای یارمەتی نەدان و بەشدارنەبوونیان لە شەڕی دژی ئوسامەو تالیبان . هەستان بە هاندان و جۆشدانی شەقام و میدیای عەرەبی و ئیسلامی لە دژی ئەمریکا بۆ ڕووخانی تالیبان . کارگەیشتە رادەیەک کە شێخی ئەزهەر ڕاستەوخۆ فەتوای دژی شەڕی ئەمریکای لە ئەفغانستان داو لە پێشەوەی خۆپیشاندەرانەوەبوو لە قاهیرە .

## پان ئیسلامیزم و پان عەرەبیزم لە دوای ڕووخانی بەعس و سەدام

بێگومان دەسەڵاتی بەعس و سەدام هەمیشە پێگەیەکی بەهێزی پان ئیسلامیزم و پان عەرەبیزم بووە، تەنانەت کە لەو کاتانەش دژایەتی وڵاتانی عەرەبی و خەلیجی کردووە (وەکو سەردەمی داگیر کردنی کوەیت) هێشتا وەکو بنکەیەکی بەهێزی ئەو سیاسەتە چاوی لێکراوە . عێراق هەمیشە یەکێک بووە کە زۆر چالاکانە یارمەتی موجاهیدی ئەفغان و تاڵیبان و قاعیدەی داوە و بەردەوام یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی یارمەتی ئەوان، دەسەڵاتی بەعس بووە لە عێراق . هەڵبژاردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بۆ لەناوبردنی دوای دەسەڵاتی تاڵیبان، بە یەکێک لە سیاسەتە گرنگەکانی ئەمریکا دەژمێردرێ بۆ دژایەتی کردنی بەرەی ئیسلام و عەرەبیزم و بەمشێوەیە بەهێزترین و پڕ چەکترین و دڕندەترین هێزی ئەو بەرەیە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە لەناو دەبرێت . لەناوبردنی عێراق دەبێت وەکو لەناوبردنی گەورەترین پێگەو یارمەتیدەری تیرۆریزمی ئیسلامی حیسابی بۆ بکرێت کە بێگومان دوو وڵاتی دیکەی (سوریا و ئێران) ئێستا کەوتوونەتە بازنەی سیاسەتی دژایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە .

سیاسەتی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی دوو جەمسەری ئیسلامی و عەرەبی و دوو دەوڵەتی دامەزراو لەسەر هێرشی ئیسلامی (ئەفغانستان) و هێرشی عەرەبی (عێراق) بە سەرەتای یەکلاییکردنەوەو نەهێشتنی سیاسەتی پان ئیسلامیزم و پان عەرەبیزم دادەنرێت .

ئێستا لەدوای نەهێشتنی هەردوو دەسەڵاتی تاڵیبان و بەعس، دەردەکەوێت کە ئەم دوو پێگەیە چەند بەهێزو کاریگەر بوون لە پەیڕەوی سیاسەتی تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی لە پانتایی جیهاندا . لە دوای ڕووخانی عێراق دەردەکەوێت کە هێزی تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی تەنانەت لە عێراقی پاش سەدام حوسێندا هەر بەهێزەو زۆرجار ئاستەنگ و گورزی کاریگەر لە حکومەتی تازەی عێراق و سوپای ئەمریکاش دەدەن . لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام و بەعس، توندڕەوی و دڕندەیی تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی دەگاتە ئەوپەڕی هێز و توانای خۆی و نامرۆڤانەترین شێوەی کوشتن و سەربڕینی بێتاوانانیش لە خۆیان نیشان دەدەن . بوونی هەموو ئەو گروپە تیرۆریستیانە، ئەوە نیشان دەدات کە دەسەڵاتی بەعس و سەدام چەند کاریگەرو کارامە بووە لە بوونیاتنان و یارمەتیدانی ئەمجۆرە لە تیرۆریزم، لە کاتێکدا کە هەر بۆ خۆشی دەوڵەت و دامەزراوەیەکی تیرۆریستی بووە . هەموو ئەمانە لەپاڵ یارمەتی و هاوکاری ئاشکرای (سوریا و ئێران) بۆ ئەو گروپە تیرۆریستیانە لە پاڵ یارمەتی و هاوکاری نهێنی و ناڕاستەوخۆی زۆرێک لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و هەرێمایەتی بۆ کۆمەکی تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی لە عێراقدا لە دژی دەسەڵاتی ئەمریکاو سەرەتاکانی دیموکراسی و هێزو کاریگەری کوردی لە عێراق .

لە عێراق دوای بەعس و سەدام، هەموو هێزو جەمسەرەکانی پان ئیسلامیزم و پان عەرەبیزم (دەوڵەتەکان – عەرەبی و ناعەرەبی، بزووتنەوەکان – عەرەبی و ناعەرەبی) ئێستا کە لە عێراق هاوکارن بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکاو سەرەتاکانی دیموکراسی و جێگەو پێگەی کورد . هیچ کاتێک سوریاو ئێران ئەوەندەی ئێستا هاوکارو یارمەتیدەری سیاسەتی ئیسلامی و عەرەبی نەبوون، کە وەکو ئێستا لە عێراقدا دەبینرێت . بە بڕوای من هەموو هێزەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی عێراقیان کردۆتە مەیدانی سەرەکی خۆیان بۆ دژایەتی کردنی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، هەروەکو چۆن ئەمریکاو هاوپەیمانانی نیازو بەرنامەی ئەوەیان هەیە لە دوای کۆتایی هێنان بە تیرۆریزمی ناو عێراق، دەوڵەتانی دراوسێی یارمەتیدەری ئەو تیرۆریزمە بخەنە بەرنامەی پەلامارو لەناوبردنەوە .

## پان ئیسلامیزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی

دیاریکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو یان بڕیار لەسەر دراو لەلایەن هەموو هێزو دەوڵەت و بیرو باوەڕەکانەوە بۆ دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کارێکی زۆر ئەستەمە . تیرۆریزم دیاردەیەکی سیاسی و نێودەوڵەتییە و هەر بەو پێیەش زۆر زەحمەتە کە تاکە پێناسەیەکی گشتی بۆ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هەوڵدراوە کە تا ڕادەیەک پێناسەیەکی نزیک لە ڕاستینەی ئەو دیاردەیە ئاشکرا بکرێت . بە بڕوای من ئەم پێناسانەی خوارەوە لەو دیدگایانەن کە تاڕادەیەک نزیک دەبنەوە لەو ڕاستییەی ئەو دیاردە ترسناک و جیهانییە، کە بۆتە سەرەتای هەواڵی هەموو میدیاکان و گرنگایەتی زۆربەی دەزگاو دامەزراوە سیاسی و ستراتیژییەکان .

یاساناسی پۆڵۆنی (گێرزی فاسیۆرسکی) بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆری سیاسی دەکات :

ڕێبازێکی تاوانکارانەیە کە بەهۆیەوە خاوەنەکەی (بکەرەکەی) دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگاو دەوڵەتدا بسەپێنێت . (4)

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شێوەیە ڕوانگەی خۆی بۆ تیرۆر دەربڕیوە :

تیرۆر هەڕەشەیە بەبەکارهێنانی هێز یان هۆکارەکانی توندوتیژی بە مەبەستی گەیشتن بە داسەپاندنی چەمکێکی سیاسی دیاریکراو و پیادەکردنی کاریگەری سایکۆلۆژی نەک تەنها لەسەر ئەو کەسانەی کە دژن، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی فەزای ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵانێکی فراوانتردا .(5)

دیدگای ئیسرائیل لە بەرامبەر تیرۆر ، کە وڵاتێکە زۆر ناخۆشی بە دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبییەوە چەشتووە، لەلایەن (بنیامین ناتانیاهۆ) وە بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆری کردووە:

هۆکاری ئاشکرای تیرۆر کوشتن و ناشرینکردنی جەستەی قوربانییە (نمونەی سەربڕین و پارچە پارچە کردنی لەشی قوربانییەکان بە ئاشکرا لەبەر چاوی کامێراو ئەنتەرنێت) بە شێوەیەکی لەوەو پێش بەرنامەڕێژکراو بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی کەشی ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکیدا .(6)

پاش ئەوەی کە تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی دەیەها جارو سەدان جار بەو شێوەیەی سەرەوە کارنامەو بەرنامەی سیاسی و عەقائیدیی خۆی لە ڕێگەی تیرۆرەوە ڕاگەیاندووە، ئیتر لێرەوە کارێکی ئەستەم نابێت، ئەگەر بمانەوێت ئەو دیاردە عەرەبی و ئیسلامییە بناسینەوە . بەڵام سەرەڕای ئەو کارانە تیرۆریزمی ئیسلامی و (عەرەبی!) چەند پلان و کارنامەیەکی لەم ماوەیەی کاری خۆیدا (1979 تا ئێستا) چەندان جارو بە چەندین شێوە و ڕووخسار بەیان کردووە :

1 – تەواوی گروپە ئیسلامییەکان و لە ناویشیاندا دیدگاکانی جیهادی و تەکفیری، بڕوایان وایە کە ئەوان هەڵگری ڕاستی ڕەهاو پەیامی خودان و خوا لە ڕێگەی ئەوانەوە ئیمارەتی (یان ئیماراتەکانی_ الامر بالمعروف و النهی عن المنکر )دەهێنێتە دی . ئەوان بڕوایان وایە کە شەریعەتی ئیسلام (قورئان و سوننە) دەبێت حوکم بکات و بەم شێوەیە بەرنامەی تەواوی ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە (الحکم بامر الله) یە . بێگومان لە ڕێگەی خۆیان و بەرنامەو کاری خۆیانەوە . ئەم دیدگایە دوولایەنی گرنگ و کاریگەری تێدایە : یەکەمیان کە ئەوان هەڵگری پەیامی خودان و دووەمیش کە تەکفیری تەواوی ئەوانە دەکەن کە وەکو خۆیان نین یان هەڵگری بیرورای جیاوازن، خۆیان دەکەنە سەرچاوەی ئەو پەڕی خۆ بەڕاست زانین و کوشتن و لەناوبردنی لایەن و کەسانی جیاواز یان ناکۆک بە خۆیان . مەترسی ئەم سیاسەت و ڕێبازە سەرەڕای نواندنی توندوتیژی و تەکفیرکردنی کەسانی دیکە، ئەوەیە کە ئەم کارە بە ناوی پیرۆزی خوداو دادپەروەرییەوە دەکات، کە لەلای خاوەنەکانی تاکە ڕوانگەی پیرۆزو بەرحەقە .

2 – وەرگێڕانی جیاوازی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ململانییەکی تیرۆر و ترس و تۆقاندن .(7)

3 – کارو چالاکی دەزگاکانی نهێنی موخابەراتی هەندێک لە دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی تەنها بە هاوکاری و هاندانی باندو ڕێکخراوە بونیادگەرا و تیرۆریستەکان نەوەستاوە، بەڵکو گەیشتۆتە ڕادەی پەیوەندی نزیک و ئۆرگانیک لە نێوان ئەو دامەزراوە موخابەراتی و ڕێکخراوە تیرۆریستیانەدا بە شێوەیەک کە زۆرێک لە پیاوانی گەورەو کاربەدەستی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان خراونەتە ناو ڕێکخراوە ئیسلامی و عەرەبیەکانەوە . مەبەستی سەرەکی لەم کارە ئەوەیە کە پەیوەندی بەردەوامی نێوان دەزگاکانی موخابەراتی (ئیسلامی و عەرەبی) لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستەکاندا لە ئاستی گەرەنتی کراو و کۆنترۆڵکراودا بێت و پاشان پێکەوەبەستنی کاری تاوانکاری و وێرانکردنی پرۆسەی سیاسی . دەوڵەتەکانی ئێران، سوریا و عێراقی ژێر دەستی سەدام و بەعس باشترین نمونەن بۆ ئەم تیرۆریزمە .

4 – توندوتیژی و ترس و تۆقاندن و کوشتن و بڕین و شێواندنی جەستەی قوربانیان دەکرێتە هۆکاری سەرەکی و بەرنامەی بنەڕەتی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەو حکومەت و ڕێکخراوانە .

5 – تیرۆریزمی ئیسلامی و عەرەبی (دەوڵەت و ڕێکخراوەکان) بڕوایان وایە کە ئامانجەکەیان هەموو هۆکارو ڕێگاکان حەڵاڵ دەکات، تەنانەت کوشتنی خەڵکی مەدەنی و بێتاوانیش . تەنانەت ئەوان پەیوەندی و نزیکایەتی نێوان ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان و ڕێگەو شوێنەکانی کاری مافیای نێودەوڵەتی دەگەیەننە ئاستێکی باوەڕپێنەکراو . بازرگانی مەوادی هۆشبەرو کاری سێکسی نامەشروع و سپیکردنەوەی پارەی ڕێکخراوەکانیان نمونەیەکن لەو کارانەی کە تەواوی ڕێکخراو و دەوڵەتە تیرۆرستەکان لەم ساڵانەی دواییدا کاریان پێکردووە . بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە نزیکایەتی ڕێبازی تیرۆریزم لەگەڵ چالاکییەکانی مافیای نێودەوڵەتیدا ئاوێنەی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تیرۆر و شێوەکانی تاوانی ڕێکخراوە .

پەراوێزەکان :

1- ڕەنگە هەندێک بڵێن وشەی پاکستان لەگەڵ وشەی هیندستان لە یەک ناچن و ئەی ئەم ناوە بۆ ئەو وڵاتە سەربەخۆیە چۆن پەیدا بوو، ئەگەر تەماشای وشەکانی پەنجاب، ئەفغانستان، کشمیر، سەندو بلوجستان بکەین، تێدەگەین بۆ ئەو ناوە هاتووە، لە وشەی پەنجاب (پ)، لە وشەی ئەفغانستان (ا) لە وشەی کشمیر پیتی (ک) لە سەند پیتی (س) و لە وشەی بلوجستان پاشگری (تان) یان وەرگرتوو بەم شێوەیەی لێهات :
پ+ا+ک+س+تان=پاکستان کرایە ناوێک بۆ ئەو وڵاتە ئیسلامییە بە زۆر دروستکراوەو خودی ئەم ناوەش لە لایەن محەمەد عەلی جەناح و مسلم لیگەوە پێشنیازکراو بەریتانیای ئاغاشیان پەسەندی کرد. هەر رابیتەی ئیسلامی و ئەوانەی کە سیاسەتی ئیسلامیان لە کەناری بەریتانیا گرتە بەر دەڵێن، بۆیە ئەو ناوەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی کە بڵێن مادام ئێمە ئیسلامین بۆیە (پاکین). بڕوانە : پاکستان در جستجوی هویت مفقود . تهران 1361.

2 – ریچارد نیکسون، فرصت دریابیم، ترجمە حسین وفسی نژاد، تهران 1371،ل246.

3 – ریچارد نیکسون، هەمان سەرچاوە ل 238 .

4 – ادونیس العکرە، الاهاب السیاسی، دار الطلیعة للطباعة و النشر ص 90.

5 – هەمان سەرچاوە .

6 – نعوم تشومسکی، القراصنة و الاباطرة، قسم الدراسات و الترجمة حوران للنشر، ص58 .

7 – غراتشوف، تحت فوهة الارهاب، دار التقدم، موسکو، ص99 .



# تیپە کوردییەکانی خورماتوو پشتگوێ دەخرێن، بەڵام تیپە تورکمانییەکان هاوکاری دەکرێن

**لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا کە (ئاڵای ئازادی) لەپرسی وەرزش وەکو پرسێکی گرنگ و بەرچاو پێی هەستا، دەرکەوت کە ئاستی وەرزش لە شارەکە ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەدابەزیندایە، بە هۆی پشتگوێ خستنییەوە، کە زۆر بە کەمی باسدەکرێت و گرنگی پێدەدرێت لە چاو ساڵانی پێشوو، کە ئەمەش وەهای کردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی وەرزش بەرەو دواوە بڕوات، یاریزانانیش ئەم هۆکارە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە بە باشی بایەخ بەوەرزش لە شاری خورماتوو نادرێت وکەسێکیش نییە ئەو کێشەو گرفتانەی کە وەرزشوانان هەیانە بۆیانی چارەسەر بکات ولە خەمیان بکۆڵێتەوە.**

**ریپۆرتێر: عومەر ئاوارە**

(پێشڕەو حەسەن) یاریزان و سەرپەرشتیاری تیپی برایەتی، ئاماژەی بەوەدا کە تەنها وەرزشە لە خورماتوو کەس باسی ناکات و بایەخی پێنادات، پێشڕەو گوتی: ئەوەتا بەچاوی خۆتان دەبینن کە وەرزش لەشارەکەدا بە چ قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کەسێک نییە بەجدی خەمی وەرزش و وەرزشوانان بخوات، ناڵێم شت نەکراوە، بەڵام بە کەمی کراوە کە بە بڕوای من هیچ خزمەتێک بە وەرزش بە تەواوەتی



هاوکار کەریم



محەمەد بەرزان



بەختیار جومعە

ناگەیەنێت، هەروەها گوتی: گۆڕەپانێک لە تەنیشت گۆڕستانەکەی گەڕەکی رزگارییەوە دروستکرا کە ئێواران تیپەکان بۆ یاریکردن روویان تێدەکرد، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک گۆڕەپانەکە تێکدرا و ئەرزەکەی بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەک تەرخانکرا. کە ئێستا ئەو تیپانە سەرگەردانن نازانن بۆ یاریکردن روو لە کوێبکەن.

یاریزان (هاوکار کەریم حوسێن) لە بارەی نەبوونی خزمەتکردنی پێویست بەوەرزشوانانی شاری خورماتوو گوتی: بەڕاستی تیپەکان هاوکاری تەواو ناکرێن و گۆڕەپانی باش نییە بۆ ئەوەی یارییەکانی تێدا بکرێت وبەڕاستیش کەسێک نییە خەمی وەرزشوانان بخوات، بەتایبەت تیپەکان، ئەوەشی کە دەکرێت بۆ وەرزش و وەرزشوانان لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەو یاریزانە خوازیارە لەخورماتوو بایەخی زیاتر بەوەرزش بدرێت و ئاوڕی جدی لێبدرێتەوە و لەهەمان کاتدا چارەسەری کێشەو گرفتەکانی وەرزش وەرزشوانانیش بکرێت.

یاریزان (محەمەد بەرزان) کە ئەویش ماوەی چەند ساڵێکە وەکو یاریزانێکی تۆپی پێی یاریدەکات، لە بارەی کێشەو گرفتەکانی وەووەرزشەوە لە شاری خورماتوو گوتی: ئەوەی کە ئێستا باسی بە کەمدەکرێت و بە کەمیش بایەخی پێدەدرێت وەرزشە، هەموو وڵاتێک بەوەرزشەوە جوانە، وەرزشیش بۆ هەموو کەسێکە، بەڵام لەم شارەی ئێمەدا تەنها وەرزشە پشتگوێخراوە، تاکو ئێستا لەخورماتوو یاریگایەکی باش نییە، بەتایبەت لە گەڕەکە کوردییەکاندا بۆ ئەوەی یاریزانەکان یاری لە سەر بکەن و خولی لە سەر بکەنەوە، خۆزگە یاریگاییەک هەبووایە بۆ ئەوەی ئێمەش بمانتوانییایە خول بکەینەوە و یاری لەسەر بکەین، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە لە نەبوونی یاریگا دەبێت یەک هەفتە چاوەڕوان بکەن بۆ ئەوەی لەیاریگاکەی یانەی هاوکاری خورماتوو نۆرەیان بەرکەوێت بۆ ئەوەی یارییەک ئەنجامبدەن.

دواتر یاریزان (بەختیار جومعە) ئەویش وەکو یاریزانەکانی هاوڕێی گلەیی و گازندەیەکی زۆری بەرامبەر بەو پشتگوێ خستنەی وەرزش و وەرزشوانان هەبوو کە لە ئێستادا دەکرێت، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەکو پێویست هاوکاری ناکرێن و زۆر جار لە بیر دەکرێن، بەختیار گوتی: منیش وەکو هاوڕێکانم دەڵێم کەسێک نییە بەڕاستی خەمی وەرزش و وەرزشوانان بخوات لە شارەکە، بۆ نموونە خولێک دەکرێتەوەو دواتر ئاژاوەی تێدا ئەنجامدەدرێت و بەهۆی ئەو ئاژاوەیەوە ئەنجامنادرێت، ئەگەر کەسێک بەڕاستی خەمی ئەوە بخوات و بەتەواوەتی پشتگیری وهاوکاری بکات، ئەوا من بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر خولێک بکرێتەوە بەسەرکەوتوویی کۆتایی دێت، ئەو ئاماژەی بەوەدا کە تەنها تیپە کوردییەکانی شاری خورماتووە پشتگوێ دەخرێن وهاوکاری ناکرێن، ئەگینا تیپەکانی دیکە بە تایبەت تیپە تورکمانییەکان لایەن خۆیانەوە هاوکاری دەکرێن وپشتگیری تەواویش دەکرێت، ئەو داوای لەلایەنی پەیوەندیدارکرد کە وەرزش لە کەناری ئاوابوون رزگار بکەن و هاوکاری وەرزش و وەرزشوانی شارەکە بدەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن پەرە بەو چالاکییە گرنگە بدەن و لێی دوور نەکەونەوە.

# خولی راهێنەرانی کوردستان لەوڵاتی پۆڵەندا کۆتاییهات

**هەرژین عوسمان : وارشۆ:** لەدواین رۆژی خولی راهێنەرانی کوردستان لەپۆڵەندا یەکێک لەراهێنەرە بەناوبانگەکانی پۆڵەندا و ئەوروپا بەناوی (یەرزی ئەنگڵ) چەند وانەیەکی لەسەر شێوازی پێکهاتەی (4-4-2) پێشکەش کردو وردەکارییەکانی ئەو پلانەی بەراهێنەرانی کوردستان گەیاند. ئەنگڵ لەئێستادا سەرۆکی لیژنەی راهێنەرانی یەکێتی تۆپی پێی پۆڵەندایە و ئەندامی هەمان لیژنەیە لەیەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا، ئەو راهێنەرە جگە لەسەرپەرشتیکردنی چەند یانەیەکی پۆڵەندی ئەوروپی بۆ ماوەی 2 ساڵ راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتیمانیی وڵاتەکەی بووە.

دوای کۆتایی هاتنی وانەکە (سەفین کانەبی) سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دیاریی یەکێتیەکەی پێشکەشی راهێنەری ناوبراو کرد، هەروەها بانگهێشتی کرد تا لەدەرفەتێکدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، لەلێدوانێکیدا ئەنگڵ گوتی: خۆشحاڵم بەوەی لەلایەن جەنابی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانەوە بانگهێشتکرام، ئێمە تا ئێستا سەردانی ئەو هەرێمەمان نەکردووە بۆیە بەدڵنیاییەوە لەنزیکترین هەلدا ئەو داوایە بەجێدەگەیەنم، لەبارەی راهێنەرانی کوردستانەوە ئەنگڵ راگەیاند: هەست بەخۆشیەکی زۆر دەکەم کەدەبینم چەند راهێنەرێکی کورد لێرەن، ئەو راهێنەرانە هیچیان لەئێمە کەمترنییە، بەڵام پێویستیان بەزانیاریی زیاترە.

دواتر بڕوانامەی باوەڕپێکراوی ئەورووپی بەسەر راهێنەرە بەشداربووەکان دابەشکراو هەردوو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێی پۆڵەندا دیاریی خۆیان ئاڵوگۆڕکرد.جێی باسە ماوەی 9 رۆژە 22 راهێنەری هەرێمەکەمان لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستانەوە خولێکی چڕوپڕو ئاستبەرزیان بۆ کراوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا یاریگای نیشتیمانی پۆڵەندایان بەسەرکردەوە و ئامادەی یارییەکی خولی ئەوروپا بوون.



# باشترین (10) یاریزان لەمێژووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیای خاوەن (4) جامی جیهانی

**1 - پاوڵۆ ماڵدینی:**

ئەو یاریزانەی کە بە (وەزیر)ی هێڵی بەرگری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا هەژمار دەکرێت کە (126) یاری بۆ هەڵبژاردەی ئازۆری کردووە لەنێوان ساڵانی (1988 تا 2002) و (7) گۆڵی تۆمارکردووە، هەروەها بەشداری لە (4) مۆندیالی یەک لەدوای یەکی کردووە لە مۆندیالەکانی (1990 تا 2002) هەروەها تەنها بەیەک درێس یاریکردووە ئەویش یانەی (ئەیسی میلان) بووە کە"25" وەرز یاری بۆ کردووەو هەرگیز رووی لەیانەیەکی دیکە نەکردووە، لە ساڵی (1994 تا 2009) ژمارەی پێوانەی شکاند لەنێو هەموو یاریزانانی جیهان کە زۆرترین وەرز لەڕیزی یەک یانە یاریکردووە، ماڵدینی "29" گۆڵی تۆمارکردووە لەکۆی (647) یاری و "7" جار خولی کالشیۆی بەدەستهێناوەو "5" جار خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا جگە لەچەند دەستکەوتێکی دیکە لەگەڵ یانەی میلان، ئەم یاریزانە بەئەزموونە لەتەمەنی "41" ساڵی بەیەکجارەکی وازی لەجیهانی تۆپی پێ هێنا، لەیانەی میلانیش درێسی ژمارە (3) راگیرا و نادرێت بەهیچ یاریزانێکی دیکەی یانەی میلان. وەک وەفایەک بۆ پاوڵۆ ماڵدینی، جگە لە ماڵدینی یاریزانێکی دیکە ژمارە (3) ناپۆشێت.

**2 - پاوڵۆ رۆسی:**

بەیاریزانە (ساروخەکە)ی ئیتاڵیا ناسراوە بەماوەیەکی کورت خۆی ئاشناکرد بەهەموو جیهان، گرنگترین دەستکەوتی بۆ هەڵبژاردەکەی بەدەست هێنا ئەویش بەدەستهێنانی جامی جیهانی ئیسپانیا لەساڵی (1982) بەتۆمارکردنی "6" گۆڵ بەگۆڵکار و باشترین یاریزای جامی جیهانی هەژمارکرا، توانیویەتی (20) گۆڵ لەکۆی (48) یاری تۆماربکات لەنێوان ساڵانی (1977 تا 1986)، گرنگترین ئەو یانانەی کە یاری بۆ کردوونە بریتین لە (کومۆ و فیتشندزا و بیروجیا و ڤیرۆنا و یۆڤانتۆس و میلان).

**3 - دینۆزۆف:**

بەگۆڵپارێزی مێژوویی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا هەژمار دەکرێت و خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لە (پاکڕاگرتن)ی گۆڵەکەی بۆ درێژترین کات، بۆ ماوەی (1143) خولەک، هەروەها (112) یاری ئەنجامداوە لەساڵانی (1968 تا 1983) لە چوار مۆندیالی یەک لەدوای یەک بەشداریکردووە لەساڵانی (1970 تا 1982) بەتەمەنترین کاپتن بووە کاتێک جامی جیهانی لەباوەش گرتووە بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کە تەمەنی (40) ساڵ بووە، ئەویانانەی کەیاری بۆیان ئەنجامداوە بریتین لە (ئۆدەنیزی و مانتوفا و ناپۆلی و یۆڤانتۆس). یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵی بەباشترین گۆڵپارێزی (50) ساڵەی وڵاتەکەی دەستنیشانیکرد.

**4 - رۆبەرتۆ باجیۆ:**

ئەم یاریزانە بەناوبانگەی ئیتاڵی نازناوی (پیرۆز)یان پێبەخشیوە، لەکۆی (56) یاری (27) گۆڵی بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمارکردووە، هەروەها لە (3) مۆندیال بەشداربووە (1990 تا 1998) گرنگترین ئەو یانانەی کە لەریزەکانی یاریکردووە (فیتشندزا و فۆرینتینا و یۆڤانتۆس و میلان و بۆلۆنیا و ئەنتەرمیلان و بریشیا) (218) گۆڵی لە (488) یاری تۆمار کردووە. ئەوەش لەبیرناکرێت کە گەورەترین گورزی لەهەڵبژاردەی ئیتاڵیادا کاتێک لەیاری کۆتایی جامی جیهانی ساڵی (1994) بەلێدانی یەکلاکەرەوە کە یاریزان باجیۆ لێیدانی سزای ژمارە (5)ی بەرامبەر بە هەڵبژاردەی بەرازیل گۆڵ نەکردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیای بێبەشکرد لە چوارەم نازناو فرمێسکی رشت بەئیتاڵییەکان و جامەکەی پێشکەشی بەڕازیلییەکان کرد.

**5 ئەلیساندرۆ دێلپیێرۆ:**

خاوەنی چوارەم جامی جیهانییە بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و رۆڵێکی گەورەی بینی لەمۆندیالی (2006)ی ئەڵمانیا، لە (91) یاری توانیویەتی (27) گۆڵ تۆمار بکات، لەسێ مۆندیال بەشداربووە (1998 تا 2006) لەساڵی (1993)ەوە تا ئێستا تەنیا بەدرێسی (یۆڤانتۆس) یاریکردووە لە (445) یاری (192) گۆڵی تۆمارکردووە، بەگۆڵکاری مێژوویی یانەی خانمەپیرەکە هەژمار دەکرێت.

**6 - کریستیان ڤیێری:**

بەگۆڵکاری (20) ساڵە هەژمار دەکرێت، لەکۆی (49) یاری (23) گۆڵی تۆمارکردووە لەنێوان ساڵانی (1997 تا 2005). گرنگترین ئەو یانانەی کە یاری بۆ کردوون (تۆرینۆ و بیزا و رافینا و ڤینیتسیا و ئەتلەنتا و یۆڤانتۆس و لازیۆ و ئەنتەرمیلان و ئەیسی میلان و فیۆرینتینا و ئەتلەنتیکۆ مەدرید و مۆناکۆ) لەکۆی (375) یاری (294) گۆڵی تۆمارکردووە.

**7 - فرانکۆ باریزی:**

بەیەکێک لە کاپتنە بەناوبانگەکانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا هەژمار دەکرێت، توانیویەتی (81) یاری بۆ هەڵبژاردە شینەکە ئەنجامبدات لەساڵانی (1982 تا 1994)، هەروەها بۆماوەی (20) وەرز لەڕیزی یانەی (میلان) یاریکردووە شان بەشانی (پاوڵۆ ماڵدینی) لەساڵی (1977 تا 1997) بۆ (3) جار خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپای بەدەستهێناوە جگە لەچەندین دەستکەوتی جۆراوجۆری دیکە بۆ یانەی ئەیسی میلان.

**8 - لویجی "جیجی" ریڤا:**

هێرشبەری لای راستەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و لەساڵانی (1965 تا 1974) بەگۆڵکارە مەترسیدارەکە هەژمار دەکرێت لە دوو مۆندیال بەشداریکردووە، لەکۆی (42) یاری (35) گۆڵی تۆمارکردووە. لەیانەی (کالیاری) ئیتاڵی یاری کردووە (164) گۆڵی تۆمارکردووە لەکۆی (315) یاری.

**9 - جاتشینتو فاکێتی:**

یاریزانی هێرشبەری لای راستی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان (94) یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە کاپتنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بووە سێ مۆندیال بەشداربووە، لەڕیزی یانەی (ئەنتەرمیلان) بووە بۆ ماوەی (20) وەرز توانیویەتی (629) یاری ئەنجامبدات و (75) گۆڵ تۆمار بکات، لەساڵی (2006) لەتەمەنی (94) ساڵی بەهۆی نەخۆی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

**10 - جۆڤانی ریڤێرا:**

بەیەکێک لەیاریزانە مایسترۆکانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا هەژمار دەکرێت، توانیویەتی (60) یاری ئەنجامبدات و (14) گۆڵ تۆمار بکات لەنێوان ساڵانی (1962 تا1974) بۆ ماوەی (20) وەرز لەڕیزی یانەی (میلان) یاریکردووە لەساڵانی (1959 تا1979) توانیویەتی (501) یاری ئەنجامبدات و (122) گۆڵیش تۆمار بکات، جگە لەدەستکەوتی جۆراوجۆر توانیویەتی (3) جاری ببێتە خاوەنی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپا، هەروەها لەساڵانی شەستەکان بەباشترین یاریزانی ئەوروپا دەست نیشانکرا.













ئاڵای ئازادی
خاوەنی ئیمتیاز
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
سەرنووسەر: هەندرێن شێخ راغب
handren79@googlemail.com
07701465596
بەڕێوەبەری نووسین: سمکۆ محەمەد
smkomohamad@gmail.com
Alay Azadi
ناونیشان: هەولێر- ریگای سەرەکیی هەولێر- کۆیە- گەڕەکی "هەولێری نوێ" نووسینگەی سلێمانی: شەقامی سالم-نزیک رۆژنامەی هاوڵاتی- خوار سوپەرمارکێتی زارا-ژ- فانۆس تێلکۆم 07480182481
Email: ala.shameran@yahoo.com

# تریبۆن

هەندرێن

# دڵنیا ڕەزازی دەڵێت لاپەڕە بەناوی منەوە دروست مەکەن



دڵنیا ڕەزازی نیگەرانی خۆی دەردەبڕیت سەبارەت بەو لاپەڕانەی کە بەناوی ئەو لەتۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) کراونەتەوە.
لەلێدوانێکیدا هونەرمەند دڵنیا ڕەزازی، بێ ئاگایی خۆی لەکردنەوەی لاپەڕە بەناوی ئەو لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا راگەیاندو گوتی : ماوەیەکە لەلایەن هاوڕێکانم ئاگادارکراومەتەوە سەبارەت بەکردنەوەی ئەو لاپەڕانە لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.
دڵنیا دەڵێت : جێگەی داخە ئەو کەسانە بەناوی منەوە پەیامەکانیان بە ئازیزان رادەگەیەنن منیش لێی بێ ئاگام. هەروەها گوتیشی: لەڕێگەی ئێوەوە سەرجەم بەشداربوانی فەیسبووک ئاگادار دەکەمەوە کە من خاوەنی هیچ کام لەم لاپەڕانە نیم و هەر بابەتێکیش لەوێدا بڵاوکرایەوە من لێی بەرپرسیار نیم.
ڕەزازی لە درێژەی لێدوانەکەیدا باسی لەوەشکرد کە ئێستا چەند ئەکاونتێکیش بەناوی هونەرمەند (ناسری ڕەزازی باوکی) کراوەتەوە کە ئەو تەنها ئاگاداری یەک لەو پەیجانایە کە لەلایەن هاوڕێیەکی خۆشەویستی باوکییەوە کراوەتەوەو بەڕێوەدەبرێت.
سەبارەت بەو لاپەڕانەی کە بەناوی ئەو کراونەتەوە گوتی : "دیارە زۆرجار سیاسییەکان یان هونەرمەندان و نووسەران، هەرکەسێک لەبوارێک لەبوارەکانی ژیان دەرکەوێت لەفەیسبووکدا چەندین فەن پەیج و ئەکاونتیان بەناو دەکرێتەوە، بۆ ئێمە کردنەوەی فەن پەیج هیچ ئازارمان نادات، ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەی ببەن ئەوا ئاساییە بەلامانەوە، با ئاماژە بەوە بدەن کە لەلایەن کێ بەڕێوەدەبردرێت تا هەلە تێگەیشتنێک لەلایەن ئازیزانەوە روونەدات.
بەڵام ئەوانەی ئەکاونتیان بەناوی ئێمەوە کردۆتەوە ئەوا دەخوازم دایبخەن، چونکە ئەکاونت جیاوازەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو پەیوەستە بەخودی کەسەکان". گوتیشی: "بەهۆی سەرقاڵیم بەخوێندن و کاروباری ڕۆژانەم، بەداخەوە ئەودەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە بە جەماوەرەکەم شاد بم و بیروراکانمان بگۆڕینەوە، لەئێستادا ئەکاونتێکم هەیە بەم شێوازە (Delnia razzazi)، بەڵام لەبەر سەرقاڵیم ناچاربوومە تایبەتی بکەم بەهاوڕێ و کەسوکارەکەم".
جێگەی ئاماژە پێکردنە ماوەیەکە چەندین هونەرمەند ئەکاونتیان بەناو کراوەتەوەو ناوە ناوە لەم بارەیەوە لێرەو لەوێ روونکردنەوەکانیان بڵاودەکەنەوە و هەوادارانیان لێ ئاگاداردەکەنەوە.

**له ئەنتەرنێتەوە**

# چنار بەیەکجاری گەڕایەوە



کچە گۆرانیبێژ چنار کە لەساڵی 1998وە لەوڵاتی سوید نیشتەجێیە، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و لەزانکۆ درێژە بەخوێندن دەدات.
چنار بۆ درێژەپێدانی خوێندنەکەی وئەنجام دانی چەندین کاری هونەری هاتۆتەوە کوردستان، بەڵام لەئێستادا نایەوێت لەراگەیاندنەکان دەرکەوێت، ئەم هونەرمەندە کوردە خاوەنی کاری هونەری جوانەو ئێستاش لەکوردستان دەیەوێت کاری جوانی دیکە جێبەجێ بکات. بەڵام هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە هونەمەندی ناوبراو بڕیاری داوە بەیەکجاری لەوڵاتی دایکی بمێنێتەوە ونەگەڕێتەوە وڵاتی سوید.

# حەمەی مەلاکەریم درەوشانەوەیەک لە تاریکیدا



ڕۆڤار بڵاوکراوەیەکی کولتوورییە و لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاودەکرێتەوە، هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێکی کورد، نوێترین ژمارەی کەوتە بەردەستی خوێنەران ئەم ژمارەیەی ڕۆڤار لەسەر رووناکبیریی ناوداری کورد (حەمەی مەلا کەریم) ەو ژمارەکەش بەناونیشانی حەمەی مەلا کەریم درەوشانەوەیەک لە تاریکیدا بڵاوکراوەتەوە.
لەم ژمارەیەی ڕۆڤاردا هەریەک لە پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول و د.رەئوف عوسمان و عەبدوللا زەنگەنە، جەلال دەباغ، شێرکۆ بێکەس، رەئوف بێگەرد، رێبوار سیوەیلی، کامەران سوبحان، کەریم شێخانی، مستەفا ساڵح کەریم بە وتارێک بەشدارییان کردووە لەسەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی ئەدەبی و کولتووری ئەو رووناکبیرە.
ڕۆڤار، لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دوو مانگ جارێک بڵاودەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری گشتی رەئوف بێگەرد، بەڕێوبەری نووسین کامەران سوبحان، ئێستا لە سەرجەم کتێبخانەکاندا بەردەست دەکەوێت.

# نەوای هەولێر گەشتی دووەمی هەیە



پاش ئەوەی گروپی موزیکی نەوای هەولێر، ئەلبومی گەشتێک بەناو گۆرانی و ئاوازە رەسەنەکانی کوردی بڵاوکردەوە، گروپەکە رایدەگەیەنێت لەمساڵدا بەرهەمێکی نوێ بڵاودەکەنەوە. کە چەندین تێکست و میلۆدی رەسەنی کوردی لە خۆگرتووە و گۆرانییەکان لە لایەن (فەرهەنگ غەفور و ئاڤان عوسمان)ەوە دەوترێنەوە. سەنتەرەکە راشیگەیاندوە: لە ئێستادا کاری ڤیدیۆ کلیپی گەشتەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە، کە یوسف ستار وێنەی دەگرێت و کاری مۆنتاژ لە لایەن کاروان زامدار دەکرێت و هەڤاڵ حەمەد کاری دەرهێنانی بۆ کردووە. شیاوی باسە دوای بڵاوبوونەوەی گەشتی یەکەم پێشوازی گەورەی لە کوردستان لێکرا، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت زیاتر گرنگی بە گەشتی دووەم بدەن وهەوڵ بدەن سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنن.

# نهێنیەکانی هیتلەر کۆتاییان نایەت

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (تیلیگراف)،، هیتلەر کوڕێکی هەبووە لە ژنێکی فەرەنسی . وەختێک هیتلەر لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ساڵی 1917 سەرباز بووەو لەجەنگ بووە لەگەڵ فەرەنسا، لە کاتی حەوانەوەیدا پەیوەندی لەگەڵ هەرزەکارێکی کچ پەیدا کردووە بە ناوی شارلۆت لۆبجی، منداڵێکی کوڕی دەبێت بەناوی (جان ماری لۆرێت). نهێنیەکانی هیتلەر کۆتاییان نایەت وسالانە هەواڵێک لەسەر ژیان وچارەنووس وکردەوەکانی بڵاودەبێتەوە.

# فیدڕاڵی بۆ ڕۆژئاوا

کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان، داوای فیدڕاڵی دەکەن، ئەم قسەیە خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی گەورەیە لە بزوتنەوەی کورد لەم پارچەیە، چونکە لەداواکردنی مافی پێدانی تەنها رەگەزنامە، بۆ پێدانی فیدڕاڵیەت. تەکانێکی گەورەی کێشەی کوردە لە سوریا. لەراستیدا پارچەی باشوری کوردستان وفیدڕاڵیەکەی ئاوێنەیەکی زۆر باش ورۆشنەو بەهادارە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا، چونکە کورد لەعێراق لەگەڵ عەرەب دەژیت، لەڕۆژئاواش بەهەمان شێوە، کورد لەعێراق لەگەڵ بەعس ئەزمونێکی هێجگار خوێناوی و دژواری هەیە، کوردانی سوریاش بەهەمان شێوە لەگەڵ بەعسی سوریا بەهەمان شێوە. بۆیە هەنگاوەکانی فیدرالی کوردی لەعێراق، جێگای وردبونەوەو بایەخن بۆ کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسوریا. پێویستە کورد لەم پارچەیەی بەردەست سوریا، زۆر بەزوویی شەڕی دەستوری خۆی بکات، پێش ئەوەی دەستور بنوسرێتەوەوشتەکە کۆتایی پێبێت، واتە ئەگەر رژێمی ئەسەد روخا، دەستوری تازە نوسرا،دوای ئەوە زۆر قورسە داواکاری کوردی جێگای بکرێتەوە لە چوارچێوەی سوریای دوای ئەسەد، کوردیش نابێت بیری بچێت ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وکۆمکاری عەرەبی زۆر دژی رژێمی سوریان، بەڵام کاتێک ئەسەد نامێنێت، بابەتەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وکۆمکاری عەرەبی زۆر هاوکاری وهەماهەنگی سیستەمی سیاسی تازە دەبن لەسوریا. کورد ئەگەر داوای فیدرالی دەکات، نابێت تەنها لەدروشم وکارتی سیاسیدا بیهێڵێتەوە، بەڵکو دەبێت بیکاتە چوارچێوەی فەرمی سیاسەت کردن لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی سوریا. بیکاتە نەخشەرێگای چارەسەری پرسی کورد. دەبێت کورد زوو فریای خۆی بکەوێت پێش ئەوەی دەرفەتەکان لەدەست دەربچن.

# ئەنجێلینا جولی و سەلما حایەک و جولیا ڕۆبەرتس دێنە کوردستان



**تایبەت بە (کوردمیلۆدی):** وا بڕیارە بەمەبەستی بەشداریکردن لە فیلمە جیهانییەکەی گۆرانیبێژ و سینەماکاری ناسراوی تورکیا بەرەگەز کورد "مەحسون کرمزگوڵ" لە بارەی شاری هەڵەبجە، هەرسێ ئەکتەری جیهانی "ئەنجێلینا جولی، سەلما حایەک، جولیا ڕۆبەرتس" بێنە کوردستان.
بەپێی ئەو زانیارییانەی (کوردمیلۆدی) لە کەسێکی ئاگادار لە پرۆژەکەی مەحسون کرمزگوڵ دەستی کەوتوون، ئەو هونەرمەندە بەنیازە بەهاوکاری لایەنی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان فیلمێکی سینەمایی جیهانی لە بارەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بەرهەم بهێنێت.
سەرچاوەکە ئەوەشی بە (کوردمیلۆدی)ی راگەیاند "فیلمەکە ئێستا لە قۆناغی نووسینی سیناریۆدایە، وا بڕیارە هەریەکە لە "ئەنجێلینا جولی، سەلما حایەک، جولیا ڕۆبەرتس" گەورە ئەکتەرانی هۆلیوود بەشداری ئەو فیلمە بکەن و بێنە کوردستان".
مەحسون و هاوکارانی بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە، لە ماوەی رابردوو سەردانی هەڵەبجەیان کرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر لەسەر شارەکەو کارەساتی کیمیابارانکردنی لە لایەن رژێمی بەعسی لە ناوچوو).

# ئیبراهیم غەریب هونەرمەندێکی لەبیرکراو



ئەو گەورە مۆسیقارەی کورد کە تائێستا کەسمان نایناسین تەمەنێک خزمەتی هونەری کوردی کردووە چەندین هونەرمەندی ناودار ئەو پێی گەیاند ئێستا کاری نانەوایی دەکات لە پاڵ هونەرەکەیدا .هەروەها خاوەنی 150 ئاوازە و چەندین ئاوازی کراوە بە گۆرانی و زۆرێکیشی ون بووە لەلایەن هونەرمەندانەوە . ئەم وێنەیە ئەوەی دەستە راست کاروان عوسمان کەمال محەمەد و ئەوەی کەمانەکەی پێیە ئیبراهیم غەریبە. شیاوی باسە ساڵانە ڤیستیفاڵ و چالاکی رێزلێنان لەکوردستان بەڕێوەدەچێت، بەڵام بەداخەوە زۆر کەسی داهێنەرو ماندوو تاوەکو ئێستا وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.

# فیلمی "ماڵی ئارام" دەکەوێتە پێشەوەی فیلمە پڕ داهاتەکانی ئەمەریکا




**ئاکانیوز:** لەناو ئەم حەوتووەدا بە پێی ریزبەندی فیلمە پڕ داهاتەکانی ئەمەریکای باکور، فیلمی "ماڵی ئارام" بە داهاتی 24 ملیۆن دۆلار چووەریزی پێشەوەی فیلمەکان. ئاژانسی رۆیتەرز گواستیەوە.
فیلمی "ماڵی ئارام" لە دەرهێنانی دانیال ئەسپینوزا و پاڵەوانیەتیی هەریەک لە دینزل واشنتۆن و رەیان رینۆڵدزە.
هەروەها فیلمی "پەیمان" بە کۆکردنەوەی داهاتی 23 ملیۆن و 600 هەزار دۆلار هاتە رێزی دووەم لە دەرهێنانی مایکڵ ساسی و پاڵەوانیەتیی راشیل ماک ئەدامز و چانک تاتوم.